## ئاگر بەردەدەن لە خانوویەک

دوو سێ شەو لەمەوپێش لە گوندی (قەڵامکایلی ژووروو)دا ئاگر دەنێن بەماڵی هەژارێکەوە. کە خەڵکی ئاواییەکە دەچن بەدەنگ هاوارەوە، ئاگرەکە بکوژێننەوە، دزەکان لە دوورەوە دەیاندەنە بەر تفەنگ و لێ ناگەڕێن تا خانووەکە دەسووتێ. بەڕاستی جێی داخە کە کەتنی وا ڕوودەدات لە لادێکەماندا. چونکە ئەم جۆرە ڕەوشت و کردەوە خراپانە ئەنجامیان دەگاتە سەرگەردانی و ماڵوێرانی گشت لامان. ئاخۆ بێگانەکان کە شتی وا ببینن یاخود ببیەن، چیمان پێ بڵێن؟... ئەمە نیشانەی پاشکەوتوویی و دڕندەییمانە!... براگەل بەسیەتی بەدکرداری! ئێمە کە خۆمان بۆ خۆمان باش نەبین، خودایش لەگەڵماندا باش نابێت. واتا هەموو دەم کز و بێ دەسەڵات و دارزاو و بێ دەرامەتمان دەکات!... بەڵام ئەوەیش بزانن کە (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم) تاوان و کەتن و گوناهکاری بۆ کەس پەسەند ناکات. ئەوی ئازاری کەسانی تر بدات و زیانیان پێ بگەیێنیت، پرسیش دەربارەیان دەکات دەیاندۆزێتەوە و دەیشیان دات بەدادگاه تا تۆڵەی بێکەس و هەژارانیان لێ بکاتەوە.

## لەشخۆشی

* شەو و ڕۆژێک کە بریتییە لە (٢٤) سات، بیکە بەسێ بەشەوە. (٨) ساتی دانێ بۆ نوستن. (٨) ساتی دانێ بۆ فەرمانکردن. (٨) ساتیشی دانێ بۆ حەسانەوە و خۆش ڕابواردن.
* لای کەمی هەفتەی جارێک بەلفکە و سابوون خۆت بشۆ.
* لە خواردن و خواردنەوەی خرۆشتی زۆر گەرم و زۆر سارد خۆت بپارێزە. ئەگینا تووشی نەخۆشی دێیت. هەروەها لە جگەرە خواردنیش خۆت بپارێزە. چونکە ئەو ژەهرەی تێیدایە، هانەی گەلێک نەخۆشی دەدات تووشمان بێت وەک (شێرپەنجە).
* بێجگە لەوە لە خواردن و خواردنەوەیشدا لە ئەندازەی لەشی خۆت دەرمەچۆ. تا تووشی نەخۆشی نەبیت. لە خۆرشتدا زۆر بایەخ بەسەوزە و میوە و بابەتی سوروشتی بدە وەک پەنیر و ماست و شیر و کەرە و هەنگوین و هێلکە.
* هیچ ڕۆژێک وەرزش و گەشت و گەڕان لەناو چیمەن و باخ و گوڵزاردا لەبیر نەچێ. چونکە جوولان و بای پاک و تیشکی ڕۆژ و دیمەنی جوان کەلکێکی زۆر بەتەندروستیت دەگەیێنن.

## ژینی کۆمەڵی

هەندێ خووی خراپمان

نووسینی: مەلا محەمەد قەشقە

١- تەمەڵی:

پیاوێک تا ئێوارە لە سێبەرێکدا بە(دامە)کردن و (ناوی خەڵک بردن) و فشە و گاڵتەوە کاتی خۆی



بەسەر ئەبات. کەچی کە ئێوارە منداڵەکانی داوای چێشت و چای لێ دەکەن دەڵێ: نییە. ئای چەند ناخۆشە ئەو وەرامە کە بەرگوێی ماڵ و منداڵەکەی دەکەوێت!؟. چەند ڕەزای ئەو باوکە گران دەبێ لەبەرچاویان؟!. هەروەها چەندیش پیاوەکە، خۆی، خەفەتبار ڕووزەرد ئەبێ؟!. جا کە وا بوو، بۆچی فەرمانێک ناکات کە کەلکێکی بێت و، ڕۆژانە (ڕزق)ی بگرێتە مل و، داماوی هیچ کەس و ناکەسێکی نەکات؟!... چەند خۆشە ماندوویێتی و ئاوڕەگ (عارەق) ڕشتن! بەڵام کە ئێوارە هاتیتەوە ماڵێ، منداڵەکانت تێر بگریت و دڵیان خۆش بکەیت!...

چەند ناخۆشە خەوتن و دانیشتنی بەرسێبەر و تەوەززەلی و، وشکە بەگزادەیی و هیچت نەبێ و، ژن و منداڵت بەداماوی برسێتی و ڕووت و قووتییەوە بهێڵیتەوە!...

٢- کرد و کۆشە:

هەندێکی ترمان هەن، وەک لە بەرەی مار و مێروو بن، هاوین، چییان هەبێت، گوێ نادەنێ، ئەیخۆن. بیر لە زستانە دوور و درێژە سەختەکە ناکەنەوە. ئەو بەرهەمەی لەبەر دەستیاندایە، سەرخۆشیان ئەکات، وەک هەر ئەو چەند ڕۆژەیان مابێ لە ژیندا، لەو کەشەدا هەمووی ئەخۆن. ئەمجا کە زستانی بەدبەخت دێت، بەسەرما و برسێتییەوە، تەنگەتاویان ئەکات، ناچار ئەبن، ڕوو لەم و لەو بنێن بۆ دەستگیرۆیی و یارمەتی، یاخود دەست پان کەنەوە بۆ خوازەڵۆکی.

٣- ڕووگیری:

ڕووگیری یان داگیرکردن باوێکی زۆر ناشیرینە لە ناوماندا. میوانێکی دێت چای بۆ لێ ئەنێت. هاوسێ و دراوسێیش لەم لاو ئەولاوە، دە، پانزە کەس لێی کۆ ئەبنەوە. ناچار خاوەن ماڵی بەسەزمان چای دە، پانزە کەس ئەدات. ئەگەر چاییان نەداتێ، بەچرووک و ڕژدی دائەنێن ناوی خراپ ئەکەن. ئەگەر چاییشیان بداتێ، ئەوە شەکر و چای مانگێکی خۆی و خێزانی بەساتێک بەفیڕۆ لە دەست دەردەچێ...

دە ئەم خووگرتنەمان بەڕیشی کێ ڕەوایە؟!...

## پەندی پێشینان

کۆکردنەوەی: حەسەن محێدین

* گۆشتی چاوی خۆت بخۆ و پرتە و بۆڵەی مەڕ سەربڕ هەڵمەگرە.
* یاخوا دەستی چەپیشت داماوی دەستی ڕاستت نەبێ.
* چەکی دەستت براتە و، گیرفانی باخەڵت ماڵتە.
* یەکێ نەکۆنی بوو، نە تازە. ئەیانگوت بەلەشی ساغی بدرێ.
* کە هیچی نەبوو بچێتە بازاڕ، کڵاو و جامانەکەی ناهێنێتەوە.
* ئەگەر کەسێ تەشی ڕێس بێت، بەقاچە کەرێکیش تەشی ئەڕێسێ.

## پێکەنینی قادرکەرەم

عەبدولعەزیز: (مەجید)، ئەمە چییە خۆت تووشی سەبیل کێشان کردووە؟!.

مەجیدی ئاوکێش: تۆیش دەتکێشا، لەم دواییەدا وازت لێ هێنا. خراپم کردووە جێگام گرتوویتەوە؟!.

## مەتەڵ

کۆکردنەوەی: عەبدولعەزیز ئیسماعیل

ئەمە چییە؟

١- (یەک)ی من، (دوو)ی خەڕات. خڕە خڕێتی: لە (پێش) و لە(دوا)ت. لە (تۆ)ی دەرئەکەم، ئەیخەمە (برا)ت.

٢- هەڵمەت دەبا بۆ پێشی. ددانی نیە بیکێشی.

٣- زەل زەیستان، قاڵی کوردستان، هەرچی هەڵی بهێنێ ئێسترێ بستان.

هەڵهێنان:

١- خەڕەکە. ٢- مەشکەیە. ٣- حەسیرە.

## دەنگی دەرەوە

* بەپێی نووسینی ڕۆژنامەکان، ئەڵمانەکان هوروژمێکی زۆر توندوتیژیان کردۆتە سەر ڕووسەکان و، لە خاکی ڕووسیادا، بەدەستوبرد پێش دەکەون.
* بەپێی قسەی ئینگلیزەکان، لە خاکی میسردا، پێنج میل ئەڵمانەکانیان پاشەوپاش گەڕاندۆتە دواوە.
* لە بابەت شەڕی ژاپۆنیا و بەریتانیا و ئەمریکاوە هیچی تازە ڕووی نەداوە.
* وەک لە ڕۆژنامەکاندا نووسراوە چینییەکان هەندێ جێگایان لە خاکی خۆیاندا لە ژاپۆنییەکان گرتۆتەوە.



## باسەڕە

ژمارە: (١٠)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/٢٧

## دەنگی قادرکەرەم

پیتاک

داخەکەم، ئەمە سێ چوار ژمارەیە لە ڕۆژنامەکەمان دەردەچێ، کەچی ناوی پیتاک لەناو ناواندا نییە. لە ڕاستیدا ژیانی خوێندنگا شەوی یەکەمان و ڕازاندنەوەی باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم، بەندە بەپیتاکەوە، کە لەلایەن دڵسۆزانی لادێیەکەمانەوە دەبەخشرێ. جا هیواداریین کە ئەوانەی دەستڕۆیی و جوامێرن مەیدانی کەم و کوڕیمان نەدەن و، نەهێڵن ئەم دوو دەسگا نازدارەمان لەدەست بچێ.

مردن

ڕۆژی شەممە، ١٩٤٢/٧/٢٥ (ئایشەخان)، خەسووی (مامۆستا مەلا محێدین) کۆچی دوایی کرد. خودا لێی خۆش بێت، ئافرەتێکی دڵسۆز و ڕەوشت پاک بوو. ئەمە بەسە بۆ ئەو کە لاوێکی وەک (نورەدین محێدین)ی پێگەیاند، کە خوێندکارێکی ڕەوشت پاک و زیرەک و کۆششکار دەرچووە و، هەموو ساڵێکیش لە زانستگاکەیدا بەیەکەم دەردەچێ. لە کەسوکاری ئایشەخان پرسە دەکەین. هیواداریشین کە کاک (نورەدین)، ساڵەکەی تری زانستگایەکەیشی، بەسەرفرازییەوە، تەواو بکات و، ببێتە فەرمانبەرێکی بەکەڵک بۆ نیشتمانەکەی خۆی.

ئاهەنگی شاگردان

ئیمشەو شاگردەکانی (خوێندنگای شەوی قادرکەرەم) لە (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم)دا کۆ بوونەوە، ئاهەنگێکیان گێڕا. بەگفتوگۆی خۆش و خوێندنەوەی (ڕۆژنامەی باسەڕە)وە کاتێکی خۆشیان بەسەر برد. لەوێدا مامۆستاکانیان سەرپەرشتی ئاهەنگەکەیان دەکرد و، شاگردەکانیان بۆ کردەوە و ڕەوشتی بڵند ئاراستە دەکرد. زۆر سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەین. خودا زوو بەئامانجی خۆیان بگەیێنێ و ئەندامانی وت و وریا و باشیان لێ پەیدا ببێ بۆ کەلکی نەتەوە و نیشتمانەکەمان.

## پێکەنینی قادرکەرەم

* خودا ڕاستە و ڕاستی دەوێ: توخودا (مەلا) تۆ و نووسراوە ئایینییەکانت. (یاشێخ) تۆ و پیرەکەت. (جووتیار) تۆ و دووسەد مەڕ و بزنەکەت. (ئەفەندی) تۆ و سدارەکەت و تەوالێتەکەت. (وەستا) تۆ و دەست و چەکوشەکەت... کامتان، بۆ بەندەکانی خودا، کەلکتان هەیە لەم ڕێی ژیانەدا؟!
* (گشتیان بەجارێک): هەر کەسێ دەگریت، بەخۆی دەڵێ: «باشم». ئایا ئەم پەندەت نەبیستووە کە

دەڵێ: «هەر لە عەرش هەتا قورش، کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترش» ؟!

## ژینی کۆمەڵی

گۆڕان

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

* تا ئێستە لەناو ئێمەدا ئەم وتەیە زۆر بەنرخ و گەورەیە کە دەڵێن: «فیسار کەس نەگۆڕاوە. هەر لەسەر ڕەوشتی کۆنی خۆی ماوەتەوە». یاخود بەسووکییەوە دەڵێن: «بەخودا دنیا خراپ گۆڕاوە». لەم دوو قسەیەدا زۆر بەهەڵەدا چووین و، هێشتا تێیان نەگەیشتووین. بۆ ئەوەی تێی بگەین نموونەیەکتان دەخەمە بەرچاو. سەیر بکەن براکان، ئێستە ئەگەر منداڵێک ساڵ بەساڵ لە لەش و هۆشدا نەگۆڕێ هیچ ئەبێتە پیاو؟. یان، ئەگەر ساڵ بەساڵ گەورەبوو و، هۆشیاری پەرەی سەند و زۆرتری لێ هات، ئەو دەمە دەبێتە پیاو و لە منداڵی تێپەڕ دەکات؟... ئەمجار تێ بگەن کە.

* (گۆڕان) دەبێ وابێ و، هەموو شتێک دەبێ بگۆڕێ. ئێمەیش ئەبێ بگۆڕێین لە ناتەواوییەوە بۆ تەواوی. لە نەزانییەوە بۆ زانایی. لە بێ هێزییەوە بۆ بەهێزی. لە نەبوونەوە بۆ بوون. ئەوەیش پێویستە تێ بگەین: کە ئەگەر لەگەڵ ژیان و چەرخدا نەگۆڕێین، وشک هەڵدێین و، لە شوێنی خۆماندا دادەڕزێین. ئەوساکە بێ دەست هەر دەبێ بەبێ دەستییەوە و، نەزان هەر بەنەزانییەوە بمێنێتەوە و، بێ هێزیشمان لە شوێنی خۆیدا وەک ناتەواویمان بمێنێتەوە.

* براکان! ئەمە واتای گۆڕان و نەگۆڕانە. سەرنجی ڕۆیشتنی (سەردەم) و (ژیان) بدەن، لە (ئادەم)ەوە کە بەپێی خۆی ڕێی دەبڕی و، بەدەستی خۆی زەوی ئەکێلا و، تۆوی ئەچاند و، بەرگەکەیشی پێستی مەڕ و بزن بوو. کەچی ئێستاکە پێشکەوتووەکان ئەوانەی کە گۆڕاون ، لە ڕەوشتی (باوکە ئادەم) لایان داوە، بەئۆتۆمبیل و فڕۆکە و کەشتی زەوی و ئاسمان و زرێی بێ سامان ئەبڕن و، تەنگی ڕێگە ئەکێشن و. لە جێگای هەوجاڕ و گاسنەکەی ئێمە، ماکینەیەک زەوی ئەکێڵێ و تۆوی ئەکات و، دروێنەی ئەکات و، ئەیکوتێ و ئەیباتە بازاڕی فرۆشتن. بەڵام نەک وەک ئێمە بەچوار مانگ ئەیبەین، بەڵکو بەدوو هەفتە!

جا سەرنج بفەرموون کام لامان کارمان کردووە و، کام لامان زیان؟ کاممان گەیشتووینەتە ئاسوودەیی و حەسانەوە؟ ئەی ئەبێ کام لامان بەخۆمانەوە بنازین؟ ئایا ڕوومان دێت بڵێین ئێمە کارمان کردووە، کە لە ڕاستیدا لە شوێن و ڕەوشتی باوکە ئادەم زۆر لامان نەداوە و، زۆریش نەگۆڕاوین؟. یان ئەوانە ڕوویان دێت بڵێن کاریان کردووە، کە خەریکن سەر لە ئاسمانەوە دەربکەن، ئەوەندە گۆڕاون؟...

تکا ئەکەم گوێ لەم واتە بگرن: «ئێمە ئەبێ بگۆڕێین: وەکو لە پێشەوە وتم، لە نەزانینەوە بۆ زانایی، لە نەبوونەوە بۆ بوون، لە ناساغییەوە بۆ لەشساغی، لە بێ هۆشییەوە بۆ هۆشیاری، لە بێ دەسەڵاتییەوە بۆ دەسەڵاتداری، لە ناخۆشی و بارگرانییەوە بۆ ئاسوودەیی و حەسانەوە... ئەم گۆڕانەش بەهەوڵ و تەقەلایەکی زۆر پێک دێت. ئەبێ بخوێنین، بیرمان بکرێتەوە. ئەمجار چاومان کەموکورتی ئەبینێ و، بۆ پێشکەوتن و گۆڕان هەوڵ دەدەین. کلیلی گۆڕانیش زانایییە کە بەخوێندن دەست ئەکەوێت.



## پەندی پێشینان

کۆکردنەوەی: حەسەن محێدین

* خودا کێو دەبینێ و بەفری تێ دەکا.
* مار پێی ببوایە جیهانی هەراسان دەکرد.
* برسی بووی پێخۆرت ناوێ. خەوت هات سەرینت ناوێ.
* سرکە تا ترش بێت بۆ قاپی خۆی زیانە.

## دەنگی دەرەوە

* لای میسرەوە ئینگلیزەکان بەرامبەر هێرشی ئەڵمانەکان وێستاون بەرەنگارییان دەکەن، هەوڵ دەدەن بیانشکێنن و بیانگەڕێننە دواوە.
* ڕووسەکان ئازایانە و بەهێزێکی تەواوەوە بەرگری لە لەشکری ئەڵمانەکان و ئەوروپاییەکانی تر دەکەن، کە یەجگار توندوتیژ و دەوڵەمەندن.
* وا دیارە نیشتمانپەروەرە گەورەکانی هیندستان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا زۆر ناکۆکن. ئینگلیزەکانیش لە هاواری ئەوەدان هیندییەکان دوای گەورەکانی خۆیان نەکەون. هەرچی گەورەکانی هیندستان لە دەمێکەوە بۆ سەربەستی و ئازادی هیندستان ڕەنج دەدەن. یەکێک لەوانە (جەواهێر لال نەهرۆ)یە، کە لەگەڵ ئەوەیشدا لە ناز و جیاز و دەوڵەمەندییەکی بێ شوماردا گەورە بووە، نیشتمانەکەی خۆی لەبیر نەچۆتەوە. چ خۆی، چ سامانەکەی، لە ڕێی دەستکەوتنی سەربەخۆیی هیندستاندا بەخت دەکات. زۆر جار گیراوە و لە بەندیخانەدا گیری خواردووە. بەڵام هەرگیز چاوی نەترساوە و کۆڵی نەداوە، بۆ ئامانجە پیرۆز و بەرزەکەی خۆی خەباتی کردووە. ئافەرین بۆ خۆیان و نیشتمانپەروەرییان.

## هۆنراوە

(دڵداری)

هەڵبەستی: شێخ عەبدولکەریم (خادیم)

ئەو قـامـەتـە شـۆخـەت کـە ئەڵێی سـەرووی ڕەوانە
پەروەردەی خـــاکـی ئیـــرەم و بـاغـی جـــەنـانـە
دوو قـەوسی برۆ و تیـری موژەت حـازری جـەنگن
دوو چاوی ڕەشت ئافـــەتی دەوران و زەمـــانـە
یەک تاری ســـەری زولفت هەزار دڵ ئەڕفـــێنێ
غـەدداره ئەڵێی تورکـە کـە ئەمنێـتـە نیـشـانـە
سـەد مـردوو بەیەک خـەندە ئەکـا زیندە بەجـارێ
بێ تەجـرەبە بیـبـیـنە مـەسـیـحی زەمـانـە

(خادیم) سەر و دڵ هەدیە بکە بۆ قەدەمی دۆست
بۆ دۆستی ئەم هەدیە بمێنێ بەنیشانە

***

## باسەڕە

ژمارە: (١١)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/٣٠

### دەنگی ناوەوە

بەختکردن

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٠٠ | ٠ | بۆ دەفتەر |
| ٠٥٠ | ٠ | بۆ قاقەزی ڕۆژنامە |
| ١٠٠ | ٠ | بۆ ئاوکێش |
| ٢٥٠ | ٠ | بۆ شەکر و چا |
| ٠٥٠ | ٠ | بۆ بەردی باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم |
| ٥٥٠ | ٠ | هەمووی |

کەواتە (١٠٦٥ - ٥٥٠) = (٥١٥) فلسمان ماوە لە سندووقی پیتاکدا.

### پێکەنینی قادرکەرەم

مەلا و حاجی دێی تالاو

نووسینی: حوسێن عەبدولکەریم

م: حاجی!... ئەم شەوە سێ شەوە بەتاریکی نوێژ ئەکەین لەبەر بێ شخاتەیی. شخاتەیەک نەبووە بۆ مزگەوتەکە؟!

ح: مەلا!... تۆیش لەم دێیە گەورەیەدا هەر منت بەر چاوکەوت؟... بۆ چ ملی یەکێکی تر ناگری؟

م: مام حاجی ئەو نوێژکەرانە هەموو سەپان و جووتیاری تۆن. تۆیش کە گەورەیانی و وەک ئەوان دەست کورت نیت، بۆ تۆ زۆر نییە شخاتەیەک بنێریت بۆ ئەم مزگەوتە، کە خۆت نوێژی تێدا ئەکەیت!

ح: باشە مامۆستا. شخاتەیەک بە(٦) فلسە. من چوار فلسی ئەدەم. ئێوەیش بەهەمووتان دوو فلسەکەی تری بدەن!.



## لەشخۆشی

خواردن

١- تا برسی نەبی مەخۆ. کە خواردیشت زۆر مەخۆ.
٢- خواردن بەسەر خواردندا مەخۆ. لە خواردنی توند و تیژ و قورس خۆت بپارێزە.
٣-کاتێک نان بخۆ، نەماندوو بیت، نە خەفەتبار و دڵتەنگ.
٤- لە پاش خواردن بەدوو سات، ئینجا دەست بکە بەنوستن یاخود فەرمانی گران.
٥- سەوزە لە پێش کوڵاندن و، میوە لەپێش گەیشتنیدا مەخۆ.
٦- تا پاروو باش نەجوویت قووتی مەدە. ئاو لەسەرخۆ بخۆرەوە.

## نەخۆشی کۆمەڵی

هەندێ ڕەوشتی ناپەسەندمان

نووسینی: مەلا محەمەدی قەشقە

لە هەموو دەردێ گەورەتر و، مایەی پاشکەوتن و دارِزانمان ئەوەیە: یەکێ باوکی دەستڕۆیشتوو بووە. ناوێکی گەورەی بۆ کوڕەکەی بەجێ هێشتووە. ئێستە کوڕەکەی نەدارا و بێ دەستە. کەچی لای ناشیرینە لەو دیوەخانە زلە نەگبەتە، کە باوکی بۆی بەجێ هێشتووە، دەربچێ و، دەس بداتە کار و فەرمانکردن، تا لەبرسا نەمرێ و نەکەوێتە دەس پانکردنەوە و، وای لێ بێ داماوی هەموو ناکەسێک بێ. جا کە وابوو، وا باشە زووتر بکەوێتە خۆی: شان بداتە بەر ئیش، تا داماوی کەس نەبێ، یا وا کەم دەس و ڕیسوا نەبێ.

بەڵێ. لە تیر و توانجی خەڵک ئەترسێ! بۆچ ئەترسێ لەوە کە بڵێین فەرمان ئەکات، یان کرێکاری ئەکات؟ بۆچ لەوە ناترسێ و شەرمەسار نابێت کە بڵێین دەست لە کەسانی تر پان ئەکاتەوە؟

یا پیاوێک باوکی کەم دەس، یا بێ دەستەڵات، یا نەزان بووە، ئێستە کوڕەکەی پیاوێکی تەواوە، یا زۆر دەسڕۆیشتووە، هۆشیار و زانایە، کەچی خەڵکی لای ئێمە ئەمەیان بەلاوە سەیر و سەرسوڕهێنەرە. کابرا ناتوانێ نەختێ هەنگاوێکی گەورەتر هەڵهێنێ، هەموویان لێی نەکەونە تیر و توانج گرتن!... ئەگەر کارێکی پیاوانە بکات ئەڵێین: تۆ باوکی خۆتت نەدیوە چۆن بوو؟... ئەگەر پیاویش بێت، خراپتری پێ ئەڵێین. جا ئەم جۆرە خووە پاشمان ئەخات. ئەگەر کەسێک باش بوو و پێشکەوت ئەبێ ئێمە باشی پێ بڵێین و خۆشمان بوێت و، بیکەینە پێشڕەو، تا هەموو کەسێک چاوی لێ بکات. سا هەر ئەو سایە دەست دەکەین بەپێشکەوتن.

## ناسکە قسە

* دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە.
* کەوڵ ئەگەر چاک بووایە بەشانی خاوەنییەوە دەمایەوە.
* کەسێ کەس بێت، وتەیەک بەس بێت.
* لە ڕێوییان پرسی کێ شاهێدتە؟ وتی: کلکم!
* بەرد لە شوێن خۆی سەنگینە.
* نە زۆر بلێ بە، نە کەم فەرمان.

## دڵداری

دڵداری بۆچ خۆشە؟!

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

چونکە تۆ کە (دڵدار) بوویت، دڵت پڕ لە هیوایە، ژیانت لا خۆشە، ڕووت گەشە. گفتوگۆت شیرینە، نرخی جوانی ئەزانی، شێوەی مانگەشەوت لا جوانە، سەیری گوڵزارت لا خۆشە، حەز لە گۆرانی و بەزم و ڕابواردن ئەکەی، هەموو دەم برای ئاشتیت، حەز لە درۆ و باسی خەڵک کردن و، ڕقەبەری و ناکۆکی ناکەی.

دڵت پاک ئەبێتەوە بەسۆزی دڵداری. ڕووناکی پیرۆزی یەزدانی ڕووی تێ ئەکا. ئاسمانت لا جوان ئەبێ، چونکی لە ڕووی یار ئەکا بەخاڵ و میلی شیرینەوە کە ئەستێرەکانە. تاریکە شەویشت خۆش ئەوێ، چونکی کاتی ڕاز و نیازە و، دەمی دیدارە، نەک کاتی گورگانە بۆ گۆشت خواردن. بەڵکو بۆ تازە بوونەوەی خۆشەویستی و تاوسەندنەوەی سۆز و هیوایە لە دڵتدا.

دڵداری نرخی شەو و ڕۆژ ئەزانێ و دەربەستی گەرما و سەرما نایە. دڵدارە جیهانی خۆش ئەوێت و، ماڵ و موڵکی ناوێ. دڵدارە تۆی خۆش ئەوێ. چونکە باشی، قسەخۆشی، یا دەنگخۆشی، یا زانای، نەک بۆ ئەوەی ماڵت هەیە و زۆرداری خاوەن تەخت و تاجی. دڵدارە ڕاستی بناسێ.

## دەنگی دەرەوە

* ڕووسەکان هەندێک ئەڵمانەکانیان، لەلای (فۆرۆنیش)ەوە، بردۆتە دواوە. لە زێی (دۆن) کردوویاننەتە ئەو بەرەوە.
* بەڵام لای (ڕۆستوون)ەوە ئەڵمانەکان بەچنگترن لە ڕووسەکان. پەیتا پەیتا چەک و لەشکر ئەنێرن بۆ سەربازەکانیان.
* لای میسرەوە، ئینگلیزەکان، خەریکن سەر ئەکەون بەسەر ئەڵمانەکاندا. نیازیشیان هەیە هێرش بەرنە سەریان.



* لە جەنگی (زریی هێمن - المحیط الهادی)دا شتێکی ڕاست نابیەین ڕۆژنامەی (زەمان)ی ڕۆژی ١٩٤٢/٧/٢٥ هەر باسی بۆمبابارانی هەوارگەی لەشکری ژاپۆنیا ئەکا لەلایەن فرۆکەکانی ئینگلیز و ئەمریکاوە.

## هۆنراوە

باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم

هەڵبەستی: حەسەن محێدین

وەک بەهەشتی تازە ڕازاوە بەئاڵ و سەوز و سوور
گەردنی ڕەعنا و قەنەفل و ژاڵەکانی وەک بلوور
بەرز و سەد تەرزە بەناز و نازناز و نێرگزی
خونچە سوخمەی ئاڵ و سووری لێ بووەتە نەخشی نوور
ورشەی نەسرین گەلاوێژێکە بۆ ناو باخەکە
دەنگی بلبل نایە بۆ سازی زەماوەند پڕ سروور
گوڵ کە تارای ئاڵی داداوە بەسەریا تۆ ئەڵێی
کوڵمی نۆ بووکە و پریشک هاوێژە بۆ نەزدیک و دوور
دەستی لاولاوە لە مل مینا بەشادی هەڵچووە
شۆڕەبی ملکەچ لەبەر پێی عەرعەردا چۆتە حزوور
سەیری چیمەن کە نەسیم کردوویە شانەی پەرچەمی
سەوز و زمرووتی چریسکەی دێ لە بان و خوارو و ژوور
بۆ سوپاسی (باخی گشت لایی) بەدڵ بێدار بن
(کۆمەڵی لاوی هونەرمەند) و (گەلی کوردی جەسوور)

## خواستی گەل

لەلایەن کاک (حەسەن محێدین)ەوە ئەم نامەیەمان بۆ هاتووە:

خۆزگە: وەک لە گوندەکانی (قادرکەرەم) و (قەڵامکایلی ژووروو)دا خوێندنگای شەوی کراوەتەوە، لە گوندەکانی (قەرەچێوار) و (قەشقە) و (قەڵامکایلی خواروو)یشدا ئەکرایەوە. چونکە لەو گوندانەدا خوێندەواری وا هەن کە بتوانن مامۆستایی بکەن. بەڵام خەڵکەکەمان لێبوردو نین. هەندێ لێبوردن گەلێک پێشمان دەخات.

جا هیوادارین کە لە سایەی جوامێری (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم)ەوە، ئەوانەیش پێک بێن. بژی ئەی لاوی بەنرخ. خوا هاوڕێت زۆر کات بۆمان.

ڕۆژنامەی باسەرە: ئێمە زۆر سوپاست دەکەین، کە ئەم پێشنیازە جوانەت پێشکەش بە(کارگێڕی لادێی

قادرکەرەم) و دانیشتووانی گوندی (قەرەچێوار) و (قەشقە) و (قەڵامکایلی خواروو) کردووە. بەڵێنیشت پێ دەدەین کە ئەوەندەی لە دەستمان بێت هەوڵ بدەین: پێشنیازەکەت جێبەجێ بکەین. لە خودای گەورە دەخوازین ئەم ئامانجەمان بگەیێنێ، تا دڵی تۆ و هەموومانی پێ خۆش ببێت.

***

## باسەرە

ژمار: (١٢)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٨/٣

## دەنگی قادرکەرەم

* پیتاک: مارف عەبدولکەریم (٥٠) فلسی دا بەسندووقی پیتاک. سوپاسی جوامێری دەکەین. بەهی پێشووەوە (٥٦٥) فلسمان لە سندووقدایە. چاوەڕوانی یارمەتی دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانین. چونکە سێ شتمان لە ئەستۆدایە:

یەکەم- (خوێندنگای شەوی قادرکەرەم): ئەم دەسگایەمان بۆ کەلکی (جووتیاران) و (کاراکان)ی لادێکەمان بۆ ئەوەی ژیانێکی پاکتر و چاکتر و بڵندتر بژین و، بەکار و کردەوەی نیشتمانپەروەرانەیشیان (کوردستان) ئاوا بکەنەوە و، سەری (کوردەواری)یش بەرز بکەنەوە.

دووەم- (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم): ئەم دەسگایەیشمان بۆ کەلکی نەتەوەکەمان دامەزراندووە، تا ئێواران بێنە ناوی و، کۆ ببنەوە و چاوی خۆیان بەتەماشاکردنی دار و درەخت و چیمەن و گوڵ و ڕێحانەکانی بگەشێننەوە، دڵی خۆیان ببووژێننەوە و، خۆشی بەلەش و هۆش و دەروونیان بگات و، باخچەکە ئاراستەیان بکات بۆ ڕەوشت و خووی جوان و، کرداری شیرین و، ژینی پەسەند و، نیشتمانپەروەری.

سێیەم- (ڕۆژنامەی باسەرە): ئەم دەسگایەیشمان بۆ هۆشیارکردنەوە و تێگەیاندنی نەتەوەکەمان دامەزراندووە، تا لە باری خوێ و لە باری نەتەوەکانی تری جیهان شارەزا ببێ و، بکەوێتە کرد و کۆشییەوە بۆ کەلک و پێشکەوتنی خۆی و، ژیانێکی شایستەی خۆی بژی کە تا ئێستا لێی بەش براو بووە.

* جا بەرێوەبردنی ئەم سێ دەسگایە، پارەی پێویستە. بۆیەکا لە مرۆڤدۆستان و نیشتمانپەروەران چاوەڕوانی یارمەتی دەکەین.

## لەشخۆشی

پاراستنی دەم و ددان

پێویستە (دەم) و (ددان) زۆر پاک ڕابگیرێن. ئەگینا دەبنە سەرچاوەی دەرد و نەخۆشی . لە پاش هەموو ژەمە خواردنێک، شتنی دەم و ددانمان بەئاو و سابوون، یاخود بەفڵچە و دەرمانی ددان، بەپێویست



دادەنرێ. دەم و ددان کە پاک ڕاگیران، بێجگە لەوەی لە نەخۆشی دوورمان دەخەنەوە، دیمەنیان جوان و شیرین دەردەکەوێ و، بۆنی ناخۆشیشیان لێوە دوور دەبێ و، کەسایەتیشمان بەهێزتر دەبێ.

## هەڵگرتنی دەسەسڕ

پێویستە هەرکەسەمان دوو دەسەسڕی لە گیرفاندا بێت. یەکێکیان دابنێ و بۆ دەس دەموچاو سڕین. یەکێکیشیان دابنێ بۆ لووت سڕین. پێویستە دەسەسڕەکان هەموو هەفتەیەک بشۆرێن. نایشبێ کەس دەسەسڕی خۆی بداتە دەست کەسێکی تر، نەوەک نەخۆشی لێوە پێ بگات.

## نەخۆشی کۆمەڵی

(چەوتی)

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

ئەگەر بەچاوێکی ورد و تیژەوە، بەڕاستییەوە بنوارینە خۆمان ئەبینین هەموو چەوتین. چەوتین لە ڕەوشت و خووماندا. خووی خراپمان زۆرە و، ئەمانەوێت چاکیش بین و چاکیشمان پێ بڵێن. چەوتین لە کار و فەرمانماندا. ئەمانەوێت مزەی ڕاستیمان بدرێتێ. هەروەهایش خاوەن ڕەنجبەرەکان لە تەک ڕەنجبەرەکانیاندا چەوتن. گەلێک جار مزەی ڕەنجبەرییەکەیان بەتەواوی نادەنێ و، لە فەرمان بێکردنیاندا دڵسۆز نین. وەکو ئەوان، دەسڕۆیشتووەکان و کریار و فرۆشیارەکانیشمان لە کاروباریاندا ڕاست نین. هی وایان تێدایە بەحۆقەی سلێمانی دەکڕێ و، بەحۆقەی ئەستەمووڵ دەفرۆشێ. یاخود بابەتی خراپ لێ دەگۆڕێت بەچاک و، لە نرخی خۆیت یەجگار زۆرتر پێ دەفرۆشێ. دڵی بەکریارەکەی ناسووتێ. یان کریارەکان چەوتی دەنوێنن. دێن لە کاتی داماوییاندا بەوام (قەرز) شتیان لێ دەسێنن، یاخود هەر پارەی رووتیان لێ وەردەگرن لە باتی دەغڵ و دان و ڕۆن و کاوڕ و خورییەک کە لە پاش چەند مانگێک بۆیان ببەن. کەچی کە کاتی خۆی دێ، گاڵتەیان پێ دەکەن. خۆیان لە خاوەن وامەکە ئەشارنەوە. ئەویش ناچار دەبێ سکاڵا دەباتە بەردەم دادگاە، تا بەهۆی ئەوەوە وامەکەی بسێنێتەوە.

ئا بەم ڕەنگە ڕاستی لە ناوماندا نەماوە. ئەگەر هەموویشمان چەوت دەربچین بەدووری نازانم. چونکە هەموومان لەگەڵ یەکتریدا چەوتی بەکاردەهێنین. بۆیەکا هەموومان لە یەکتر بەربووین، بۆ تۆڵە سەندنەوە!...

ئەگەر کریار ڕاست بێ، فرۆشیاری ڕاستی تووش دێ. فرۆشیاریش ئەبێ چاک بێ، ئینجا کریاری چاکی تووش دێ، ئەگەر جووتیار چاک بێ، ئاغای چاکی دەست دەکەوێ. ئەگەر ئاغایش چاک بێ، جووتیاری چەوتیش ڕاست ئەکاتەوە. سەرنج بدەن لە ڕاستی و چەوتی. (وام وەرگر) ئەگەر سەر ڕاست بێ، (وام دەر)، هەتا بێت، باشتر بۆی دەخووسێ و، زۆرتریش دەستی دەگرێت. ئەگەر هات و جاری یەکەم چەوت دەرچوو، دەشکێ و کەس ئیتر باوەڕی پێ ناکات، لە هەموو لایەک ڕەنجی بەبا دەچێت.

یان ئاغا ئەگەر چەوتی کرد، جووتیاریش لە تەکیدا ڕاست نابێ، دوایی لەسەر جووتیار پەکی

دەکەوێت. ئەگەر فرۆشیار چەوت بوو، کڕیاری کەم دەبێت. ئەویش لە ئەنجامدا نابووت دەبێ. هەروەها ئەگەر زانا بەڕاستی نەجوولێتەوە و، پێویستی سەرشانی خۆی بەچاکی بەجێ نەهێنێ بەرامبەر کەسانی تر، زانینەکەی مایە پووچ دەردەچێ و، لە ئەنجامیشدا ڕیسوا دەکرێ!... جا کە وا بوو هەر کەس چەوت بوو، خۆی زۆرتر زیانی لێ دەکەوێ. بەواتایەکی تر چەوتیی خۆی دێتەوە ڕێی. هەموویشمان دەیزانین کەس لە چاندنی تۆوی گەنم پەیکۆڵ نادروێتەوە. هەروەها لە چاندنی بەیکوڵێشدا گەنمی دەست ناکەوێت!...

## مەتەڵ

نووسینی: عەبدولعەزیز ئیسماعیل

ئەمە چییە؟

١- قەڵای گەچین ڕێ نییە تێی چین.
٢- قەڵای گۆشتین پێ پیلکەی ئاسنین.
٣- سوربەڵەکی شاییە.

هەڵهێنانیان:

١- هێلکە. ٢- ماینە. ٣- شاییە

## ناسکە قسە

نووسینی: حەسەن محێدین

* دوو گا لە دۆڵێکدا ناچنە پێستێکەوە، دەچنە خوویەکەوە.
* کەسێ بەزۆر بینێریت بۆ مازوو، بەداردا ناڕوانێ.
* مریشک خۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکات، کەس خۆڵی بەسەردا ناکات.
* گوێرەکەی ماڵ ئاووس گوێرەوسار دەبڕێت.
* نە بەژنی شایی، نە بەمانگای بەهار باوەڕت نەبێ.

## دەنگی دەرەوە

* ئەڵمانەکان چوونەتە ناو شاری (ڕوستون)ەوە، لەناو خاکی ڕووسیادا. ڕووسەکان لەناو شارەکەدا بست بەبست، بەکوشتارێکی بێ ئەندازەوە دەکشێنە دواوە. لە هەندێک شوێنیشدا ڕووسەکان ئەڵمانەکانیان بردۆتە دواوە.
* لەلای میسرەوە، ئینگلیزەکان و ئەڵمانەکان، هەردوو لا، خەریکی سوپیر هەڵکەندنن. هیچ لایەکیان لە هیچ شێوەیەکدا خۆی دەرنەخستووە.



* شەڕی ناو (زرێی هێمن - المحیط الهادئ)، هەر لە برەودایە. ئینگلیزەکان و ئەمریکاییەکان، لە لایەکەوە، ژاپۆنییەکانیش لەلایەکی ترەوە، هەردوو لا هێرش دەبەنە سەریەک. هەندێک کەشتی ژاپۆنییەکان نوقوم کراون. بەڵام وا دەردەکەوێ ژاپۆنییەکان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەچنگترن لە وان.
* گەلێک کەس دەڵێن ئەمساڵ دوا ساڵی جەنگ دەبێ.

## هۆنراوەی حاجی قادری کۆیی

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بێگانە لە تەرجومەی زبانی
ئەسراری کتێبی خەڵکی زانی
یەکسەر عولەما درشت و وردی
هیچ نەیخوێندووە دوو حەرفی کوردی
ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە
وەک دی لە زمانی خۆی نەزانە
مومکین نییە دەربچێ لە چنگی
حەتتا ڕەقەم و خەتی فەرەنگی
خاوەن کتێب و پەیامە هەر کەس
هەر ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس
ئێمە مؤمنین نەڕووسین
بۆچ کوفرە زمانمان بنووسین؟
میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین
غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین
قەومی جوو چاکە ئیتیفاقی هەیە
کورد بێ غیرەتی و نیفاقی هەیە

(ماوە)

***

## باسەڕە

ژمارە: (١٣)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٨/٦

### دەنگی قادرکەرەم

شەوی سێ شەممە کە بەر ١٩٤٢/٨/٤ دەکەوێت، دز چووبووە سەر ماڵی (خەجیجی حاجی). هەندێ کەلوپەلی دزرابوو. باڵبازخانە خەریکی پرسشە، تا دزەکە بدۆزێتەوە. جێی داخە کە یەکێک لە شاگردەکانی خوێندنگاکەمان بەدناو کراوە بەم تاوانەوە. بەڕاستی جێگەی شەرمەزارییە کە شتی وەها لە ناوماندا ڕوویدات، نەخوازەڵا کە تاوانەکە بخرێتە پاڵ شاگردێکی خوێندنگا. ئێمە بایەخێکی زۆر دەدەین بەدادپەروەری کە جێگای خۆی بگرێ. بەڵام هیواداریین شتی وا جارێکی تر ڕوونەداتەوە لە قادرکەرەمدا، کە بەتەنگەوەین ببێتە نموونە بۆ گوندەکانی ترمان لە ڕەوشت و کرداری چاکدا.

### لەشخۆشی

تف کردنەوە

لەناو ماڵ و دیواخان و جێگای گشتیدا (تف) مەکەرەوە. چونکە خوویەکی ناشیرین و پیسە، دڵی کەسانی تری پێ تێک دەچێ. هەروەها شوێنەکەیش پیس دەبێ و، نەخۆشیشی لێوە پەیدا دەبێ، ئەگەر دەسەسرێکی بۆ هەڵبگریت و تفەکەتی تێ بکەیت، یاخود لووتی پێ بسڕیت، کارێکی بەکەڵک بۆ خۆت و خەڵک دەکەیت. کەسانی تریش چاوت لێ دەکەن، کە لەوانەیە ئەم خووە زۆری پێ نەچێ لەناودا نەمێنێ.

### پاک و خاوێنی

پێویستە کەلوپەلەکانت هەموو دەم پاک و خاوێن بن. کەواتە زوو زوو بیانشۆ، تا بەچڵکنی نەمێننەوە. پیاوی چڵکن و پڵکن، زۆر نزیک دەبێتەوە لە نەخۆشی. کەسانی تریش بەچاوی سووکەوە سەیری دەکەن. تەنانەت بێزی لێ دەکەنەوە و، خۆیانی لێ دوور دەخەنەوە، کەواتە هەتا دەتوانیت لەشت و کەلوپەکانیشت پاک و خاوێن ڕابگرە، تا دڵتەنگی و نەخۆشی پێت نەگەن و کەسانی تریش حەز بەدۆستایەتیت بکەن.

### پێکەنینی قادرکەرەم

یەکەم: لەم هاوینەدا چۆن پشووی خۆت دەدەیت؟

دووەم: بەجووتیار و سەپان و وەرزێرەکان دەخوێنم.

یەکەم: خۆ من وام زانی بەشتێکی چاکەوە خۆت خەریک دەکەیت!.

دووەم: ئەمە خراپە، وریایان دەکەمەوە، تا لە دەست خوێڕییەکان خۆیان ڕزگار بکەن؟!.



## ڕەوشت و خوو

چاوتێری

نووسینی: مستەفای شێخ عەلی

ئەگەر ئەتانەوێ بحەسێنەوە و ئاسوودەبن و بەخۆشییەوە بژین، چاوتێربن. چاوتێری ئەوەیە: دڵت بەماڵی خۆت خۆش بێ و، کەمی خۆت بەزۆر بزانی و، چاوت لە ماڵی کەس نەبێ. لەگەڵ ئەو چاوتێرییەیشدا پشت لە هەوڵ و پێشکەوتن سارد نەکەینەوە. هەموو دەم ئارەزووی پێشکەوتن بکەین. بەو دەسمایە کەمەوە کە هەمانە خۆمان سەربخەین. خۆیشمان پەندێکمان هەیە، دەڵێ: «ماڵی زۆر سەر ناشکێنێ». چۆن؟... ئەگەر ئێمە هەوڵمان دا و، کۆششمان کرد و، بووینە خاوەن ماڵ و پارە، ئەگەر لە پێویستی خۆمان زۆرترمان هەبوو، دەتوانین بەشی کەم دەستانی لێ بدەین و، خوێندنگای پێ بکەینەوە. یان نەخۆشخانەیەکی پێ دروست بکەین. یان کارخانەیەکی پێ دابمەزرێنین، تا بەسەدان بێ کاری ولاتەکەمانی پێ بخەینە کار و فەرمانەوە و، لە برسێتی و داماوی ڕزگاریان بکەین. ئەمە بێجگە لەناوبانگی چاک کە هەتا سەر بۆمان دەمێنێتەوە.

کەسێ، با ماڵی زۆریشی ببێت، ئەگەر چاوی تێر نەبێ، هیچ خۆشی لێ نابینێ و، هەموو دەم خەفەتبار و دڵتەنگ و چاو چووە دەبێ. هەموو دەم چاوی لە ماڵی خەڵکی دەبێ. هەرگیز تێر نابێ. دەمی ناچێتە ماڵەکەی خۆی، تا خۆش بخوا و، خۆش بدڕێ و، چاکەی بەسەرەوە بکات. زۆریشی پێ ناچێ، ژیانی بەسەر دەچێ، کە هەمووی لە هەوڵ و تەقەلا و خەفەتباریدا بەخت کردووە بۆ پارە پەیداکردن. نەگەیشتۆتە ئاسوودەییەوە. نەناوێکی چاکیشی بەجێ هێشتووە. ئەمانە لەوێ بوەستێ، خودایشی ماوە لە ڕۆژانی ژیانی و پاش مردن و زیندووبوونەوەیدا چەند و چوونی لەگەڵ بکات و بەپێی تاوانی خۆی سزای بدات!...

### ناسکە قسە

کۆکردنەوەی: حەسەن محێدین

* دوای (چووە) خەفەت مەخۆ.
* گوێرەکەی هەژار گوێرەکەی دەوڵەمەند دەبەستێتەوە.
* کەسێک زۆر سەیری ناوگەڵی خۆی کرد، سەر و کلاوەکەی خۆی لە بەردەمیدا دەبینێ.
* هەر کەس کوڕی باوکی خۆیەتی.
* بەدترین کەس ئەو کەسەیە، کە خۆی چاکە نەکات و، چاکەی کەسانی تریشی پێ ناخۆش بێ.

## هۆنراوەی حاجی قادری کۆیی

(پاشماوە)

(چنگنە)ی ئێرە باوجوود کەرن
هەروەکو (دۆم)ی ئێمە دەربەدەرن
لەمە عاقڵترن بەسەد مەنسەب
هەتیوی خۆ ئەنێرنە مەکتەب
ئێستە کە ئامێرانی (کوردستان)
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
گشت هەتیوانی مەکتەبن یەکسەر
کوردەکان بار ئەکەن وەکو ماکەر
وا دیارە هەتاکو دنیا بێ
کوردەکان حاڵیان دەبێ وابێ
(جوو) چ قەدری هەیە لە نێو (کوردان)
غەیری لێدان و جوێن و تێهەڵدان

## دڵداری

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

بۆچی ئەمکوژی بەنیگای چاوت
هۆزار با زۆر بێ لە باخچەی ڕاوت
لە گوێ (باسەڕە) هەموو ئێواران
بۆ تۆیە سۆزم ئەر بەزمە و سەیران
بەنیگای دوورت لەسەر بانەوە
هەرگیز ئەمنێیتە بەر نیشانەوە
شێوەی تۆی لێیە (باخچەی گشت لایی)
ڕەعنا و لاولاویش کردیانە شایی
ناڵەی زامداری منیش لەوێدا
سەرتاپا ڕۆژم لەگەڵ شەوێدا
لە هوزار زوڵاڵتر چریکەی من
لەوێش کاریگەرتر دەردەکەی من
تۆ بێرە سەربان وا ئێوارەیە
دەمی نیگاتە و جار ئەم جارەیە



سەیری کەپرکەی: کاڵەک و شووتی
چەند تەرزی شۆخە و چەند بەرزە لووتی؟
پەراوێزەکەی قەراغ (باسەڕە)
وەک خامەکی سەوز جوان و تەڕە
نەء قەستۆرێکی ئاڵ و گوشادە
(باسەڕە)یش تێلی سورمەی سادە
دەفەرمووە سەربان دەمی نیگایە
تا پێشکەشتی کەم هەرچیم لەلایە
چونکی ناچارم تۆ لێم ئەسێنی
هێز و هۆش، بیرم لێ ئەفڕێنی
هەمو ئەخەیتە بەندی پەرچەمت
گەردنیان ئەبڕی بەئەبرۆی خەمت
دەرنگە ئازیز نێچیرەکەی تۆم
ئەنجامی ژینە و کوشتەی چاوی تۆم
ڕەنجەڕۆ نەبم وا ئێوارەیە
دەمی نیگاتە و جار ئەم جارەیە

## دەنگی دەرەوە

* ئەڵمانەکان لەناو خاکی ڕووسیادا زۆر چوونەتە پێشەوە. گەیشتوونەتە (قەفقاس). داوایان لە ژاپۆنیاییەکانیش کردووە لە پشتەوە هوروژم بەرنە سەر خاکی ڕووسیا.
* ڕووسەکانیش لە کانگای دڵیانەوە بڕیاریان داوە تا دوا هەناسەیان بەرەنگاری ئەڵمانەکان بکەن و، بستێ لە خاکەکەیان بێ خوێنڕشتن بەجێ نەهێڵن. هیوایان بەسەرکەوتنی دواییيان زۆر بەهێزە.
* لە خاکی میسردا ئینگلیزەکان و ئەڵمانەکان بەرامبەر یەکتر وەستاون، هەردوو لا خۆیان گورج دەکەنەوە بۆ جەنگ. یارمەتیش پەیتا پەیتا، بۆ هەردوولا دێت. هەر دوو لایش لە سوپەردان. ئەوەیش دیارە کە هێزی هەردوو لا زۆر گەورەیە و ماوەی هێرشی بێ پەروایان نەماوە.
* یەکە گەورەی (هیندستان) کە (غاندی)یە، بەئاشکرا داوای سەربەخۆیی هیندستانی لە ئینگلیزەکان کردووە. دەڵێ: دەبێ ئینگلیز لە هیندستان نەمێنێ. ئەم داخوازییانەی غاندی بەلای ئینگلیزەکانەوە زۆر گرانە. لەبەر ئەوە پێیی دەڵێن: «ڕێژگارو بووە!.» چونکی واتەی سەربەستی، بەئاشکرا، لە دەمی گەورەیەکی ڕۆژهەڵاتی، بەرەو ڕووی فەرمانڕەواییيەکی گەورەی زۆرداری ڕۆژئاوایی دەرچووە!... وامان دێتە پێش چاو (هیندییەکان) بەهۆی ئەو هەوڵ و ڕەنج و تەقەلایانەوە کە لەمەوپێشەوە داویانە و ئەیدەن، لەژێر سەرپەرشتی گەورە و دڵسۆز و جوامێرەکانیاندا، بۆ ئەمەی (سەربەخۆیی) و

(سەربەستی) بۆ نیشتمانەکەیان دەست خۆیان بخەن، لە ئەنجامی ئەم شەڕی جیهانییەدا بەکامی خۆیان دەگەن.

***

## باسەڕە

ژمارە: (١٤)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٨/١٠

## دەنگی قادرکەرەم

### خوێندنگای شەوی

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

* لەبەر ئەوەی شاگردەکان ئەچنە شایی و، لە مامۆستاکانیش (حوسێن عەبدولکەریم) چووە بۆ دەرەوە، هەر شەوی وانە (دەرس)ێک دەخوێندرێ: شەوێک ئەلف و بێ و، شەوێکیش ژمێر.
* ئاشکرایە کە یەکەم شەو بە چ خۆشی و جۆشێکەوە دەستمان بەپێخوێندن کرد. سوپاس بۆ خوا و هۆشیاری شاگردەکان، ئێستەیش شەو بەشەو.
* زۆرتر خەبات ئەکەین بۆ ئەم مەبەسە پیرۆزەمان. وا دەردەکەوێ شاگردەکان شیرینی خوێندن و زانینیان کەمێک چێشتووە. بۆیەکا لە وانەکانی (ئەلف و بێ) و (ژمێر)دا کەمێک پێشکەوتوون. خەریکیشن چاویان ئەکرێتەوە (ڕۆژنامەی باسەڕە)یش کە هەفتەی دوو جار بۆیان دەردەهێنرێ، هەر جارەی لە جارەکەی تر خۆشتر دێتە پێش چاویان. چونکە هەر جارە تەرحە تیمارێکیان دەکات.
* ئاشکرایشە لای خوا و هەموو کەس کە بەسایەی لاوچاکی و جوامێری کارگێڕی لادێکەمانەوەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم لادێیە ڕوو لە بەرزی و پێشکەوتن ئەکات. هەروەها بەسایەی ئەوەوەیە کە لە (قەلاّمکایلی ژووروو)یشدا خوێندنگایەک کراوەتەوە. مامۆستاکانی ئەم خوێندنگایەیش کە (ئیبراهیم محەمەد) و (بابا ڕەسووڵ محەمەد)ن شایانی سوپاسن لەبەر نیشتمانپەروەرییان، چونکە لەسەر ڕەوشتی خوێندنگاکەی ئێرە دەڕۆن. هەموو جارێک کە (ڕۆژنامەی باسەڕە)یان بۆ دەنێرین، ئەوانیش لەوێ بۆ شاگردەکانی خوێندنگا شەوییەکەی ئەوێ ئەخوێننەوە. لە ڕاستیدا ئەوانیش لە هەوڵ و کۆششیاندا بۆ نیشتمانەکەمان لە ئێمە کەمتر نین.
* ئیتر لە برانەوەی وتارەکەمدا سوپاسی بێ ئەندازە و نیازی سەرکەوتن و خۆشی ژیان بۆ برای گەورە و دڵسۆز جەنابی (شاکر فەتاح) پێشکەش ئەکەم.



## پێکەنینی قادرکەرەم

نووسینی: حەسەن محێدین

هەڵسەنگێنەری جووت: پار جووتەکەتم بە(کەر) نووسی، بەڵام ئەمساڵ بە(گا)م داناون.

جووتیار: ئەفەندی! خوا خۆشت کا. بۆچی پار بە(کەر)ت نووسیم و ئەمساڵ بە(گا). بەخوا ناچمە دەرەوە تانەمکەیتەوە بە(کەر)!!.

## ژینی کۆمەڵی

### هەڵپەڕکێ

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

ئەگەر بێت و وشکە پیاوێک بنوارێتە هەڵپەڕکێ کەرەکان، کە بەڕیزە گەورە و بچووک، دۆست و برادەران و هەرزەکان دەست ئەگرن، زۆر بەلایەوە شتێکی ناڕێک و هەرزەکارانەیە و ئەڵێ: «ئەمە کارێکە هەر لە شێت و بێ هۆشان ئەوەشێتەوە».

لەو کاتەیشدا خۆی بەپیاوێکی زانا و تەواو و گران دێتە بەرچاو!. بەڵام ئەو لەوە ورد نابێتەوە کە ئەو کۆڕە گەرم و بەزەمزەمەیە، ئەو دەستە نەرم و نیانانە ئەو دڵە خاوێن و پاک و پڕ سۆزانە، جێی پیاوێکی وەک ئەو دڵڕەق و بێ سۆز و لووت بەرز و نەزانی تیا نابێتەوە!... بەچاوی خۆم دیم: دوو پیاو، کەلەوە پێش چووبوون بەگژیەکدا، بێ ئەوەی کەسێک بچێتە ناوەندیانەوە و ڕێکیان بخاتەوە و، دەستیان بخاتە ناو دەستی یەکترەوە، خۆیان دەستی یەکترییان گرتبوو، بەسۆز و جۆشەوە هەڵدەپەڕین. ئەگەر من نەمناسینایە، وام زانی دوو برای خۆشەویستی یەکترین. بەگ و شێخ و مەلا و ئاغا و بازرگان و جووتیار و سەپان و کارا، یەکسانن. چونکە خوا وا دروستی کردوون. مەگەر هەر ئەوەندە لە یەکتر جیاوازبن کە خوا بەکەڵەگەتی و دەنگخۆشی و شێوە شیرینی لە یەکتر جوێی کردوونەتەوە. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ژیری و کارزانی خوا و کاری خوا، کەس دەسەڵاتی لەوەدا نییە. خوا وای داناوە: ئەبێ کەڵەگەت ژوور کورت بکەوێت، دەنگخۆش بچریکێنێ، دەنگ ناخۆش گوێ بگرێ. چ شتێکی تری وا هەیە لە وڵاتەکەماندا، وەک هەڵپەڕکێ، وا هەمومان بهێنێتە ریزی یەکەوە و یەکسانیمان دەربخات لە ناوەند (گەورە) و (گاوان)دا. هەموویان وەک یەک تەماشا بکەن و وەک یەکیش تەماشا بکرێن؟!. چەند ئاواتە لە دڵمدا: وەک لە مەیدانی هەڵپەڕکێدا یەکسان ئەوەستینەوە، لە هەموو مەیدانێکی تریشدا هەر وا بووەستاینەتەوە و، هەر کەسێ بە(بووە)ی خۆیەوە دەربکەوتایە و، دەسخەڕۆی باوک نەبووایە؟!

## خوداناس

سوێندی درۆ

نووسینی: مامۆستا مەلا ئەحمەد

لە هەر شوێنێکدا سوێندخواردن زۆر بوو، بزانە لەو شوێنەدا بەدخوویی و درۆ زۆرە. خەڵکی ئەو شوێنەیش هەموو لەگەڵ یەکتردا ناپاکن. سوێند چ بەدرۆ بێ و چ بەڕاست خواردنی جوان نییە. ئەگەر گفتوگۆکە ڕاست بێ، خاوەنەکەی سوێندیشی بۆ نەخوات، خەڵکەکە باوەڕی پێ دەکەن. ئەمەیش ئاشکرایە کە پیاوی ڕاستگۆ زۆر کەم سوێند دەخوات. لە ڕاستیدا هەر پیاوی ناڕاست و درۆزنە کە سوێند زۆر دەخوات، تا خەڵک باوەڕی پێ بکەن. خودای گەورە دەفەرموێ: «درۆزن دوژمنی منە و، لە ڕۆژی دواییندا ڕووی خۆش و بەخشین لە منەوە نابینێ». بێجگە لەوەی کە درۆزن و، ناڕاست، خودا هەر لەم جیهانەدا سزایان دەدات، لەبەر درۆزنییەکەیان و ناڕاستییان، سووک و چرووک دێنە پێش چاوان، دۆستیان پێوە نانووسێ، هەموو دەم تووشی ماڵوێرانی و نەبوونی دەبن.

درۆ چ سوودێکی هەیە، ئەگەر نەختێ لێی وردبینەوە؟. هەر بێ لێ وردبوونەوەیش دیارە کە ماوەی درۆزنی چەندە. خۆیشمان بێژەیەکمان هەیە دەڵێ: «درۆزن هەر جارێ ناشتا دەکا». لە هەموو ژیانی درۆزندا هەر یەک جار درۆکەی باوەڕی پێ دەکرێ. هەر ئەو جارەیشە کە هەموو ژیانی لێ تاڵ دەکات. تەنانەت ئەگەر ماڵیشی بسووتێ کەس باوەڕی پێ ناکات. تکاتان لێ دەکەم: بۆ کەمێک پارە، یاخود بۆ نەختێک چوونە پێشەوە لای پیاوێکی دەستڕۆیشتوو، یان بۆ خۆنواندن لەبەر چاوی کەسانی تردا، هیچ سوێندێکی درۆ مەخۆن. خۆتان بەڕاستی پیشانی هەموو کەس بدەن. ئەگەر واتان کرد لای خودا و خەڵک و لای کەسوکار خۆشەویست دەبن. ئەوساکەیش مافی خۆتانە کە پشت بەگفتوگۆ و کاروبارتان ببەسترێ.

## دەنگی دەرەوە

ئایا جووڵەکەی غاندی سەردەکەوێ؟

(غاندی)، داوای ئازادی (هیندستان) دەکات لە ئینگلیز. ئەمەیش داخوازییەکی ڕاست و ڕەوان و ڕەوایە. دوژمنەکانی (غاندی)، چ لە ئینگلیزەکان، چ لە هیندییەکان خۆیان، هەر چەندێ بەهێز و بەفڕوفێڵ بن، دەرەقەتی سەرداری گیانی هیندستان، (غاندی)، نایەن. پاشەجار غاندی هەر بەسەریاندا، سەردەکەوێ و، هیندستانیش، بەچاوی خۆی، بەئازادی و سەربەستی و سەربەخۆییەوە دەبینێ!...

## ناسکە قسە

نووسینی: حەسەن محێدین

* درۆزن هەر جارێ ناشتا دەکات.
* درۆزن ماڵیشی بسووتێ، کەس باوەڕی پێ ناکات.



* ئەگەر شەڕیشت کرد، جێی ئاشتی بهێڵەرەوە.
* (چاکە) بکە بە(چەک) و، لە ڕووی (کەس) و (ناکەس)دا ڕایوەشێنە.

## باسەرە

ژمارە: (١٥)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٩/٧

## هەواڵی قادرکەرەم

(تکا)

لەبەر کاروباری زۆر دەسمان نەپەرژا، ئەم چەندانە، ڕۆژنامەکەمان، باسەرە، دەربهێنین، لە خوێندەوارانی خۆشەویست تکا دەکەین کە بمانبەخشن.

شیرینی

لە پاش هاتنەوەی کارگێڕی لادێیی قادرکەرەم، لە ١٩٤٢/٨/١٢، کاک (مارف عەبدولکەریم)، کە یەکێکە لە دەستەی نووسەرانی (ڕۆژنامەی باسەرە)، بۆ شەکراو خواردنەوەی ژنهێنان چووە هەولێر. لە یەزدان دەخوازین کە ژیانی خێزانی بەخۆشییەوە بەسەربەرێ. لەم ڕۆژانەدا هاتۆتەوە قادرکەرەم. ماندوونەبوونی و پیرۆزبایی لێ دەکەین. خودا بەخورداری بکات.

ژنان و باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم

بۆ ئەمەی ژنانیش وەک پیاوان لە (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم)دا تێر گەشتوگوزار و سەیرانی خۆیان بکەن، لەژێر سەرپەرشتی خێزانی کارگێڕی لادێیی قادرکەرەمدا، بۆ چایی خواردنەوەی ئێواری، ئافرەتانی قادرکەرەم بانگ کرانە باخچەکە. ئێمە بەڕاستی ئەمە بەجوولەیەکی پڕ خۆشی و گەشی و هیوا دەزانین. خودا لە دەستە خوشکەکان، ئافرەتانی قادرکەرەم، پیرۆزی بکات. (کارگێڕی لادێیی قادرکەرەم)یش جارێ دا کە لەمەو دوایش هەموو (دووشەممان)ێک باخچەکە بۆ ئافرەتان تەرخان دەکرێ. ناهێڵرێ نێرینە لەو ڕۆژەدا بچێتە باخچەکەوە. ئێمەیش (خۆش هاتی) لەو خوشکانە دەکەین، ئەم ژیانە تازەیەیان لێ پیرۆز بێ. چونکە ئەمەیش هەنگاوێکە نیوەی کۆمەڵایەتییەکەمان بۆ پێشکەوتن دەبات.

خوێندنگای قادرکەرەمی میری

* لەم ڕۆژانەدا خوێندنگای قادرکەرەم، کە هی کوڕانە و بەرۆژ دەکەوێتە گەڕ، کرایەوە، داخەکەم هەر دوو مامۆستاکان (کاک ئیسماعیل) و (کاک شەفیق) گۆڕان. بەڕاستی ئەم دوو لاوە بۆ خوێندنگاکە هەوڵیان زۆر دەدا چ لەلایەن کارگێڕی لادێیی قادرکەرەمەوە، چ لەلایەن خەڵکی قادرکەرەمەوە گەلێک خۆشەویست بووبوون. خوا بکا هەموو دەم بەسەربەرزییەوە بیانبینینەوە. خودایان لەگەڵ بێ.

* لەجێی ئەوان (کاک عەونی) و (کاک ئیبراهیم) نێرراون. ماندوونەبوونیان لێ دەکەین و، هیوادارین کە هەر وەک ئەوانی پێش خۆیان بەتەنگ کەلک و چاکەی خوێندنگاکەوە بن و، خۆیان بچەسپێننە دڵی کارگێڕی و خەڵکەوە.

شەکر

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، بۆ ئەم مانگە وەرگرتنی شەکری خستۆتە شێوەیەکی زۆر ئاسان و ڕێکوپێکەوە. لە لادێکەماندا هیچ دێیەک نامێنێ شەکر وەرنەگرێ. بەڵام ئەو سەرۆک و کوێخایانەی کە بەشی لادێییەکان شەکریان نەداوە، لە مانگی پێشوودا، ئەم مانگە سزا دەدرێن.

پیتاک و بەختکردن

ئەم نیشتمانپەروەرانەی لە خوارەوە ناوبراون، لە مانگی پێشووی ئەم مانگەدا بۆ یارمەتی (خوێندەواری) لە لادێی قادرکەرەمدا ئەم دراوانەی خوارەوەیان بەخشیوە. لە کانگای دڵمانەوە سوپاسیان دەکەین. خودا لە دڵسۆزی و پیاوەتییان کەم نەکات:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٦٣٥ | ٠ | کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، شاکر فەتاح |
| ٢٥٠ | ٠ | مامۆستا ئیسماعیل |
| ٢٥٠ | ٠ | مامۆستا شەفیق |
| ٢٥٠ | ٠ | حاجی قادری دووکاندار |
| ٢٥٠ | ٠ | کاک مارف عەبدولکەریم |
| ١٥٠ | ٠ | پاشای دووکاندار |
| ١٥٠ | ٠ | کاک عەونی سەید کاکە |
| ١٥٠ | ٠ | کاک ساڵح نووسیار |
| ١٥٠ | ٠ | کاک حوسێن کەریم |
| ١٥٠ | ٠ | کاک عەبدولعەزیز |
| ١٠٠ | ٠ | حاجی مارف |
| ١٠٠ | ٠ | حەمە ساڵح زلێخا |
| ١٠٠ | ٠ | سەید حەمید شاووک |
| ٠٥٠ | ٠ | ڕەشید سەید حەمید |
| ٠٥٠ | ٠ | ئیسماعیل سەید ئەحمەد |
| ٠٥٠ | ٠ | سەید ئەحمەد عەبد |
| ٠٥٠ | ٠ | وەستا محەمەدی ئاسنگەر |
| ٠٥٠ | ٠ | ساڵحی لاوە |
| ٠٥٠ | ٠ | سەید ڕەشید |
| ٠٥٠ | ٠ | مستەفای سەید عەلی |
| ٠٥٠ | ٠ | ڕەزای سەید ساڵح |
| ٠٥٠ | ٠ | سەید عەلی |
| ٠٥٠ | ٠ | پاشکەوتی پێشوو |
| ٧٥٠ | ٣ | هەمووی |



لەم پارەیە (٣,٥٠٠) دیناری نێررا بۆ سلێمانی، بۆ کڕینی (٤) سرە و (٤) ڕیحلە و (٢) تەختەی ڕەش بۆ خوێندنگا شەوییەکانی (قادرکەرەم) و (قەرەچێوار) و (١٠) دانە ئەلفبای کوردی کەواتە (٣,٧٥٠ - ٣,٥٠٠ = ٢٥٠) فلسمان پاشکەوت دەبێ.

## پێکەنینی قادرکەرەم

ئەوانەی بەسەر دەمی خەڵکەوەن

کە خەڵک ناوی ئەم پیاوانە دێنێ، ئێمە ئەمانەمان بیر دەکەوێتەوە:

شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم: پیری جوان و جوانی پیر.

عەبدولکەریمی ئاغای زەنگەنە: زەبر و زەنگ.

حاجی مەجیدی ئاوباریک: نەوتی گل!...

حاجی شێخ یوسف: خەوەکەی فیرعەون لێک دەداتەوە. بچن بە(حاجی حەسەن بەگ)ی بگێڕنەوە!.

سەید تەقی: دوایی تەقی!...

مەلا تەقی: (لا یەتتەقی)!...

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم: فەرمانداری (قەرەقووش)!...

## سکاڵا

زۆرداری

لە ڕاستیدا ئێمە دیلی ژیانمانین. چونکە زۆرداری لە هەموو لق و پۆپێکی درەختی ژینماندا بنج بەست بووە. لە ژینی ژن و مێردیماندا دیلین. لە کوڕی باوک و کوڕیماندا دیلین. لە ڕابواردنی دۆستایەتی و ناسیاوێتی و دراوسێتیماندا هەر دیلین. لە گوزەران و هەڵسان و دانیشتنماندا هەر دیلین. لە گەورە و بچووکیماندا هەر دیلین... هەر دیلین... هەر دیلین... لەبەر ئەوە بۆ هەر کۆڕێک دەچین و لەهەر کۆمەڵێکدا دەبین: پشم و قین و، پیشخواردنەوە و ڕق و، گرژی و مۆنی و، دوژمنایەتی دەبینین... بۆیەکا شیرازەی کۆمەڵایەتیمان خەریکە بەتەواوەتی هەڵبوەشێ... بەکورتی: بۆیە لە پاشین!... جا ئەگەر بمانەوێ سەربکەوین، بام سەرلەنوێوە، ژن و مێردێتی لەسەر بنچینەی (سەربەستی) و (خۆشەویستی)

و(ڕێزگرتن) دابمەزرێنین. بام دەست بدەینە جەکوش و گاز و مشاری زانست و، یەکە یەکە ئەو زنجیر و کۆتەی دیلییانەمان ببڕینەوە و بشکێنین و خۆمان ئازاد بکەین لە دەست (زۆرداری)، تا بتوانین ئێمەیش وەک گەلانی تر بەخۆمان بلێین: «گەل»ین!...

## میوانداری

ئێمە گەلێکین بەمیوانداری و میواننەوازییەوە بەناوبانگین. بەڵام بەڕاستی – خۆپەرستی هەندێکمان میوانداری لە تام خستووە!... میوانیشی لەبەرچاوی پیاو خستووە!... لەبەر ئەوە زۆر دەترسم: ئەم کردەوە بەرز و پیرۆزەمان لەناودا نەمێنێ. لەم ڕۆژانەدا (جووتیار)ێکی بەسەزمان سوێندی بۆ خواردم، گوتی: «تا سێ ڕۆژی خشت، ئاغایەک بەخۆی و نۆ سوارەوە میوانداری پێ کردووم و خستوومیەتە سەر ساجی عەلی»!... یەکێکی تر بۆی گێڕامەوە، گوتی: «چەند پیاوێک لە حاجی و سۆفی و شێخ و بەگ، لە قرچەی نیوەڕۆدا، هەڵیان کوتاوەتە سەرم، خەو و حەسانەوەیان لە خۆم و ماڵ و منداڵم و دەسوپێوەندم بار کردووە!...».

جا ئەمە وا دەبێ؟!...

گەلێک جار بۆ دوژمنە گەورەکانت گەڕام – ئەی (کوردەواری)!...

بەڵام داخەکەم، کە باش سەرنجم دا، دوژمنەکانت (خۆت) دەرچوون!...

## هەواڵی دەرەوە

شەڕی جیهانی

* شەڕی جیهانی هەر لە جێی خۆیەتی. وا دیارە شەڕ بەم زووانە نابڕێتەوە.
پشێوی کەوتۆتە ناوەند ئەورووپا و هیندستانەوە.
* تورکیا سنووری قەفقاسیای قایم کردووە.
* عێراقیش جاڕی داوە: هەر کاتێ شەڕ نزیکی سنووری بووەوە، ئەویش خۆی دەخاتە کۆڕی جەنگەوە. دیارە لەگەڵ فەرمانڕەوایییە سوێندخوارەکاندا دەبێ.
* ئێران و تورکیا و عێراق، خەریکی گەنم کڕینن لە جووتیار و خاوەن گەنمەکان. پێویستە هەر کەسێ گەنمی زۆری هەبێ، چواریەکی بەفەرمانڕەوایی بفرۆشێ.
* لە عێراقدا ئینگلیزەکان بەڵێنیان داوە: هەر کەسێ (١٥٠) کەس بهێنێتە سەر سەربازی، خۆی دەکرێ بەسەرکردەیان و مانگانەیەکی باشیشی بۆ دەبڕێتەوە. لە (هەولێر)دا گەلێک ئاغا خۆیان پێشکەش کردووە!...



## گۆرانی

زەنگی زانست

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

(١)

بزرێرەوە، بزرێرەوە
زەنگی زانست بزرێرەوە
هۆشی خەوتووان بەهۆش بێرەوە
هیوام بەتۆیە مەسرەوتێرەوە

(٢)

لە پاش بانگی شێو بانگی زانستی
بۆ بانگکردنی گشت بۆ دەربەستی
پڕ بەدەمی خۆت وا هاوار ئەکەی
ئەی گەلی خەوتوو کەی تۆ هەڵئەستی

(٣)

بانگ کە دڵڕەقان دەسڕۆیشتووان!
بانگ کە نەزانان سەپان و شوان!
ئاغا نۆکەر و هەرزە و هەژاران!
بێنە خوێندنگا پاش نوێژی شێوان!

(٤)

هەموو گیرۆدەی تەنها دەردێکن
داماوی هۆشی تەنها مەردێکن
پێتان بخوێنێ جگەرسۆزتان بێ
پاش ساڵێکی تر هەر یەک مەردێکن

## قسەی پێشینان

* نە بای دیوە و نە باران.
* دار هەڵبڕی سەگی دز دیارە.
* پێی گوتم: «حەجم کردووە». گوتم: «کەی پارەی حەجەکەت دەردەهێنیتەوە»؟.
* سەیدێک پێی گوتم: «بەپێی ئایین هەر چییەکت هەیە پێنج یەکی بەر من دەکەوێ». منیش پێم گوت: «خەفەتم زۆرە، حەز دەکەیت هەموو بۆ تۆ!»...

# باسەرە

ژمارە: (١٦)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٩/١٠

## هەواڵی قادرکەرەم

شەکر

(٢٠٠٠) دوو هەزار کیلۆ شەکرمان بۆ هات، بۆ مانگی مشتاخان (ئەیلوول) بۆ ئەمەی خەڵکی ناوچەکە ئاگاداربن، ئەوا نرخی هەموو ڕەنگە شەکرێکمان پیشان دا. ئیتر بەم ڕەنگە، لەمەودوا، شەکر لە دووکاندار بکڕن:

هەر کیلۆیەک لە (شەکری خاکە) بە (٩٠) فلسە.
هەر کیلۆیەک لە (شەکری بلووری) بە(١٠٠) فلسە.
هەر کیلۆیەک لە (کلۆ) بە(١٥٥) فلسە.
هەر کیلۆیەک لە (شەکری کەللە) بە(١٥٥) فلسە.

پیتاک و بەختکردن

* لەلایەن (شێخ مەحموودی شێخ محێدین)ەوە (٤٥٠) فلس و دوو تەنەکە نەوتی سپی، لەلایەن (مامۆستا شەفیق) و (پاشا) و (شێخ مەحموود) و (شێخ ئیسماعیل)یشەوە (دوو چرای دەستی) پێشکەش بەخوێندنگا شەوییەکانمان کرا. لە کانگای دڵمانەوە سوپاسی جوامێرییان دەکەین.
* لەم پارەیە (٢٥٠) فلس نێررا بۆ کڕینی قاقەز و پێنووس بۆ خوێندنگای شەوی قەڵامکایلی ژووروو، کەواتە بە(٢٥٠) فلسەکەی پاشەکەوتی پێشووەوە (٤٥٠) فلسمان پاشەکەوت هەیە.

نووسینی گەنم

بەفەرمانی میری لە سبەینێوە کارگێڕی لادێی قادرکەرەم دەست دەکات بە(گەنم نووسین) تکا لە خاوەن گەنمەکان دەکەین تەقەلای گەنم شاردنەوە نەدەن. ئەگینا تووشی سزا دەبن. میری پاش جوێکردنەوەی گەنم بۆ بەشی ساڵێک بۆ خاو و خێزانی خاوەن گەنم و تۆوی ساڵێکی، هیچ گەنمێک مایەوە ئەوە دەنووسێ. پاشان ئەو گەنمە، بەنرخێک، کە کەس زیانی پێ نەگات، لەو خاوەن گەنمانە دەکڕێ مەبەسی فەرمانڕەوایی لەم گەنم نووسینە ئەوەیە: گەنمێکی باش کۆ بکاتەوە بۆ کاتی تەنگانە و گرانی. هەر کاتێ، خودانەخواستە خەڵکی کەوتنە بێ گەنمییەوە، یاخود گەنم بەجگار گران بوو، میری، وەک شەکرەکە، گەنم بۆ گشت لایەکی عێراق بنێرێ و، بەنرخێکی باش و هەرزانیش دابەشی بکات بەسەر بێدەست و هەژاراندا.



چوونەوەی مامۆستاکان

مامۆستاکانی خوێندنگای میری قادرکەرەم: کاک ئیسماعیل و کاک شەفیق ئیمڕۆ چوونەوە بۆ (کەرکووک). چەند دێڕێکیان بۆ ناردبووین لە ڕۆژنامەکەماندا بڵاوی بکەینەوە. ئەوا لە خوارەوە نووسیمان. ئێمەیش سوپاسیان دەکەین و داوای سەرکەوتنیان لە خودا دەکەین.

## سوپاس

ئێمە کە (کارگێڕی زانست) لە (کەرکووک)ەوە ڕەوانەی کردینە (قادرکەرەم) بۆ مامۆستایی لە خوێندنگای ڕۆژی قادرکەرەمان چاوپێکەوت لە ڕووخۆشییان دڵگوشاد بووین.

بەرامبەر ئەو چاکەیەیان و ئەو خۆشەویستییەیان زۆر سوپاسیان ئەکەین، بەتایبەتی کارگێڕی لادێ کە (شاکر فەتاح) و هەموو فەرمانبەران و سەرداری دێ، پۆست و نوشین (شێخ عەبدولکەریم) و لاوەکانی کوڕی و خزمی و هەموو خەڵکی دێ، زۆر سوپاسیان ئەکەین. خوا بەسەربەرزی بیانژیێنێت. هیوامان وایە مامۆستاکانی دوای ئێمە، بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خوێندنگاکە هەوڵ ئەدەن. وە بەرامبەر ئەم کۆششەیان بەری ئەخۆن. ئیتر هەموو لایەک بەخوا ئەسپێرین.

بەناوی خوێندنگای میری قادرکەرەمەوە

شەفیق، ئیسماعیل

## پێکەنینی قادرکەرەم

کە ناوی ئەم شتانە و ئەم پیاوانە ئەهێنن، ئەم شتانەمان بیر دەکەوێتەوە:

* سەید عەونی سەید کاکە: پیتاک!
* ڕەشید ئاغای گۆباغ: کفر ئەحمەد!
* سەید محەمەد عەلی کولەکانی: چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە!
* سەید جەوهەری زەردە: کوتەک دەزانێ قۆناخ لە کوێیە!
* مەلا کوێرەکان: باڵبازانی خودا. وەرسکەرانی موسوڵمانان. خوازەڵۆکانی خاوەن دەسەڵات. بازرگانانی ئایین!
* دێی جانی: سەرکێشی. گوناهکاری. تاوانباری!...
* جاسم حەیتەی ئیبراهیم غولام: عەبدوڵڵا ڕەشاد و خەوەکەی!...
* ساڵح زەکی نووسیار: «هەر کەسە بیر دەردی دار. دەگیرمانچی بێن دەردی وار!».
* کارگێڕی لادێی قادرکەرەم: فاتیحە بۆ گیانی مەلا کوێرەکان!. عیزرائیلی خوازەڵۆک و لاسارەکان!...

## سکاڵا

خوازەڵۆکی

بێگانەکان (کوردەواری) بەوە پەسند دەکەن کە بەخوازەڵۆکییەوە ناوبانگمان دەردەچێ. (خوازەڵۆکی) نەخودا پێی خۆشە، نە یاسا، نە ڕەوشتی مەردانە. چونکی (خوازەڵۆکی)، سەرشۆڕی لە دووە لەگەڵ ڕیسوایی و سووکیدا بەڵام، داخەکەم ئێمە دەچین یارمەتی ئەو خوازەڵۆکانە دەدەین و بەم یارمەتیدانەمان هەم لای خودا و هەم لای نیشتمان و گەلەکەمان خۆمان پیاوخراپ و شەرمەزار دەکەین. ئێمە ئەگەر ڕاست دەکەین دەڵێین مەرد و خوداناسین، پێویستە بچین بەگژ خوازەڵۆکیدا و خوازەڵۆکی تەفروتوونا بکەین. چونکە بەڕاستی خوازەڵۆکی (کوردەواری)ی سووک و ڕیسوا کردووە!... خستوتیە ژێر چنگی نامەردەوە و ئەوەندەی تر لات و نابووت و نەخۆش و دەردەدار و پاشکەوتووی کردووە!... بۆیاخچیمان بەزۆر بەتکا، بۆیاخ بەخەڵکی دەکات!... مەلا کوێرەکانمان بەبێ شەرمی و لاساری شت لە خەڵک دەسێنن! کۆڵ هەڵگر (حەماڵ)ەکانمان بەچەقاوەسوویی خەڵک ناچار دەکەن کۆڵیان پێ هەڵبگرن!. کۆلکە خوێندەوارەکانمان بەپاڕانەوە و دەست و پێ ماچکردن و بەرتیلدان خۆیان دەکەن بەفەرمانبەری میری و، خۆیان پێش دەخەن!. شاگردە تەمەڵەکانمان بەتکا و کلکە لەقێ و خۆفرۆتن و بەرتیلدان و قۆپیەکردن لە تاقیکردنەوە (ئیمتیحان)دا دەردەچن!... دەوڵەمەند و سەرەک هۆزەکانمان بەمەرایی و پشی پشی کردن و دیاری ناردن و میوانداری کردن، خۆیان لای فەرمانبەرانی میری دەبەنە پێشەوە، تا لە کاروباری چەوت و ناپوختەیان چاو بپۆشن و دوژمنەکانیان بەبێ گوناە بۆ بشکێنن!... ئەگەر ڕاستت دەوێت ئەم کردەوانەمان هەموویان کردەوەی خوازەڵۆکانەن! ئەمانە و هەزار جۆری تر لە کارەسات لە ناوماندا ڕوودەدات، کەچی ئێمە هەر چاو دەنووقێنین!.

براگەل! خەوتن بەسیە! گشت گەلێک پێگەیشت و بوو بەپیاو ئێمە تاکەی نەکەوینە خۆمان؟!

مەردین با ئەم (خوازەڵۆکی)یەمان لەناو بەرین، ئەگینا تا دەمێنین نابین بەپیاو!

## هەواڵی دەرەوە

* بەپێی ڕۆژنامەکانی عێراق هێزی دەوڵەتە سوێندخوارەکان لە ئەندازە بەدەر پەرەی سەندووە. ئەم دەوڵەتانە لە گەلێ لادا بەسەر دەوڵەتەکانی دوژمنیاندا کە بریتین لە ئەڵمانیا و هاوڕێکانی سەرکەوتوون.
* ئێستاکە شەڕی قورس کەوتووەتە لای ژووروری قەفقاسەوە. ڕووسەکان لەوێدا مەردانە بەرەنگاری ئەڵمانەکان دەکەن. بەم زووانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هێزێکی باش دەنێرێتە کۆڕی شەڕی قەفقاسەوە بۆ یاریدەی ڕووسەکان.
* ڕووسەکان (٣٠٠٠) تەن گەنمیان ناردووە بۆ ئێران، کە بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێ.

هێشتا سەرداری فەرمانڕەوایی عێراق لە خاکی (شەرقول ئەردەن)ەوە نەگەڕاوەتەوە.



## زانستی گشت لایی

ڕانک و چۆغە

جلوبەرگ لە ڕاستیدا، کار زۆر دەکاتە ڕەوشت و خووی پیاو. ئەگەر پۆشەنی توندوتۆڵ بێ، پیاویش گورج و گۆڵ دەبێ. خۆ ئەگەر شەپوشۆڕ و پانوپۆڕ بێ، پیاویش خاو و خلیسک دەبێ. جا چونکە جیهان پڕی دەرد و سەرئێشە، پیاو ئەگەر جەربەزە و چالاک و وریا نەبێ، تێیدا ناژی و هەموو دەم بەش خورا و دەبێ. لەبەر ئەوە پێویستە لە ڕووی بەرگ و پۆشەنیشەوە ئێمە ماوەی گێژ و وێژی و خاو و خلیسکی خۆمان نەدەین. تا بتوانین بەرگی توند و تۆڵ و ڕەنگاوڕەنگ و پەسەند لەبەر بکەین. تا هەموو دەم چست و چالاک و گەش و دڵخۆش و کارگوزار بین و، بەدڵێکی پڕ هێز و کۆششێکی مەردانەوە پەلاماری کاروباری خۆمان بدەین.

داخەکەم بەرگ و پۆشەنی ناوچەکەمان پیاو بەرەو تەمەڵی و خاو و خلیسکی زۆرتر دەبات لە ئازایی و وریایی. ئەم کەوا و سەڵتە و پاڵتۆیە و، ئەم کراس و دەرپێ فراوانە، بەرگی کاروباری پوختە و گورج و گۆڵانە نییە. بەرگی زگی تێر و ماندوو حەسانەوە و تەمەڵییە. خۆزگە خەڵکی ناوچەکەمان چاویان لە کوێستانییەکانی برایان دەکرد، ئەمانیش (ڕانک و چۆغە) و پەستەکیان دەپۆشی. جا ئەوسا دەیانبینی کە ژینیان بە چ جۆرێک دەگۆڕێ. (ڕانگ و چۆغە) بەرگی کارگوزاری و دلاوەری و تەنگانەیە. ڕانک و چۆغە باوی نیشتمانەکەمانە. ڕانک و چۆغە دەستکردی خۆمانە ئەو کەسەی ڕانک و چۆغە لەبەر بکات، بێجگە لەوەی بەکاری خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی دێت، بەکەلکی نیشتمانەکەیشی دێت. چونکە هەم پارەی بۆ دەگێڕێتەوە، هەم هونەرمەندی!.

***

## باسەڕە

ژمارە: (١٧)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٩/١٤

## هەواڵی قادرکەرەم

نرخی شەکر

لە ژمارەی پێشوودا نرخی هەموو جۆرە شەکرێکمان نووسیبوو، تا کڕیاریش و فرۆشیاریش ئاگادار بکەین. بەڵام وەک زانیمان لە کاتی فرۆشتندا لە نرخی خۆی هەر کیلۆیەک (١٠) دە فلس زۆرتر سەندرابوو. کە کارگێڕی لادێی قادرکەرەم بەمەی زانی، دەستبەجێ بەدووکاندارەکانی ڕاگەیاند کە لەو نرخەی لەوەپێش میری بڕیوبەتەوە زۆرتر نەسێنن. بێجگە لەوە هەر کڕیارێکیش لە نرخی خۆی زۆرتریان لێ سەندووە کە هاتنە سەریان بیاندەنەوە. جا ئەوا بۆ هەموولایەکی ئاشکرا دەکەین، تا ئەو کڕیارانەی

زۆرتریان لێ سێنراوە بچنەوە سەر دووکاندارەکان مافی خۆیان لێ بسێننەوە. ئەگەر دووکاندارەکان مافەکانی نەدانەوە، بچنە لای کارگێڕی قادرکەرەم مافەکانیان لە دووکاندارەکان بۆ بستێنێ.

گەڕانەوەی کارگێڕ

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، لە پاش ئەمەی ناو گوندەکانی (جەباری) و بەشێک لە (شێخانی)ی پشکنی بۆ گەنم نووسین، گەڕایەوە. لەبەر ئەمەی کەسی نەدۆزیبووەوە گەنمی زۆرتری هەبێ لە پێویستی خۆی، هیچی لەسەر کەس نەنووسیبوو.

خوێندنگای میری

ئیمڕۆ مامۆستای تازەی خوێندنگای میری قادرکەرەم کاک (ئیبراهیم ڕەواندزی) بەماڵەوە گەیشتە قادرکەرەم. دەمودەست دەستی دایە فەرمانی خۆی، هیوادارین ئەو و کاک عەونی سەید کاکە، پێکەوە، لە پێشخستنی خوێندنگاکەدا سەرکەوتوو بن. ماندوونەبوونی لێ دەکەین.

## مژدەیەک بۆ هەمووان

* مژدەبێ لە هەمووان (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم)، لەم گەڕانەیەدا کە بەناوچەکەماندا کردبووی، لە دێی (قەشقە) گفتی لە گشت پیاوەکان سەندووە کە خوێندنگایەک لە (قەشقە)دا بکەنەوە و، چەند دینارێکیشی بۆ کەلوپەل و نووسراو و پێنووس بۆ کۆ بکەنەوە. تەنانەت هەتا کارگێڕ لەوێ دەبێ، نزیکەی دوو دینار لەو پارەیە کۆ دەکەنەوە. ئەمەیش بۆ ئەمەی بەرەنگاری نەخوێندەواری بکرێت لە قەشقەدا.

* هەروەها (شێخ حوسێنی سەید و محەمەدی جەباری)یش بەڵێنی بە(کارگێڕ) داوە، لە گوندەکەی خۆیدا، کە ناوی (وەستا خدر)ە، خوێندنگایەک بکاتەوە بۆ بەرەنگاری کردنی نەخوێندەواری لەوێدا.

* ئەمەیش مژدەیەکی خۆشە براگەل! ئەم جوولەیە زۆر گەورە و پیرۆزە. زۆری پێ ناچێ چرای زانست هەموو کون و قوژبنی لادێکەمان ڕووناک دەکاتەوە و، بەری شیرینی ئەم کارە مەردانەیە پێ دەگات. ئەوساکە تێی دەگەین چەند شیرینە. خودا کاکی دڵسۆز جەنابی (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم) هەر خۆش بکات.

## خوێندنگای قەڵامکایل

نووسینی: ئیبراهیم محەمەد

لەگەڵ خوێندنگای قادرکەرەمدا ئێمەیش خوێندنگایەکمان لە قەڵامکایلدا کردەوە، بۆ بەرەنگاری کردنی نەخوێندەواری، بەشەو وانامان تێدا دەگوتەوە. تەخت و سەرەیشمان لەسەر ئەرکی خۆمان کڕی. ئێستە داماوین لەسەر هۆدەیەک وانای تێدا بڵێینەوە. بەڵام خەڵکی گوندەکە لە یارمەتیداندا زۆر سستن، بەڵکو هیچ یارمەتییەکمان نادەن. بێجگە لەوە گەلێک لە شاگردەکانیشمان خوێندنیان بەجێ هێشتووە. وا دیارە ئەوانە هیچ نرخێک بەرەنجەکەمان نادەن کە ئێمە بەخۆڕایی بۆیان دەکێشین بۆ ئەمەی



کەلک و چاکەیان پێ بگەیێنین. بەڵام خۆشبەختانە چەند کەسێک لەوانە هاتوونەتە کۆڕی یارمەتیدانمانەوە:

بەسایەی چالاکی (محەمەد ساڵح سەید ئەمین) و (محەمەد سەید حەسەن) و (محەمەد سەید مەحموود) و (موحێدین سەید مەحموود)ەوە پێنج سەد خشتێک و سێ چوار بار قامیشمان بۆ پێک هێنراوە. هیوادارین بەسایەی یارمەتی ئەم پیاوانە و چەند کەسانێکی ترەوە، وەک (ڕەحمان) و (عەبدڵڵا سەید قاسم) و (خدری سەید مەحموود)، هەموو ناتەواوییەکی تری پێک بێت و ناوی بەجێماوی (قەڵامکایل) دەربخەن و، دڵی (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم) و (مامۆستا)کەیان خۆش بکەن.

ڕۆژنامەی باسەرە:

ئێمەیش لە کانگای دڵمانەوە سوپاسی ڕەنج و تەقەلاتان دەکەین و داوای سەرکەوتنتان لە خودا دەکەین.

## ژینی کۆمەڵی

پێویستییەکی تاکانە لە کۆمەڵایەتیدا

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

دانیشتووانی گوندی قادرکەرەم ئەگەنە هەزار کەس. بەم هەزار کەسە کە لە شوێنێکدا جێگیربوون و ڕەوشت و خوویەکیان هەیە و، ئارەزوویەکی جیاوازیان هەیە لە چاو شوێنێکی تردا، دەڵێین (کۆمەڵ) ئەم کۆمەڵە لە تاک پێکهاتووە. تاک من و تۆ و فیسارە من ئاغا، تۆ جووتیار، ئەو بازرگان، ئەو گزیر، ئەو ئاسنگەر، فیساریش خوێندەوار و زانایانە. هەریەکەمان فەرمانێکی هەیە، کە پێویستە لە کات و شوێنی خۆیدا لە شێوەیەکی ڕێک و ڕاستدا بەجێی بهێنێ.

ئینجا (کۆمەڵ) دەحەسێتەوە. ئاغا بۆ تیمارکردنی هەموو دەردێک بەتەنگەوە بێت، چارەی بکات. گزیر بەرتیل خۆر نەبێت، کەس بەدرۆ گرفتار و، کەس بەدرۆ ڕزگار نەکات. جووتیاریش زەوی خۆی بەدڵێکی گوشاد و باوەڕێکی چاکەوە بکێڵێ، چاوی لە دەستی خۆی بێت. ئاسنگەریش گاسن و داس بەنرخێکی وا دروست بکات: نە شیش بسووتێ و نە کەباب. جووتیارەکانیش زوو ڕاهی بکات. بازرگانیش نابێ بەو گەز و جاوەی بەدەستییەوەیە بمانخاتە حاڵی گەز و جاو. با لە دە فلس، فلسێک سوود وەربگرێت، بێگومان گوزەرانی بەچاکی پێک دێت و، ئێمەیش ناچینە ژێر باری وام (قەرز) و سوودی ئەوەوە. خوێندەوار و زاناکانیش لە هەموو کەس بارگرانترن، دەبێ بەرەنگاری هەموو چەوتی و درک و خۆرەیەکی (کۆمەڵایەتی) بکەن. دەبێ لە سووککردن و ڕیسواکردن و جوێندان و تێهەڵدانی ئەم و ئەو چاویان نەترسێت. دەبێ ڕاست و ڕاستناس بن. پێمان بخوێنن، هۆشمان بهێننەوە بەرخۆمان. جا ئەمەیە (پێویستی تاکانە لە کۆمەڵدا) و بەم ڕەنگەیش کۆمەڵایەتییەکەمان دەکەوێتە سەرەوتەوە و، بەئاسوودەیی دەژی.

## خانووەکانمان

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

وا هاوین تێپەڕی و چووینە ناو قورگی پایزەوە. ئەمدی خانوویەک لە خانووەکانمان بڕمێ و بەتەرحێکی جوان و شیرین و بەرز و پەنجەرەدار دروست بکرێتەوە. وا دیارە ئەو هەموو نووسینەمان لەسەر خانوو نووسی کەسێک پەیڕەوی نەکرد!. بەڕاستی بزانن کە ئێمە نابێ هیوای هیچ خۆشی و بەرزییەک بکەین لە خۆمان، هەتا هۆدەی دانیشتنمان باگیر و پەنجەرەدار و پاک و خاوێن نەبێت. چونکی خانووی تاریک و نزم دڵتەنگ دەکات و، هەر کەسێک لەو شوێنانەدا بژی هەموو دەم ڕووترش و گرژ دەبێ!.

## پێکەنینی قادرکەرەم

* میوان: هەرچەندە بەو پیاوەیشمان گوتووە ئیمشەو دێینەماڵتان بەڵام (حاجی)، تۆ چونکە تازە هاتوویتەوە، دێینە ماڵی تۆ!...

حاجی: نەء، خوا خۆشتان بکات، پێویست بەو ماندووبوونەتان ناکات. وا لێرە چاومان بەیەکتر کەوتووە. بچنە ماڵی ئەو!...

## قسەی نەستەق

* ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش.
* دۆم بێ و کەڵاش بۆ خۆی بکات!
* پیاوی هۆشیار نووسراو (کتێب) بۆ لەمەوپاش دەگرێتەوە!...
* گاوان بەگاوانی شەرمی نەدەهات، بەنانە چنینەوەکەی شەرمی دەهات!

## دوو موژدەی خۆشی تر

لەم کاتەدا کە خەریک بووین ڕۆژنامەکەمان تەواو بکەین، دوو موژدەی ترمان بۆ هات:

(١) دانیشتووانی دێی (قەرەچێوار)یش دەماری نیشتمانپەروەری گرتنی و بڕیاریان داوە بەم زووانە (خوێندنگایەکی شەوی) بۆ گوندی (قەرەچێوار) بکەنەوە. (شێخ حەسەنی موحیێدین) دەبێتە مامۆستا و (عەبدولوەهابی شێخ عەبدولکەریم)یش یارمەتی دەدات.

* ڕۆژنامەی (باسەڕە) لە کانگای دڵەوە ئافەرین و پیرۆزبایی پێشکەش دەکات. لە خودامان دەوێ سەرکەوتووبن.

(٢) (دەسگای زانستی کەرکووک) نووسیویەتی بۆ کاربەدەستی خۆی، داوای لێ کردووە ڕێ بدات (پۆلی شەشەم) بۆ (خوێندنگای میری قادرکەرەم) بکاتەوە. ئەگەر بکرێتەوە پێشکەوتنێکە بۆ قادرکەرەم. ئێمە لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە ئەم ئاواتەیشمان بێتەدی.

***



## باسەڕە

ژمارە: (١٨)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٩/١٧

## هەواڵی قادرکەرەم

گەنم نووسین

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، لە پاش ئەوەی گوندەکانی (هۆزی جەباری) و بەشێکیش لە گوندەکانی (هۆزی شێخان)ی پشکنی، چووە ناو گوندەکانی (هۆزی زەنگەنە)وە. دیسانەوە تکا دەکەینەوە، هەموو کەس دڵنیابێت لەوە کە ماوە نادرێ زۆرداری لێ بکرێ، لەبەر ئەوە هەر کەسێ گەنمی هەیە نەیشارێتەوە.

## خوێندنگای شەوی قادرکەرەم

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

وەک سەرنج دەدەم: وردە، وردە، شاگردەکان لە سستی و ساردبوونەوەدان. لەبەر ئەوە زۆر دڵتەنگ بووم، چونکە خۆم ڕەنجەڕۆ دێتە پێش چاو، کە ئەم کردەوەیە دەبینم. نەک هەر من، بەڵکو لە من زۆرتریش جەنابی کارگێڕی لادێی قادرکەرەم و، گەنجەکان و خەڵکی ناوچەکە بەفەرمانبەر و پیاوەکانی ترەوە، بۆ ئەم کارە پیرۆز و پەسەندە خۆیان بەخت کردووە، بۆ خزمەتکردن بەپارە و ماڵ، بەمێشک و لەش و زبان،... کەچی شاگردەکان ئەیانەوێت دڵمان بریندار بکەن و هەناسەساردمان بکەن. بەڵام ئێمە دڵمان سارد نابێتەوە. بەڵکو زۆرتر بڵێسە ئەسێنێ. کۆڵیش نادەین تا کارێ وا دەکەین، نەک هەر شاگردەکان، بەڵکو کەسانی تریش کێش بکەین بێنە خوێندنگاکەمان. وا (چوار دینار چارەکێ کەم) پارەمان ناردووە بۆ کڕینی تەختە و سرە و ڕیحلە و، شوێنیشمان داناوە بۆ زستانیان لە خانووی (شێخ عەبدولعەزیز ئیسماعیل)دا... مامۆستا (مەلا ئەحمەد) و (شێخ عەبدولعەزیز) دەبنە مامۆستای شاگردەکان پێیان دەخوێنن. هەرچی پێنووس و نووسراو و قاقەزیشە، وەک هەتا ئێستا کەم و کورتییان نەبووە، لەمە و دوایش چاکتر بۆیان ئامادە دەکرێ. نە گەنجەکان، نە پیاوەکانی لادێکەمان، لەم ڕووەوە لە مەردایەتی و جوامێری خۆیان درێغی ناکەن، یارمەتیمان دەدەن.

ئیتر ئەی شاگردینە! ئەگەر سستی بکەن، خودا لێتان بێ دەنگ نابێ، بێگومان بن لەوە کە سزاتان دەدات.

# ژینی کۆمەڵی

پیاوەتی و پارە

نووسینی: مارف عەبدولکەریم

زۆر کـەس هەن  پیـاون بەڵام پارەیان نییـە. زۆری تریش هەن پارەیان زۆرە بەڵام پیـاونین. پیـاو ئەو کەسەیە کە لە هەموو کار و فەرمانێکی خۆیدا بەتەنگ سوودی کەسانی ترەوە بێ. هەر هەوڵی بۆ خۆی نەبێ و، جیهانی بۆ خۆی نەوێ. بەڵکو ماڵ و سوود، بەخەڵک زۆرتر ڕەوابببینێ، لە خۆی. بەڵام داخەکەم ئەم تەرحە کەڵەمەردانە کەمن.

ئەو کەسەیش کە لە هەموو کاروبار و فەرمانێکدا هەر خۆی لە پێش چاو بووبێ و، دەربەست کەڵکی هەژار و بێ دەست و ناتەواوان نەبووبێ و، هەمـوو سـوودێکیـشی هەر بەخـۆی ڕەوابـبینێ و، کـەسی بەهاوڕێی خۆی نەزانیبێ، ئەو کەسە بە(ناپیاو) دادەنرێ. بەڵام داخەکەم لە لادێکەماندا ئەو جۆرە پیاوانە لە ئارادانین کە ئەم شتانە بەچاکی جوێ بکەنەوە، واتا (پیاوچاک) لە (پیاوی خراپ) جوێ بکەنەوە. زۆرتریش وا لە ناوماندا باوە، کە ئەو کەسەی ماڵی نەبێ پیاو نییە و، ئەو کەسەی ماڵی هەبێ پیاوە!. کەسیش لەوە سەرنج نادات، تا بزانێ: لەو دووانە کامیان پیاوە و، کامیان ناپیاوە!...

ئەوەیش قسـەیەک نییـە درۆبێ: کـەم دەوڵەمەندمان هەیە پیاوبێ وەک ئەو پیاوانەی لێیـان دواین. بەڵکو ئەوانە دەچنە دەستـەی دووەمـەوە!... ئەوانە هەمـوو شـتێکیـان هەر بۆ خـۆیان دەوێ. سـەرنج لە کـەسانی تر نادەن. ئەوەی پارەیان لێی دەست نەکـەوێت گوێی نادەنێ. کەچی خەڵکەکە زۆر بەلایانەوە دەچن و، ڕوویان دەدەنێ. کەچی خۆیان لەو کەسانە ناگەیێنن کە بەتەنگ کەڵک و چاکەیانەوە بوونن.

تکایە، (پارە) و (مـاڵ) مەکـەنە تەرازووی (پیـاوەتی). چونکە (ڕەوشت) و (خوو) و (فـەرمـان)ی باش تەرازووی ڕاستەقینەی (پیاوەتی)ن.

# خوداناسی

ڕۆژوو

ڕۆژوو بەفـەرمـانی خودا لەسـەر هەمـوو مـوسـوڵـمـانێکە بیگرێ لە سـاڵێکدا مـانگێک دەگـیـرێت. مـوسـوڵـمـانەکان هەموویان بەدڵێکی پاک و نیازێکی چاکەوە چاوەڕوانی دەکەن. لەو مـانگەدا زۆرتر دڵی خودا ڕادەگرن. کـەڵکی ڕۆژوویش ئەوەیە ئارەزووەکـانی مرۆڤ ڕادەهێنێت بەئەندازەگـیربیـەوە. ڕەوشت و خوویشـمـان لە شـێوەیەکی پەسـەندا پەروەردە دەکـات. چونکی ئەگـەر ئێـمـە هەر بەئارەزووی خـۆمـان جوولاینەوە لەوانەیە لە ئەندازە دەربچین و، خۆمان لە گەلێک شتی خراپ بۆ نەپارێزرێت. هەروەها ڕۆژوو مرۆڤ ڕادەهێنێت بەکەم خۆربیەوە. بەوەیش ورگ (گەدە) دەحەسێتەوە. چونکی ئێمە بەدرێژایی ساڵ دەمان ناپارێزین لە خـواردن و خـواردنەوە. چ شـەو چ ڕۆژ وچانێکی ئەوتۆ بەورگـمـان نادەین. هەرچی ڕۆژووە ورگ دەحەسێنێتەوە، بەڵکو بەهێزیشی دەکات. چونکی هەمـوومان، بێ جیـاوازی، دەبێ بەڕۆژوو



ببین و، ئەم فـەرمـانی خوداییـیە بەجێ بهـێنین. لەوەیشـدا خـۆمـان لە ڕیزی یەکـتـردا دەبینین. چونکی لە بەرامبەر خودادا جیاوازی لە ئارادا نییە. ئاغا و ڕەنجبەر لە ڕۆژوودا یەکسانن، یەک فەرمانیان لەسەر شانە. ئەوەندە هەیە پێویستە لە ڕۆژوودا دوو سێ شت بخرێتە بەر چاو. یەکەم: پارشێو، یان نەکرێ، یان ئەگەر کرا زۆر نەخورێ. تا ساتێ دووساتیش تێ نەپەڕێ، بەسەر خواردنەکەدا نەنوێ. چونکە خەوتن بەسەر خواردندا، ئازاری ورگ و سک دەدا و زیان بەتەندروستی دەگەیێنێ. دووەم کاتێ ڕۆژووەکەیشمان شکاند، نابێ هەڵپە بەرینە سەر نانخواردن. پێویستە بەوچان نان بخۆین. هەروەها بام زۆر تینوویش بین کوتوپڕ چێشت بخۆین، گڕی تینوێتییەکە لە خۆیەوە دەکوژێتەوە. هەروەها دەبێ لە کاتی ڕۆژوودا زۆر ئاگامان لە کردەوە و ڕەوشتی خۆمان بێ، دڵی کەس ئازار نەدەین و زیانیش بەکەسانی تر نەگەیێنین. بێجگە لەوە هەوڵ بدەین بەڕووی خۆش و قسەی شیرین و کرداری جوانەوە دڵی هەمووان خۆش بکەین.

جا هەر کاتێ وامان ڕۆژوو گرت، خودایش ڕۆژووەکەمان پەسەند دەکات. چونکە بێجگە لە جێبەجێ کردنی فەرمانی خودا، کەلک بەخۆمان و کەسانی تریش دەگەیێنین.

# هەواڵی دەرەوە

* بەپێی قسەی ڕۆژنامەکانی عێراق ڕووسەکان مەردانە بەرەنگاری لەشکری ئەڵمانەکان دەکەن. بەڵام شاری (ستالینگراد) زۆر لە مەترسیدایە، بێ وچان بۆمباباران دەکرێ. مەبەسی ئەڵمانەکانیش لەوە ئەوەتا، ڕووسەکانی ناو ئەو شارە، ورە بەربدەن و، خۆیان زوو بەزوو بدەن بەدەستەوە.
* لای میسر و بیابانی خۆراواوە، هیچی ئەوتۆمان نەبیستووە.
* ماوەیەک لەمەوپێش ئینگلیزەکان لە دوورگەی (ماداغەشقەر)دا دابەزیبوون. ترسیان لەوە لێ نیشتبوو کە ژاپۆنیاییەکان خۆیان وەستاندبوو. دوورگەکە بگرن و بیخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە.

# قسەی پێشینان

* ئەگەر تەور، کلکی لەدار نەبێت، دار نابڕێتەوە.
* دۆست ئەگەر گۆشتیشت بخوات ئێسکت ناشکێنێت.
* هەڵدڕاوییەک، کە دەتوانی بەدوو تەقەڵ بیدروویتەوە، مەیکە بەتیرەیەک.

# پێکەنینی قادرکەرەم

کە ناوی ئەم پیاوانە دەهێنرێن، ئەم شتانەمان دێتەوە یاد:

شێخ حوسێنی سەید محەمەدی جەباری: پێکەنین.

شێخ حەسەنی شێخ محێدین: قسەی خۆش و نەستەقی.

سالە بەندیلک: توولە و تانجی!...

حاجی جەباری بەکر باجەلان: کەشیدە و دیواربڕین!

حوسێنی شێخ عەبدولکەریم: دەنگ و ئاوازی خۆش.

## باسەڕە

ژمارە: (١٩)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٩/٢١

## هەواڵی دەرەوە

گەڕانەوەی کارگێڕ

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، پاش ئەوەی ناو گوندەکانی (تاڵەبانی) و پاشماوەی گوندەکانی (شێخان) بەتەواوەتی گەڕا و پشکنی، گەڕایەوە، وەک زانیمان هیچ گەنمێکی ئەنبارکراوی نەدیوە کە لە جووتیارەکانەوە پاشەکەوت کرابێ بۆ فرۆشتن. لەبەر ئەوە دەستی بەسەر گەنمی کەسدا نەگرتووە.

## سکاڵ

دیواخانەکانمان

نووسینی: شاکر فەتاح

ڕووم نایە لە کەم دەست ڕەخنە بگرم. بەڵام لە دەوڵەمەندەکان هەموو ڕەخنەیەک دەگرم. لەم لادێیەدا کە بریتییە لە (٩١) دێ و، لە ئەم هەموو ئاغا و کوێخا و شێخ و سەیدانە کە گەورەی ئەو دێیانەن، سێ کەس نابینی کە دیواخانێکی پاک و پوختەی خۆش و نایابی هەبێ. هەر دیواخانێکی دەچیت، بەندیخانەیەکە بۆ خۆی. دووکەڵی پشکل (پشقل) و تەپاڵەی ناو کوانوو (کوورە، ئاگردان)ەکانی کردووە بەبنی مەنجەڵ. لە بریتی پەنجەرە چەند کونە کۆترێکیان تێدا کراوەتەوە، کە ئەوانەیش لە زستاندا بەقوڕ دەگیرێن. پیاو کە دەچێتە ناو ئەو دیواخانانە، دەبێ وەک مەلا کوێرەکان دەستی ڕابکێشن، تا دەتوانێ دابنیشێ. لەبەر چەرە دووکەڵ دەخنکێ و، چاوەکانیشی پڕ دەبن لە ئاو. بۆنە ناخۆشەکەی پشکل و تەپاڵەکەیش سەری دەهێنێتە ژان. لە دیوەخانەکاندا کورسییەک، یاخود هەر هیچ نەبێ سەکۆیەک نابینیت، لەسەری دانیشیت کە ئەویش سک و پشت لە کەڵک دەخات، چاویش کز دەکات و، لە ئەنجامیشدا پیاو لە گیانی خۆی وەڕس دەکات!...

بەکورتی دیوەخانەکانی لادێکەمان لە بەندیخانە زۆرتر دەچن تا میوانخانە!. تێ ناگەم ئەم سەرۆک و پیاوە گەورانەمان، بۆچ لە خواردن و بەرگ و پۆشەنی و هەڵسان و دانیشتندا لاسایی شارستانییە هەرە پێشکەوتووەکان دەکەنەوە، بۆچ لە دیوەخان پێکهێنان و میوانخانە ڕاگرتندا وەک ئەوان نابزوونەوە؟! هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە ئەمان لە خەڵکی شارەکانمان میوانپەرستتر و نانبدەترن. هەروەها ئەمان لەوان زۆرتر حەز بەشتی ڕەنگاوڕەنگ جوان و پەسەند دەکەن. نازانم بۆچی لە مەدا وەها پاشکەوتوون و، دیوەخانی ماڵەکانیان وەک هی خەڵکی پێنج هەزار ساڵ لەمەو پێش وانە؟!.

هیوادارم خاوەن دیوەخانە بەڕێزەکانمان ئەم چەند قسەیەم کاریان تێ بکات و دەماری مەردایەتی



کوردانەیان ببزوێ و، دیوەخانانی پاک و پوختەی دیوار سپی پەنجەرەدار و بنمیچدار دروست بکەن و، ئەوی پێویستیش بێ بۆ ڕێکخستن و ڕازاندنەوەیان، وەک کورسی و قەنەفە و تەپلەک و مێز و چرا تێیاندا دابنێن. لەمە بەدوایشەوە لە شارستانێتیدا لە براکانی شارەکانمان کەمتر نەبن.

## پێکەنینی قادرکەرەم

نووسینی: شاکر فەتاح

ڕۆژنامەی (باسەڕە) لە ناوچەوانی ئەم پیاوانەدا، ئەم شتانە دەخوێنێتەوە:

شێخ غالب: «أعوذ بالله من (الميوان) الرجيم». واتا: «پەنا بەخودا لە دەست میوانی بەردەبارانکراو»!...

حاجی شێخ مەجید: نەشەیتان ببینم، نە میوان.

مەلا تەقی: «کانی ئاودا، بۆ داردا، دار گەڵادا بۆ بزدا، بز شیردا بۆ داپیردا، داپیر کلکە قوڵێم بداتەوە!...».

مەلا ساڵح: «الذين كفروا» لە بنا گوێتدا وەک بەڕوو!.

حاجی قادر: شەکر و شاکر.

کوێخا عەول قادر: «قال أصله قول».

کاک مارفی شێخ عەبدولکەریم: (سەرمامۆستای خوێندنگای شەوی).

کرد و کۆششە سەرچاوەی جوانی
ڕاستەوخۆ دەتبا بۆ کامەرانی

کاک عەبدولعەزیز: (پارەپارێزی خوێندنگای شەوی)

هەرچی خۆی دەگرێ، خۆی ڕادەگرێ
بەرامبەر سەختی بەرگە دەگرێ

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم: (شاکر فەتاح)

ڕەشەبا: چاک دەهێڵێتەوە و، خراپ دەبا!.

## بەرتیل

نووسینی: شاکر فەتاح

هەزار جار قسەمان بۆ خەڵکی ناوچەکە کرد و، جاڕمان دا بەناو گوندەکاندا کە واز لە ڕەوشتی (دیاری ناردن) و (بەرتیلدان) بهێنن، کەڵکی نەگرت؛ ئەوە سەیرە هەر کامێکیان بگریت، لەسەر قسەیەکی ناشیرین، دەسەڵاتی بێ، پیاوێک دەکوژێ. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەزانێ (بەرتیلدان) ڕەوشتی پیاوی ئازا و مەرد نییە و، خودا و یاسایش حەزی لێ ناکەن، هیچ شەرم لە خۆی ناکات، بۆ کار و فەرمانێکی بچووک و کەلکێکی کەم دەچێ (بەرتیل) بەم فەرمانبەر و (دیاری) بۆ ئەو فەرمانبەر دەبات. ئەم (کارگێڕی)یە چەند جار تەمێی کردن و هانەی دان کە ئەگەر خەلە و خەرمان

هەڵسەنگێنەکانی دەسگای سامان تەرخان کردن (موخەممینەکانی ئەوقاف) زۆرداریپەکیان لێ کردن، ئاگادارمان بکەن، تا دەمودەست ڕزگارتان بکەین. کەچی بەدزی ئێمەوە، وەک پێیان گوتووین، (بەرتیل)ێکی زۆریان داوە تا لە کاتی تۆمارکردنی بەرهەمەکانیاندا لە ڕاستی کەمتریان بۆ دابنرێ. وەک دەنگ بلاوە نزیکەی دوو سەد دیناریان (بەرتیل) داوە!... لە ڕاستیدا (هەڵسەنگێنەرەکانی دەسگای سامانی تەرخانکراو) دەغڵودانەکانیانی کەم دانابوو. بەڵام کە دەسگای (سامانی تەرخانکراو) لیژنەی دووەمی ناردەسەریان، جووتیارەکانیان بەقوڕدا بردە خوارەوە!... واتا زۆرتریان لە ڕاستی لەسەر نووسین!...

تازە وا خەڵکی لادێکەمان هاوار دەکەن و پێ لە ڕاستی دەنێن و دێنە سەر قسەکەمان. ئاوا: بەم ڕەنگە هەم (بەرتیلە)کەیان لەدەست چوو، هەم باریشیان گرانتری لێ هات.

دیارە ئەگەر بەقسەی ئێمەیان بکردایە و، وازیان لە (بەرتیلدان) بهێنایە، هەرگیز خودا وای بەسەر نەدەهێنان!. ئاخۆ ئیتر گوێمان لێ دەگرن؟!

## هەواڵی دەرەوە

* پاش ئەوەی ژاپۆنییەکان (دوورگەکانی سلێمان)یان لێ گیرایەوە، دووبارە دەستیان کردۆتەوە بەبۆمبابارانێکی بەسام و، لە یەک دوو شوێنەوە دابەزیونەتە ناو دوورگەکان. تا ئەندازەیەکیش ڕێگایان بڕیوە.
* بەڵام هێزەکانی ئاسمانی و ئاوی ئەمریکا بەرامبەری کردوون و گەلێک فرۆکەیشی لێ خستوونەتە خوارەوە. ئەمریکاییەکان بەهەموو هێزێکیانەوە کە لەوێدا هەیانە، دەیانەوێت خۆیان ڕاگرن و، ئەو دوورگانە لە دەست نەدەن. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە شوێنی دوورگەکان مەیدانێکی گرنگ و بایەخدارن بۆ جەنگ.

بەپێی دەم و دووی ڕۆژنامەکانی عێراق، ڕووس ئەگەر بتوانێ تا زستان خۆی ڕاگیر بکات، ئەڵمانەکان ئەو کاتە دەکەونە تەنگوچەڵەمەیەکی سامناک و گەورەوە.

* بەڵام ئێستا شاری (ستالینگراد)، هێرشی ئەڵمانەکان بەسێ لاوە ڕووی تێ کردووە. بۆمبابارانێکی بەسامی دەکرێ.
* لە لای شارەکانی (مۆسکۆ) و (لینینگراد)ەوە ڕووسەکان، هەندێک پێشکەوتوون زیانیان لە دوژمن داوە.
* هەروەها لەلای شاری (فۆرۆون)یشەوە ڕووسەکان پێشکەوتوون و چوونەتە ئەوبەر ڕووباری (دۆن)ەوە.

## قسەی پێشینان

کۆکردنەوەی: مارف عەبدولکەریم

* بەقسەی خۆش دەتوانیت مار لە کون بهێنیتە دەر.
* زۆر گیانلەبەر هەن گۆشت خۆرن، کەچی هەر ناوی گورگ بەدناوە!



* دەمت زۆر بگرە و، گوێت زۆر بکەرەوە.
* کای کۆن بەبا مەدە.
* دڵی خۆت بۆ دیواریش مەکەرەوە، چونکە دەڵێن دیواریش گوێی هەیە.
* کرد و کۆشە، بۆ پیاوی تەمەڵ چەند ناخۆشە، ئەوەندە بۆ پیاوی ئازا و چست و چالاک خۆشە.

***

## باسەڕە

ژمارە: (٢٠)

ڕۆژ: ٢٦/١٠/١٩٤٢

## ڕەوشت و خوو

بەخشین

* ئەوە هونەر نییە بت بێ و لێی ببەخشیت. ئەوە هونەرە ئەوەی پێویستتە و لێ ببەخشیت.
* ئەوە هونەر نییە ببەخشیت بەکەسێک، کە پێی بەخشیبێت ئەوە هونەرە بەو کەسە ببەخشیت کە پێی نەبەخشیبێت.
* ئەوە هونەر نییە ببەوانە ببەخشیت کە دۆست و خزم و خۆشەویستن. ئەوە هونەرە بەوانە ببەخشیت کە دوژمن و بێگانە و نەناسیاوتن.
* ئەوە هونەر نییە کە بەوانە ببەخشیت، مەبەستت پێیانە. ئەوە هونەرە بەوانە ببەخشیت کە هیچ مەبەسێکت پێیان نییە!

## گۆرانی کەڵەشێر

هی: فایەق بێکەس

کەڵەشێر دەڵێ: عوو عوو عوو
تەمەڵ مەبن، هەڵسن زوو
نوێژی بەیانیتان چوو
تف لە تەمەڵ و بەدخوو!

## هەواڵی قادرکەرەم

تکا

لەبەر ڕۆیشتنی (کاک مارف عەبدولکەریم) و سەرقاڵی و نەخۆشی و فەرمان و کاروباری زۆر پێمان نەکرا بەرێکوپێکی ڕۆژنامەکەمان دەربهێنین تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەین بمانبەخشن.

## ڕاووڕووت

لە دەوروپشت لادێکەماندا، واتا لە لادێکانی (سەنگاو) و (قەرەحەسەن)دا ڕاووڕووت دەستی پێ کردووە. ڕێگای بازرگانی و دەرامەتی لە خەڵکی ناوچەکەمان بردۆتە بەست. لەبەر ئەوە (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم) تکای لە جێنوشین (قایمقام)ی ناوچەی (داقوق) کردووە کە هەوڵ بدات بەسایەی جێنوشینەکانی (کەرکووک) و (چەمچەماڵ)ەوە، ئەو پیاوە ڕاووڕووت کەرانە دەردەست بکرێن و، تەفروتوونا بکرێن. ئێمە بەتەواوی لەوە دڵنیایین کە بەم زووانە ئەو پیاوە خراپانە لەناو دەبرێن. هەرچەندە لادێی خۆمان بەسایەی خوداوە ڕاووڕووت کردنی تێدا نییە، بەڵام کارگێڕی قادرکەرەم خەریکی دۆزینەوەی ئەو کەسانەیە کە مەترسی پیاوخراپییان لێ دەکرێ. مەبەسیشی ئەوەیە کە هەتا هیچ ڕووی نەداوە، دەماری پیاوخراپی ببڕێ لە لادێکەماندا جا خوام لەو خوایەیە کەس پیاوخراپی بکات!؟.

## کردنەوەی پۆلی شەش

ڕۆژی ٢٤/١٠/١٩٤٢، بۆ کردنەوەی پۆلی شەش لە خوێندنگای میری قادرکەرەمدا، تکا نامەیەک لەلایەن کارگێڕی لادێی قادرکەرەمەوە، نێررا بۆ جێنوشینی (داقوق). جا چونکە ڕۆژی خۆی (کارگێڕی زانستی کەرکووک) بەڵێنی دابوو بەکارگێڕی لادێی قادرکەرەم، بۆ کردنەوەی ئەم پۆلە و، ئەمە جاری سێهەمە کە کارگێڕی لادێی قادرکەرەم داوای کردنەوەی ئەم پۆلە بکات، هیوادارین کە ئەم پۆلە بۆ خوێندنگاکەمان بکرێتەوە لە خودای گەورەیش تکا دەکەین کە شاگردەکان بەئاواتی خۆیان بگەیێنێ.

## قسەی سەربەست

مەلاکانمان

نووسینی: شاکر فەتاح

هیچ دەمێک لەم دەمە (مەلای کوردستان) شپرزەتر و سەرگەردانتر نەبووە. نە شێخ لایان لێ دەکاتەوە وەک جاران، نە ئاغا و بەگ و نە خەڵک. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی لە هەموو لا زۆرتر لەگەڵیاندا کەمتەرخەمە. ئەم بەسەزمانانە کە نزیکەی (١٥) ساڵ بەنانەسکی و برسێتی و پیتاک و یارمەتی خەڵکەوە لەم شار و لەو دێ بەهەزار کوێرەوەری و دەرد و سزاوە ئەم خوێندنەیان تەواو دەکەن، تەماشا دەکەیت لە سەد مەلا، نەوەد و نۆ مەلایان بۆ مانگانە و مووچەیەکی دینار و نیوی داماون. بەشە زۆرەکەی تریان بەڕووت و قووتی و هەناسە ساردییەوە تەمەنی خۆیان بەسەر دەبەن. پیاو ڕاست بڵێ: ئەم جۆرە مەلایانە لە دەدا نۆیان جوامێر و خوداناس و کارگوزار و کارامەن. فەرمانڕەوایی و خەڵکیش دەتوانن کەلکیان لێ ببینن، ئەگەر خۆیان حەز بەوە بکەن. بام بڵێین کاربەدەستی زانست (وەزارەتی مەعاریف): ئەگەر حەز بکات دەتوانێ خوێندنگایەکیان بۆ بکاتەوە، ساڵێکی تێدا بخوێنن و، لەوێدا فێری زانست و هونەر، بەتایبەتی شێوەی پێ خوێندنی نوێ بکرێن. پاشان هەر مەلایەک لەو مەلایانە لە دێیەکدا بەمانگانەیەکی دینار و نیوی دابمەزرێنێ، هەم فەرمانی مەلایەتی پێ ببینێ، هەم فەرمانی



مامۆستایەتی کە بەشەو بەجووتیارەکان، بەگەورە و بچووکیان بخوێنێ. بەم جۆرە لە چەند ساڵێکی کەمدا و بەنرخێکی هەرزان، نەخوێندەواری لەناو گوندەکانماندا نامێنێ و، هەم ئەم هەزاران خوێندەوارە باش و بەکەڵکانە واتا ئەم مەلا بەسەزمانانەمان بەخۆشییەوە دەژین و بۆمان دەمێننەوە. بۆ بەراوردکردن، هەر (خوێندنگای میری قادرکەرەم) بگرین، کە هەر بەکەڵکە دێیەک دێت و، فەرمانڕەوایی هەر مانگی سی دیناری تێدا بەخت دەکات. هەر ئەم پارەیە لە توانایدا هەیە بیست خوێندنگا و بیست مەلای پێ بژیێنێ!... ئەمە قسەیەکە بۆ خوا دەیکەین. خۆزگە کاربەدەستان گوێیان لێ دەگرتین!.

## بەشی منداڵ

(بەتایبەتی بۆ شاگردەکانی خوێندنگای ڕۆژی قادرکەرەم نووسراوە).

شاگردی وڵاتە پێشکەوتووەکان

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، شاگردەکان زۆر پاک و خاوێن و ئازا و چالاک و، زرنگ و کارپەسەندن. بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەسن. دەم و چاو و، دەست و پل و، قاچ و قوڵ و، سەریان بەسابوون و ئاو پاک پاک دەشۆن. ئینجا بەرگ و پۆشەنی پاک و پوخت لەبەر دەکەن. پاش نان و چایی خواردن، دەسی دایک و باوکیان ماچ ئەکەن و، پێش ئەوەی زەنگی خوێندنگاکەیان لێ بدات، دەگەنە خوێندنگا. لە خوێندنگایشدا زۆر بەهۆش و گۆش و ڕوو خۆشن. نازی مامۆستاکانیان دەگرن. خوێندنەکان و فەرمان و مەشقەکانیان زوو بەزوو ڕەوان دەکەن. لەگەڵ هاوڕێکانیاندا یەجگار دڵسۆز و یاریدەدەرن. هەموو دەم دەستی شاگردی داماو و هەژار دەگرن. هەموو دەم لەگەڵ کەسوکار و دراوسێ و بێگانەدا گەش و باشن. لەبەر ئەوە لەو شوێنە پێشکەوتووانەدا شاگردانی خوێندنگاکان زۆر خۆشەویست و نازدارن. هەم باوک و دایک، هەم مامۆستا، هەم خەڵک بەتەنگ دڵیانەوەن و، هەموو دەم یارمەتییان دەدەن. دیارە ئەگەر شاگردەکانی خوێندنگای ڕۆژی قادرکەرەمیش وەک ئەو شاگردانە بن ئەمانیش لەناو قادرکەرەمدا نازدار و پەسەند دەبن و هەموو کەس یارمەتییان دەدات.

## هەواڵی دەرەوە

هێشتا شەڕ و کوشتاری جیهانی گەرمەیەتی.

* بەڵام گرانی گەیوەتە ئەو پەڕی.

هەژاری بەتەواوی پەرەسەندووە لەبەر ئەوە لە گشت لایەکی جیهانەوە کارەساتی شۆڕش و هەڵڵا هەڵگیرساوە. ڕووتی و برسێتی پیاوی هار کردووە!.

* نازانین ڕۆژئاوایی کە خۆیان بەپێشکەوتوو دادەنێن، تا کەی واز لەم دڕندەیییە ناهێنن؟!. ئایا ئیتر ڕوویان دێت بەڕۆژهەڵاتی، کە ئێمەین بڵێن پاشکەوتوون؟!.

## پێکەنینی قادرکەرەم

کوڕەکەم جوولەکەیە!

جارێک (شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم) بەسەرۆکێکی هۆزی زەنگەنە کە ناوی (ڕەشید ئاغای گۆلباغ) دەبێ، دەڵێ: «ئاغا!... ئاغاواتی زەنگەنە «هەموو شەنگ و شۆخن. نازانم بۆچی (خورشید)ی کوڕت ئەوەندە ناشیرینە؟» (ڕەشید ئاغا)یش دەڵێ: «یا شێخ! ئەو شەوەی ئێمە (خورشید)مان بوو، ماڵە جوولەکەیەکی دراوسێشمان کوڕێکی زۆر ناشیرینیان بووبوو. کە ئێمەیان دیبوو بەشپرزەییەوە، بەهەڵیان زانیبوو، کوڕەکەی خۆیان خستبووە ناو بێشکەی (خورشید)ی کوڕمەوە. (خورشید)ی کوڕیشمیان فڕاندبوو، بۆ ماڵی خۆیان!. جا ئەم (خورشید)ی کوڕم ئەو کوڕە جوولەکەیەیە. ئەگینا چۆن من کوڕی وا ناشیرینم دەبێ؟!».

***

## باسەڕە

ژمارە: (٢١)
ڕۆژ: ١٩٤٢/١١/٢

## هەواڵی قادرکەرەم

ڕاووڕووتکردن

باڵبازەکان لە (سەنگاو) و (تاووق) و (قەرەحەسەن)دا کەوتوونەتە ڕاوەدوونانی (ڕاووڕووتکەرەکان)، کە ڕێگایان لە کاروانەکان بردبووە بەست. وا لێرەیشەوە بۆ پاراستنی ڕێگاکان و یاریدەدانی باڵبازانی ئەو ناوچانە، باڵبازەکانمان دەردەچن. هیوادارین بەم زووانە (ڕاووڕووتکەرەکان) دەردەست بکرێن و ڕێگاوبانەکان بچنەوە سەر دۆخی جاران.

لەدایکبوونی شێرکۆ

لە ساتی دوو و نیوی پاش نیوەڕۆدا، ڕۆژی سێشەممەی ٢٧ی مانگی پەڵە (تشرینی یەکەم) ١٩٤٢، خودای گەورە کوڕێکی بەخشی بەکارگێڕی لادێی قادرکەرەم، (شاکر فەتاح)، ناوی نرا «شێرکۆ». خودا بکا ئەم منداڵە مژدەی بەختیاری نیشتمانەکەمان و، کوژانەوەی شەڕوشۆڕ و گرانی جیهانی بەدەممەوەبێ هەروەها کە گەورە بوو، بەدڵ و گیان و بەسامان خۆی لە پێناوی سەربەرزی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیدا بەخت بکات.





پیتاک

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٠ | پاشماوەی پێشوو |
| ٥٠٠ | ٠ | کارگێڕی قادرکەرەم شاکر فەتاح |
| ٩٥٠ | | هەمووی |

بەختکردن

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٢٥٠ | ٠ | دراوە بەمامۆستا مەلا ئەحمەد بۆ مانگی پەڵە ١٩٤٢ |

کەواتە (٩٥٠ - ٢٥٠ = ٧٠٠ فلسمان پاشەکەوت دەبێ.

## پێکەنینی قادرکەرەم

ئاوڕشێن بەشەکراو دەکات!

لە هاویندا (سەید محەمەدی جەباری) بەخۆی و سی چل سوارێکەوە دێنە میوانی (ڕەشید ئاغای گۆلباغ) لەناو زەنگەنەدا، لەو حەلەدا کابرایەکی چەرچی دوو تا شەکری پێ دەبێ، لە دیوەخانەکەی (ڕەشید ئاغا)دا دایدەنێ، کە بۆی بپارێزێ تا وەکو کڕیاری بۆ پەیدا دەبێ و، بەرە بەرە بیفرۆشێ. کابرای چەرچی بەسەزمان، کاتێک بەخۆی دەزانێ، ئەوا سی چل سواری جەباری و هەمەوەند دابەزین و، (ڕەشید ئاغا)یش لە نۆکەرەکانی خۆی دەخوڕێ: «کوڕە مەهێڵن سوارەکان مێخ زنجیری ئەسپەکانیان بەبەرد دابکوتن. هەریەکە کەللە شەکرێکیان بدەنێ بام بەکەللەشەکر دایان بکوتن!». کابرای چەرچی بەسەزمانیش دێتە زمان، دەڵێ: «ئاغا!... من کەللە شەکرم هێناوە بیفرۆشم، یاخود مێخ زنجیری پێ دابکوترێ؟! ئەمەتا ئاغایەتییەکەی تۆ؟... لە جیاتی ئەمەی بمپارێزیت سەرگەردانم دەکەیت؟».

(ڕەشید ئاغا)یش دەڵێ: «کوڕم ماڵی مسکێن هی ئاغایە. تۆیش کە میوانی منی، مسکێنی منی. مسکێنیش لەبەردەم ئاغایدا ڕایەی ناکەوێ، خاوەن ماڵی خۆی بێ!. نیازت نییە لەبەردەم پیاوەکاندا شەرمەزارم بکەیت؟!». (ڕەشید ئاغا ئەوە دەڵێت و، بانگ دەکاتە بەردەستەکانی خۆی «عەزیز ئاغای باوکم، بەکەللەشەکر نەبێ، ناهێڵم مێخ زنجیری ئەسپەکانتان دابکوتن». (ڕەشید ئاغا) ئەوە دەڵێت و، بەسوارەکان هەریەکە کەللە شەکرێکیان دەداتێ. پاش ئەوە هەر شەکرێکیش لە تاکاندا دەمێنێتەوە لە تەشتێکدا دەیکات بەشەکراو و، بەو هاوینە گەرمە ئاوڕشێنی ژوورەکانی پێ دەکات! ئینجا ڕوو دەکاتە دەسوپێوەندەکانی خۆی و دەڵێ: «کوڕینە پیاو ئەوەتا بەتەنگ دڵی میوانەوە بێ؟!!».

کابرای چەرچی بەسەزمانیش هیچی پێ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ پیش بخواتەوە و لێوی خۆی بکرۆژێ؟...

بەڵام کە میوانەکان دەڕۆن، (ڕەشید ئاغا)ی گاڵتە باز، دەنێرێ بەشوێن چەرچییەکەدا، دڵی دەداتەوە و، نرخی هەردوو تا شەکرەکەیشی دەداتێ. ئینجا پێی دەڵێ: «کوڕم لەوە دڵت نەیەشێت کە من وام لە تاشەکرەکانت کرد. من حەز بەگاڵتەوگەپ زۆر دەکەم. حەزم کرد بەم جۆرە میوانداربیە، دڵی میوانەکانم خۆش بکەم و بیشیانهێنمە پێکەنین. بێجگە لەوە ویستیشم ئەندازەی میوانداری ئاغاواتی زەنگەنەیشیان تێ بگەیێنم، لەگەڵ هێز و دەسەڵاتیاندا بەسەر مسکێنەکانیاندا. تۆیشم تاقی کردەوە، تا بزانم لە بەرامبەر ئاغای خۆتدا چۆنیت!...».

## قسەی سەربەست

* خۆ هەڵکێشان:

چەند کەسێک هەن لە لادێکەماندا هەتا بڵێی نانبدەیی و بەخشندەیی دەکەن. بەڵام لە پاشملە لای ئەم و ئەو باسی بەخشندەیی و نانبدەییەکەی خۆیان دەکەن. ئەوانە بەم کردەوەیان هەم نرخێک بۆ پیاوەتییەکەی خۆیان ناهێڵنەوە. هەم ئەو کەسانەیش کە پیاوەتییەکەیان لەگەڵ کراوە، لە خۆیان دڵشکاو دەکەن. ئێمەیش بەوانە دەڵێین: «ئەوەی ئەوانە دەیکەن نیوەی بەخشندەییە. جا ئەگەر دەیانەوێ پیاوەتییەکەیان تەواو بێ، لای کەس باسی بەخشندەییەکەی خۆیان نەکەن!».

* پارە و پایە:

لەو ڕۆژەوەی خەڵک لەبەر (پارە) و (پایە) منداڵی خۆی دەنێرێتە بەرخوێندن، خوێندەواری بەکار و نیشتمانپەروەر کەم بۆتەوە. ئێمەیش بەوانە دەڵێین: «ئەگەر منداڵتان ناردە بەرخوێندن تەنیا لەبەر ئەوە بیاننێرنە بەرخوێندن کە ببنە (مرۆڤ). ئەگینا کە منداڵەکانتان گەورە بوون، لەبەر (پارە) و (پایە) دەستکەوتن، هەر شتێ کە لە کەڵکی جوامێری و پیاوەتییان بخات. ئەوە دەکەن!».

* نان بەرەنجی شانی خۆت پەیدا بکە:

لای هەندێک، دەرگای دەرامەت و ژین لەم لادێیەدا داخراوە، هیچ کار و فەرمانێکیش بەدەستەوە نەماوە کە بیکەن و پێوەی بژین. ئێمەیش بەوانە دەڵێین: «ئێوە یان تەمەڵ و ناشێن، یان دەتانەوێ بەرەنجی شانی خەڵک بەرێوەبچن! ئەگینا لادێکەمان لە هەموو شوێنێک زۆرتر ماوەی کاروباری لەکەلک و دەرامەتی باشی هەیە، بۆ یەکێک سەر ڕاست و لەش سووک و شارەزا و کارامە بێ و، بیەوێ بەرەنجی شانی خۆیەوە بەرێوەبچێ!».



## بەشی منداڵ

رابووادرنی هەفتەیی

کە پێنج شەممەوان هاتن، شاگردی زرنگ و وریا لە پاش نیوەڕۆوە خەریکی سەر و لەش شتن و، سەرتاشین و نینۆککردن دەبن. پاش ئەوە بەرگەکانیان دەگۆڕن و بەرگێکی پاک و پوختە و جوان و ڕێکوپێک لەبەر دەکەن. ئینجا دەست دەکەن بەسەردانی کەسوکار و برادەرانیان. لە ڕۆژی هەینیشدا بەکۆمەڵە دەچنە سەیران و گەشتوگوزار. تێروپڕ وەرزش (الرياضة البدنية) دەکەن و، هەدای باڵی خۆیان دەدەن، بەهەڵمژینی بای پاک و، خۆدانە بەر ڕۆژ و، بینینی چاوئەندازانی جوان و، بەگاڵتەوگەپ و گەمە کردنەوە، دڵی خۆیان دەگەشێننەوە و، ماندوویێتی ڕۆژەکەی ناو خوێندنگا و کار و فەرمانانی تر لەبیر خۆیان دەبەنەوە. ئینجا لە ڕۆژی شەممەدا بەلەشێکی توندوتۆڵ و، مێشکێکی ڕوون و وریا و، دڵێکی پڕ تاسە و ئارەزووەوە، دەچنەوە خوێندنگا و، بەدڵ و گیانیش لە خوێندنگاکانیاندا کۆشش دەکەن، تا پێنج شەممویەکی تر.

## ڕەوشت و خوو

تکا و پاڕانەوە

* کە ویستت تکا لە فەرمانبەرێکی میری بکەیت بۆ کاروبارێکی خۆت، لێکی بدەرەوە: ئایا تکاکەت بەجێیە یان نا.
* ئەگەر تکاکەت بێ جێ بوو، مەیکە. چونکە خۆت لای ئەو فەرمانبەرە سووک دەکەیت.
* ئەگەر ئەو فەرمانبەرە، خۆی، لایەنگیری نەکات و حەز بەڕاستی و دروستی بکات، ناشرینە دەست بخەیتە کار و فەرمانییەوە. جا ئەمەت لەبیر نەچێ، چونکە ڕقی هەڵدەستێ.
* ئەگەر بشزانیت ئەو فەرمانبەرە کاری نادروستیشت هەر بۆ جێبەجێ دەکات، تکای لێ مەکە، چونکە تکای وەها لەلای خودا کوناهبارت دەکات. خودایش بێگومان لەسەر ئەوە: جەزرەبەت پێ دەگەیێنێ و سزات دەدات!...

## هەواڵی دەرەوە

تاووق: (باڵوێزی بەریتانیا)، دیاری بۆ هەموو خوێندنگاکانی کەرکووک ناردووە. بایی دوو دینار و نیویش پێنووس و دەفتەر و لاستیک و ڕاستە بەر لادێی ئێمە کەوتبوو. ئێمەیش لێرە بەسەر خوێندنگاکانی ڕۆژ و شەودا دابەشمان کردن.

کفری: فەرمانڕەوایی بەهەڵەداوان بۆ گەنم دەگەڕێ. باڵبازەکان دەستیان بەسەر گەلێک کۆمەڵە گەنمدا گرتووە. خەڵکی ناوچەی کفری لە زۆرداری فەرمانبەرەکانی ئەوێ کەوتوونەتە گلەیی!.

سلێمانی: ڕێگای بازرگانی (سلێمانی) و (ئێران) بەهۆی پەیدابوونی دز و ڕاووڕووتکەرانەوە چۆتەوە

بەست. فەرمانڕەوایی هەردوو لا، خەریکی چارەسەرکردنەوەی ڕێگاکەن.

شەڕی جیهانی: شەڕوشۆڕ هەر لە گەرمەدایە. بەڵام دەڵێن: ئێستاکە ڕووسەکان بەرامبەر ئەڵمانەکان لە سەرکەوتندان.

بەغدا: لەم چەندانەدا کاربەدەستی (وەزارەتی)ی عێراق کەوت. سەرلەنوێ دامەزرێنرایەوە (نوری سەعید) بۆتەوە بەسەرەکی کاربەدەستان.

## زانستی گشت لایی

پێشکەوتنی تورکیا

تورکیای ئیمڕۆ و تورکیای عوسمانی زۆر لە یەک جیاوازن. جاران ئەوانیش وەک ئێستای ئێمە لە هەموو کەلوپەل و ترۆتفاق و خواردەمەنی ماڵیدا چاویان لە دەستی ڕۆژئاواییییەوە بوو بەڵام تورکیای ئیمڕۆ تێکرا هەموو جۆرە پێویستییەکی خۆی لە خۆیدا دروستیان دەکات. بۆ وێنە: سیپاڵ (قوماش)، کڵاو (شەپقە)، خۆشاو، دۆشاو، شیرینی، وشکەمیوە، مەی، قاقەز، پێنووس (قەڵەم) و... گەلێک بابەتی تر دروست دەکات. بەم ڕەنگە تورکیا پارەی خۆی لە وڵاتەکەی خۆیدا بەخت دەکات. وەک جاران نایدات بەکارخانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا. سا بۆیە بێ دەستی و هەژاری -لە چاو ئێمەدا- بەتورکیاوە دیاری نادات... کاشکی ئێمەیش وەک ئەوانمان بکردایە. ئێستە ئەوەندە شپرزە نەدەبووین!.

بەرە و قاڵی کوردستان

کوردەواری لە دروستکردنی بەرە و قاڵیدا دەستێکی باڵایان هەیە بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا. ئەوروپایی و ئەمریکاییەکان بەتامەزرۆوە ئەو بەرە و قاڵیانە دەکڕن و بازاڕێکی گەرمیان هەیە لە ناویاندا. لە ناو کوردستانی عێراقیشدا زۆربەی هۆزەکان ئەم دەستکردە جوانەیان لەناودا هەیە.

ئافرەتی کورد لەم مەیدانەدا دەستێکی ڕەنگین و ڕەندینیان هەیە، ئەوانە بێجگە لەوەی پێویستی کلوپەل و ناوماڵی خۆیان دروست دەکەن، بۆ بازاڕیش بەرە و قاڵی و خورج و هەگبە و بەرماڵ و مەوج و جاجمیش ئامادە دەکەن و دەیفرۆشن و ئابووری خێزانی پێ ڕاست دەکەنەوە.

لێرە، لە لادێی قادرکەرەمیشدا خۆشبەختانە ئەم دەستکردە ناوازانە هەن.

***



# باسەڕە

ژمارە: (٢٢)
ڕۆژ: ١٩٤٢/١١/٩

## هەواڵی قادرکەرەم

دەرچوونی ڕۆژنامەکەمان: لەبەر دەست نەپەرژان و هەندێ هۆی تر، لەمەولا (ڕۆژنامەی باسەڕە)، هەفتەی جارێک دەردەچێ. بۆ ئاگاداری جاڕدرا.

## بۆ ئاگاداری

لەسەر ئەوەی هەندێ سەرۆک و کوێخا شەکریان بەشی لادێییەکانی گوندەکانی خۆیان نەدابوو، هەر بۆ خۆیان خواردبوویان، (کارگێڕیی لادێی قادرکەرەم) لەم مانگەدا، بێجگە لەوەی کە نەیهێشت شەکرەکە بدرێتە دەست ئەو سەرۆک و کوێخایانە، لە بەشەکەی خۆیشیانی کەم کردەوە. لادێییەکانیش ئەوانەی وەریان نەگرتبوو، بەشی خۆیان درایە. لەم گوندە سزادراوانە، ئەمجارە هەر ناوی (گۆلباغی ڕەشید ئاغا) و (بەهرام بەگ) دەبەین. جا هەر کەسێ حەز دەکات سزای بدرێت، ئەویش وەک ئەو کوێخایانە بکات کە سزامان داون!...

## کارگێڕی قادرکەرەم

کاتی فەرمانبینی فەرمانگەکان

بەپێی فەرمانی میری، فەرمانگە (دائیرە)کان لە ساتی (٩)ی ئینگلیزییەوە فەرمان دەکەن هەتا (٣)ی پاش نیوەڕۆ. بەم بۆنەیەوە تکا لە خاوەن کاروبارەکان دەکەین، لە پاش نیوەڕۆی پێنجشەممە و ڕۆژی هەینی (جومعە)دا بۆ کاروبار نەیەنە سەر فەرمانبەرانی کارگێڕی لادێی قادرکەرەم. بێجگە لەوە لە کاتی کاربینین بەولاوە داوای کاروبار بینینیان لێ نەکەن. کاروباریش هەر لەناو فەرمانگەی میریدا دەبینرێ. لە ماڵ و دەشتدا نابینرێ. بۆ زانینی هەمووان نووسرا. پاشان گلەیی نەکەن.

«کارگێڕی لادێی قادرکەرەم»

## پێکەنینی قادرکەرەم

بۆچ من لە خودا زیاترم؟!

کوڕی مەلا ساڵح: بەگم! چ خودا ڕەوایەتی بەهەندێک هەشت کیلۆ شەکر دەدەیت و، بەئێمەیش سێ کیلۆ؟!

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم: ئەی خودا بۆچ بەهەندێک دوو چاوی داوە و، بەتۆیش یەک چاو؟! بۆچ من لە خودا زیاترم؟!

## قسەی سەربەست

سامان و ئامان

* زۆر هەن تا بلێیی پارە و زەویوزاریان هەیە لەگەڵ ئەوەیشدا بەدەوڵەمەند دانانرێن!... زۆریش هەن هەتا بلێیی بێ دەستن. لەگەڵ ئەوەیشدا بەدەوڵەمەند دادەنرێن. هەمووی لەبەر ئەوەیە کە هێنەکانی پێشوو چاوبرسی و بەرچاوتەنگن، بەهیچ شتێک تێر ناخۆن. بەڵام ئەمانی تر چاوتێرن هەموو شتێک بەزۆر دەزانن و، سوپاسی خودای لەسەر دەکەن.

* دەوڵەت و سامان بۆ ئەوە باشە کە ناهێڵێ پیاو دەست لە ناکەسبەچان پان بکاتەوە.

* ئەگەر خۆت کرد بەگەورەی دەوڵەت و سامانەکەت، دەوڵەت و سامانەکەت بەکەلکی خۆت و کەسانی تر دێت. بەڵام ئەگەر دەوڵەت و سامانەکەت کرد بەگەورەی خۆت، ئەوا خۆیشت لە دەست دەچێت.

* هەر چ دەوڵەت و سامانێکت هەیە بەهی خۆت و خەڵکی بزانە. لەبەر ئەوە ئەگەر دەوڵەت و سامانەکەت بەسەر خەڵکدا بەشیبیەوە، دڵت بوێ نەیەشێ. چونکە خێزانت بەولاوە، بەهی نەتەوە دادەنرێت.

* کە پارایتەوە لە خودا، دەوڵەت و سامانت بداتێ، بشپارێرەوە لەگەڵیدا کە خودا (دڵ) و (دەروون)ێکی باشت بداتێ. چونکە دەوڵەت و سامان، کە دڵ و دەروونی چاکی لەگەڵدا نەبێ، دەبێتە زنجیر و لە گەردەنت دەئاڵێ!... واتا تا دەمریت بەدەستیەوە دیل دەبیت!!.

* (سەربەرزی)، بەتەنیا، دەوڵەت و سامان پەیدای ناکات، دەبێ کردەوە و رەوشتی مەردانەیشی لەگەڵدابێ.

ئەگەر (دڵی چاک) و (کردەوەی جوان) لە ئارادا نەبێت، دەوڵەمەندێکی چرووکی جوولەکە و، حاجییەکی چرووکی ئیسلام، هەر ئەوەندەی سۆفییەکی قومارباز و بزنێکی تەڵەکەباز جیاوازیی دەبێ!؟.

## گوزەرانی ناو گوند

واز لەم و لەو بهێنە!

وەک سەرنج دەدەم، کەس تەماشای کورتی و ناتەواوی خۆی ناکات، کەچی دەچێ لەم لاو لەولا باسی کورتی و نەنگی ئەم و ئەو دەکات. هەر کەسە پاشای ماڵی خۆیەتی، سەرداری خۆیەتی، کە نەهات زیانێک بەتۆ بگەیێنێ، ئیتر بۆ تۆ چ وازی لێ ناهێنی؟ چیتە بەسەریەوە؟ بەمە چیت دەست دەکەوێت، ئەگەر ئەو پیاوە لای خەڵک سووک بکرێت و لەبەرچاوی بخەیت؟... تەنیا خودایە کە بێ کەموکوڕی هەیە. ئیتر بۆچ خەریک نابیت کردەوەی خۆت رێک و جوان بکەیت؟ تۆ ئەگەر راست دەکەیت دەڵێیت حەز بەچاکی دەکەم، لە پێش هەموو کەسێکدا خەریکی نەهێشتنی کەموکوڕی خۆت بە. واز لە خەڵکی بهێنە. تۆ نوێژ دەکەیت. یەکێکی تر گۆرانی حەز لێ دەکات. ئەو دەچێ مەی دەخواتەوە. هەموو کەسێک سەربەستە چی دەکات، دەیکات. ئەگەر خراپە بکات، ئەوا خودا تووشی سەرگەردانی دەکات. یاخود لێی خۆش دەبێت. ئەگەر ئازاری خەڵکیش بدات، دیسانەوە هەم خودا و هەم فەرمانڕەوایی، کە شیری خودایە، ئەو کەسە ئازار دەدات. ئیتر تۆ لێرەدا چیت؟ ئەگەر بێت و ناشیرینی خەڵک دابپۆشیت و، لە راست



کورتی و نەنگی خەڵک بێ دەنگ بیت، بۆ تۆ باشتر نییە؟ ئەوساکە هەم خۆت لە کەشمەکەش و سەرقاڵی رزگار دەکەیت و، دڵی خۆت ئاسوودە دەکەیت و، هەم دەبیتە خۆشەویست و نازدار لای خەڵک. خەڵکیش، دیارە، ئەوساکە ناشیرینی تۆ دەپۆشێ!.

## هەواڵی دەرەوە

* لە پاش شەڕ و کوشتارێکی سێ مانگی، هێشتا رووسەکان (ستالینگراد)یان نەداوە بەدەستەوە.
* شۆڕش کەوتووەتە ناو (دانیمارک) و (بەلچیکا) و (فەرەنسە)وە.
* ئەڵمانەکان گەلێک لە سەرکردەکانی خۆیان لەسەر فەرمان لابردووە.
* فەرمانڕەوایی (میسر) بەڕاستی خەریکی (هەرزانی)یە. گەلێک بازرگان و گەنم و برنج فرۆشی چاوبرسی خستۆتە بەندیخانەوە و جەریمەی کردوون و، دارکاری کردوون.
* لاوەکانی شاری (شام) خەریکی کردنەوەی خوێندنگای شەون بۆ ئەمەی نەخوێندەواری لاببەن.
* لە (بەغدا) دوو سەد شاگردی دەرچووی (خانەی مامۆستایان)، داوای ئەوە دەکەن بکرێن بەمامۆستا. بۆ ئەم مەبەستە گازندەیی خۆیان، گەیاندۆتە (کۆڕی جێنوشینان – مجلس النواب).
* لە (بەغدا) کرێکاری چاپخانەکان دەستیان لە فەرمان هەڵگرتووە. دەڵێن: تا رۆژانەمان بۆ زۆر نەکەن ناچینەوە سەر فەرمانکردن. فەرمانڕەوایی عێراق خەریکە لەگەڵ خاوەن چاپخانەکان رێکیان بخاتەوە.
* فەرمانڕەوایی عێراق بەڵێنی داوە مووچەی فەرمانبەرەکان زۆرتر بکات.
* لە خاک (لواء)ی کەرکووکدا، باڵبازەکان، بەگەرمی بەدوای گەنم و گەنم کڕدا دەگەڕێن.

## زانستی گشت لایی

«خودا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات!»

لە هەر ناوچەیەکدا تەماشات کرد: فەرمانبەری بەرتیلخۆر و زۆردار و داوێنپیس و جوێنفرۆش زۆر خۆشەویستە و نازی دەگیرێ، دڵنیابە کە خەڵکی ئەو ناوچەیەیش زۆربەیان: بەرتیلخۆر و زۆردار و داوێنپیس و جوێنفرۆشن چونکە بەفەرموودەی پێغەمبەر: خەڵک چۆن بێت، خودا فەرمانڕەوایی وەک خۆی بۆ دەنێرێ. بەکورتی: «خودا تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات». جا ئەگەر خەڵکی ئەم لادێیە دەیانەوێ، خودا فەرمانبەری باشیان بۆ بنێرێ، پێویستە لە پێش هەموو کەسێکدا خۆیان کردەوەی پیاوەتی و جوامێری بگرن. واتا بەرتیل نەخۆن و زۆرداری نەکەن و، داوێنپیس و جوێنفرۆشیش نەبن!.

پێشکەوتنی نەتەوە بەچییەوە بەندە؟

پێشکەوتنی نەتەوەکەمان بەندە بەمانەوە:

١– بەزانینەوە.

٢– بەڕەوشت و خوو و کردەوەی باشەوە.

کە نەتەوەیش (خوداپەرست) بوو، نەک (خۆپەرست) ئەو دووانەی سەرەوەی بۆ دەچێتە سەر.

# باسەڕە

ژمارە: ٢٣

ڕۆژ: ١٩٤٢/١١/١٦

## هەواڵی قادرکەرەم

پۆلی شەش

بەپێی وەرامی (کارگێڕی زانستی کەرکووک)، داخەکەم ئەم ساڵیش پۆلی شەش بۆ خوێندنگای میری قادرکەرەم ناکرێتەوە. ئێمەیش ئامۆژگاری شاگردەکان دەکەین: ئەوی پێی دەکرێ، هێشتا ساڵ زووە خۆی بگەیێنێتە خوێندنگاکانی کەرکووک بۆ خوێندن. ئەوی پێیشی ناکرێ، نووسراوەکانی پۆلی شەش پەیدا بکات و، کۆششیان تێدا بکات تا ئامادە بێ بۆ ساڵی نوێ.

باران

ئیمڕۆ و ئیمشەو بارانێکی باش باری. خودا بکات پەڵە بدات.

خوێندنگای میری قادرکەرەم

دە سرە و دە مێز بۆ خوێندنگای میری قادرکەرەم هاتووە. چەند دینارێک بۆ چاککردنەوە و ئاواکردنەوەی ساختمایی خوێندنگاکە.

تۆوی چێنراو ژمارەنووس دەکرێ

لەسەر فەرمانی میری، لەلادێکەماندا، چەند تۆوی دەغڵودان بۆ ساڵی نوێ چێنراوە، ژمارەنووس دەکرێ.

## پێکەنینی قادرکەرەم

ئەم جارە بۆم مەپاڕێرەوە

مەلا دێی بەهرام بەگ: بەگم خۆت دەیزانی من مەلام! ئایا بەمنیش هەر کیلۆیەک شەکر ڕەوا دەبینی؟.

کارگێڕی قادرکەرەم: لە (١٥) کیلۆ بۆ دێیەکی گەورەی وەک بەهرام بەگ کیلۆیەک وەربگریت کەمە؟... ئەی مانگی پێشوو سێ کیلۆت وەرنەگرت؟.

مەلا: بەڵێ ڕاست دەفەرموویت، سێ کیلۆم وەرگرت. منیش زۆر پاڕامەوە لە خودا کە ڕاوێستاوت بکات.

کارگێڕ: دە ئەم جارەیش کیلۆیەک وەربگرە و بۆیشم مەپاڕێرەوە!



## قسەی سەربەست

خزمایەتی ئەم ڕۆژە لە سەدا نەوەدی پشتی پێ نابەسترێ. چونکی کەمم دیوە پیاوێکی گەورە و بەدەست، دەست بۆ خزمێکی بچووک و بێ دەستی درێژ بکات. هەر بچووک و بێ دەستە، دەستی بۆ گەورە و بەدەست درێژ دەکات.

* خزمایەتییەک کە بۆ مەبەس بێ، درۆیە، زوو هەڵدەوەشێتەوە!
* گەورەیی ئێستا هاتۆتە سەر ئەوەی شەکر و چای هەبێ و، تفەنگی بڕنەو و، پیاوی دز و، ڕاووڕووتکەر.
* میوانداریییەک کە بەپارەی دزێتی و ڕاووڕووتکردنەوە بکرێت، تف لە خۆی و خاوەنی!.
* هەرزانی بێ و گرانی، باری گران هەر بەسەر شانی جووتیارەوەیە!.
* من دەڵێم ئەوەندەی نەماوە (گەورەیی) لەناو بچێ. چونکە ئیمڕۆ هەموو کەس (ئاغایەتی) و (شێخێتی) و (بەگێتی) دەنووسێنێ بەخۆیەوە.

## زانستی گشت لایی

خانووی ژاپۆنییەکان

هەندێک لە ژاپۆنییەکان خانووەکانیان لە مقەببا دروست دەکەن. خاوەن خانوو، حەز بکات، لە تاوێکدا، لە خانووەکەیدا دوو سێ ژوور دروست دەکات، یاخود دوو سێ ژوور دەکات بەژوورێکی گەورە. ئەمەیش بەسایەی ئەوەوە پێکدێت کە دیوارەکان، بەمیل و جەڕ، دەجوولێنرێن و قایم دەکرێن. ئەم خانووانە، بوومەلەرزەکانی ژاپۆنیا کاریان تێ ناکەن. تەنانەت ئەگەر بەهۆی بوومەلەرزەوە لە ناویش بچن، لەبەر هەرزانییان زیانێکی گەورە لە خاوەنەکانیان نادەن.

## بەشی منداڵ

داپیرە کلکە قوڵێم بداتەوە

پیرێژنێک دەبێ، هەموو ئێوارەیەک بزنەکەی دەدۆشێ و شیرەکەی دادەپۆشێ. ڕێوییەکیش پێی فێر دەبێ دەیخواتەوە. داپیرە بەمە دەزانێ. شەوێک لە پەنایەکدا بەتەوراسێکەوە خۆی لێ مات دەدات. کە مام ڕێوی وەک جاران دێت شیرەکە بخواتەوە، تەوراسێک لە کلکی دەدات، دەیپەڕێنێ. ڕێوییەکە دەرباز دەبێت. مام ڕێوی کە دەچێتەوە ناو هاوڕێکانی خۆی، لێی دەکەن بەهەڵڵا، دەڵێن: «های ڕێوی کلکی پەڕاوە»! ڕێوییەکە بەمە زۆر تەریق دەبێتەوە دەچێتەوە لای داپیرە. لێی دەپاڕێتەوە کە کلکەکەی پێوە بنێتەوە. داپیرە دەڵێ: «بچۆ شیرەکەم بۆ بێنەرەوە تا کلکەکەت پێوە بنێمەوە». ڕێوییەکە دەڵێ: «شیرم لە کوێ بوو؟». داپیرە دەڵێ: «بچۆرە لای بزن شیری لێ داوابکە». ڕێوییەکە هەڵدەستێ دەچێتە لای بزن. پێی دەڵێ: «بز شیر دە، بۆ داپیردە داپیر کلکە قوڵێم بداتەوە». بزنەکە دەڵێ: «دار گەڵادە. بۆ بز

ده. بز شیردا. بۆ داپیردا. داپیر کلکه قولێم بداتەوە». دار دەڵێ: «بچۆ ئاوم بۆ بێنە». ڕێوییەکە دەچێتە لای کانی. پێی دەڵێ: «کانی ئاو دە. بۆ دار دە. دار گەڵادا. بۆ بز دا. بز شیر دا. بۆ داپیردا. داپیر کلکە قولێم بداتەوە». کانی دەڵێ: «کیژ بهێنە چۆپیم لەسەر بکەن». ڕێوییەکە دەچێتە لای کیژان پێیان دەڵێ: «کیژ چۆپی کەن. لە کانی کەن. کانی ئاو دە. بۆ دار دە. دار گەڵادا. بۆ بز دا. بز شیر دا. بۆ داپیردا. داپیر کلکە قولێم بداتەوە». کیژەکانیش گوتیان: «بچۆ کەوشمان بۆ بهێنە». ڕێوییەکەیش چووە لای کەوش دروو. پێی گوت: «وەستا کەوش کە. بۆ کیژ کە. کیژ چۆپی کا. لە کانی کا. کانی ئاو دە. بۆ دار دە. دار گەڵادا. بۆ بز دا. بز شیر دا. بۆ داپیردا. داپیر کلکە قولێم بداتەوە». وەستا: «بچۆ هێلکەم بۆ بهێنە». ڕێوییەکەیش چووە لای مریشک پێی گوت: مر هێلکە کە. بۆ وەستاکەوش کە. بۆ کیژ کە. کیژ چۆپی کا. لە کانی کا. کانی ئاو دە. بۆ دار دە. دار گەڵادا. بۆ بز دا. بز شیر دا. بۆ داپیردا. داپیر کلکە قولێم بداتەوە» مریشک گوتی: «بچۆ دانم بۆ بهێنە». ڕێوییەکەیش چووە سەر خەرمان، بەوەرزێری گوت: « خەرمان زۆر بێ و پیتی زۆر بێ». وەرزێریش گەنمی دایە. ئینجا ڕێوییەکە گەنمەکەی برد بۆ مر. مریش هێلکەی بۆ کرد. ئینجا هێلکەکەی لێ وەرگرت و بردی بۆ وەستا. وەستایش کەوشی دایە. کەوشی برد بۆ کیژەکان. کیژەکانیش کەوشەکانیان لە پێ کرد و، لەسەر کانی چۆپییان کرد. ئینجا کانی ئاوی دا بۆ دار. دار گەڵای دا بۆ بز. بز شیری دا بۆ داپیر. داپیریش کلکە قولێی دایەوە بەڕێوییەکە. بەقیر پێوەی نووساندەوە!.

کە ڕێوییەکە چووە ناو هاوڕێکانی، دایانە بەر کلکان. گوتیان: «های! ڕێوی کلکە قیرینەی پێوەیە! های! ڕێوی بۆنی قیری لێ دێ» ڕێوییەکە بەمە زۆر تووڕە بوو. سەری خۆی هەڵگرت و دەرباز بوو. چوو دەستێ بەرگی بووکانەی دزی و لەبەرد کرد. کە هاتەوە ناویان، ڕێوییەکان لێی کۆبوونەوە. لێیان پرسی: «مام ڕێوی! ئەمەت لە کوێ بوو؟».

مام ڕێویش گوتی: «وەرن بتانبەمە سەر گۆمێک کە لەوێم دەرهێناوە!». کە چوونە سەر گۆمەکە ڕێوی یەکەمیان خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەوە شت دەربهێنێ!... بەڵام کەوتە بنی ئاوەکەوە خنکا. بڵقە بڵقێک هات. مام ڕێوی گوتی: «ئەها ڕێوییەکەی هاوڕێتان بانگتان دەکات، دەڵێ: وەرن، شت دەربهێنن...» ڕێوییەکانیش بڕوایان پێ کرد. هەموو خۆیان فڕێدایە ناو ئاوەکەوە بۆ شت دەرهێنان، بەڵام کەوتنە بنەوە و خنکان!. بەم ڕەنگە مام ڕێوی هەموویانی لەناو برد. خۆیشی لە دەستیان ڕزگارکرد. بەڵام زۆری پێ نەچوو کردەوەی خراپی خۆی هاتەوە ڕێی. چونکە هەر لەوێ ترازا و، ڕاوکەرێکی تووش بوو. تانجی تێ بەردا و کوشتی. بەم ڕەنگە مام ڕێوی (دز) و (ناپاک) لەسەر دەستی خودادا سزای خۆی چێشت، کوژرا!... پوختەی ئەم چیرۆکەیش کە کەلکی لێ وەربگریت ئەمەیە هەروەکو بوێژێکمان دەڵێ:

«خودا ڕاستە و ڕاستی لا خۆشە
چەوتی سەرئەنجامی بۆشە!»



## هەواڵی دەرەوە

* ئەڵمانەکان هێشتا نەیانتوانیوە شاری «ستالینگراد» لە ڕووسەکان بگرن.
* ئینگلیزەکان لە مەیدانی شەڕی (لیبیا)دا دیلێکی زۆریان لە ئەڵمانەکان گرتووە.
* لەشکری ئەمریکای یەکدگیر لە خاکەکانی (جەزائیر) و (فارس)دا دابەزیون، پشتیان لە لەشکرەکانی (ئیتاڵیا) و (ئەڵمانیا) گرتووە.
* ئیستگەیەکی ڕادیۆی کوردی لە سلێمانیدا کراوەتەوە.
* ئۆتۆمبیلەکانی خاک (لیواء)ی کەرکووک زۆربەیان خراونەتە ژێر چنگی لەشکری بەریتانیاوە.
* دز و ڕاووڕووتکەر لە دەوروپشتی لادێکەماندا تۆزێک بێدەنگ بوونەتەوە.

## گوزەرانی گوندەکان

دز و درۆزن بۆچی زۆرن؟

لە ڕاستیدا دز و درۆزن ماڵی لادێیی ئەم لادێییەیان کاول کردووە. بەتایبەتی (هۆزی جەباری) لەبەر کرداری دز و ڕاووڕووتکەری ناو خۆیان خەو و خۆراکیان لێ بووە بەژار. هەر ئێستاکە، بەتەنیا (١٤) کەس لە هۆزی جەباری، بەبۆنەی دزێتییەوە، خراونەتە بەندیخانەی قادرکەرەمەوە. لە هەر کامێک جەباری بپرسیت دەڵێ: «دزێتی ماڵی وێران کردووین. پیاوخراپ ژینی لێ بار کردووین. خودا پیاوخراپ بگرێ». کەچی هەر چ کامێکیان ملی دەگریت: ئەگەر دزێک بچێتە ماڵەکەی یاخود دێیەکەی دەیشارێتەوە، داڵدەی دەدات، لەسەری دەکاتەوە، گوناهی بۆ دەپۆشێ، ئاگایی (شەهادەت)ی درۆی بۆ دەدات. تا لە دەست فەرمانڕەوایی و خەڵک ڕزگاری دەکات!.

(کاکەی جەباری)! ئەگەر تۆ خۆت بەپیاو دەزانیت، یاخود بەخوداناس دادەنێیت، پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا بەرەنگاری خراپی پیاوخراپ بکەیت، نەک یاریدەی بدەیت. چونکە یاریدەدانی پیاوی خراپ لە خراپەکردندا کردەوەی پیاوی مەرد نییە. نەخوازەڵا پیاوێک کە بڵێ: «من لە نەوەی پێغەمبەرم و، هۆزەکەیشم پیاوی وەک (سەید محەمەدی جەباری)ی پێ گەیاندووە!».

***

# باسەڕە

ژمارە: (٢٤)

ڕۆژ: ١٩٤٢/١١/٢٣

## هەواڵی قادرکەرەم

گوێزانەوەی کارگێڕ

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، (شاکر فەتاح)، گوێزراوەتەوە بۆ کارگێڕی لادێی خورماڵ. هێشتا نەم زانیوە کێ لە جێگای من دێتە قادرکەرەم. خوا بکا یەکێکی وەها بنێرنە جێگای من کە خەڵکە باشەکەی قادرکەرەم وەک برایانی خۆی تەماشا بکات و، بەگیان و دڵیش بۆ بەرزی و پێشکەوتن و بەختیارییان تێبکۆشێ. بەبۆنەی ئەم گوێزانەوەیەوە، خەڵکە باشەکەی لادێی قادرکەرەم گەلێک دڵتەنگی و ئازاری جوێ بوونەوەیان پیشان دا. گەلێکیشیان لە جێگای دوورەوە فەرموویانە لام بۆ چاوپێکەوتنی دوایی و بەخوا سپاردن. هەندێکیشیان نامەی برایانە و دڵسۆزانەیان ڕەوانە فەرمووبوو. من بۆ بەجێهێنانی سوپاسی تەواو بەرامبەر بەم نەژادی و جوامێری و پیاوەتییانە، سەرم سوڕماوە و، زمانم لاڵ بووە و، دەست و پێنووسم سست بووە. نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک بچووکی و سوپاسگوزاری خۆمیان بۆ بەجێ بهێنم. هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بدەمە پرمەی گریان و، بەچەند فرمێسکێکی گەرم وەرامیان بدەمەوە. ئینجا بەدڵێکی خەمگین و جەرگێکی بریندارەوە و خۆیان و لادێ شیرینەکەیان بەجێ بهێڵم.

بەڕاستی جێی داخە کە تێر لەگەڵیاندا ڕام نەبوارد و، تەواو بەئاواتی خۆم نەگەیشتم و بەکاریان نەهاتم و، نەمتوانی هەرچی پێویست بێ بۆ بەختیاری و ئازادی و پێشکەوتنیان، بەدڵی خۆم و خۆیان بۆیان جێبەجێ بکەم. تەنیا بەجوامێری و پیاوەتی خۆیاندا ڕادەپەرمووم کە لە کەموکورتی ئەم سیانزە مانگەم کە لە ناویاندا ڕامبوارد ببەخشن. هەر ئەوەندەم تکایە کە لە ڕووی نیشتمانپەروەرییەوە نەهێڵن (خوێندنگاکان) و (ڕۆژنامەکە) و (باخچەکە) لەناو بچن و، دەستی بەدکار لەناویان بەرێ.

ئیتر ئەمەندە و تکا لە یەزدانی پاک دەکەم جارێکی تر بەسەرفرازی و ئازادییەوە بتانبینمەوە، برا خۆشەویستەکان.

شاکر فەتاح

برای بچووکتان/ (کارگێڕی لادێی قادرکەرەم)

١٩٤٢/١١/٢٣

## یادگاری قادرکەرەم

«ئەوا، بۆ یادگار، لە خوارەوە نامەی پیاوانەی هەندێک لە خەڵکی لادێی قادرکەرەم دەنووسین، کە بەبۆنەی جیابوونەوەی کارگێڕی لادێی قادرکەرەمەوە نووسیویانە».

(نامەی کاک مارفی شێخ عەبدولکەریم)



بۆ ڕوویەکی مەزن کاکی جوامێر کاک شاکر پێشکەش

هیوای خۆشی و گوشادی دڵمان و، ئاسوودەیی (قادرکەرەم)! بەدڵێکی زۆر توون و تاریکەوە، بەدەس پەلی زەمانەوە، هیوای خۆشیت و سەربەرزیت ئەکەم ناتوانم بۆت بلێم چی لە دڵمدایە و چیم بەسەردا هاتووە، لەو ڕۆژەوەی کە خوێندمەوە کە دوور ئەبینەوە لە یەک. تاکو ئێستا (قادرکەرەم)م بەشاری ئاسوودەیی دەزانی و خۆم بەیەکە بەختیار. چونکی ڕۆژێکی درەوشیدەی پیرۆز لەسەر کەلی (قادرکەرەم) هەڵهاتبوو، بەتیشکی، دڵی برینداری ناکۆکەکانی ناوچەی سارێژ کردبوو. دەشتی وشکی بەرداوی کردبوو بەگوڵزاری بەهەشت. وڵاتی نەزانی و پەستی، کردبووە وڵاتی زانستی و جست و جۆ. خەفەت بۆ ئەو ڕۆژە... خەفەت... بەڵام زۆر لە گومانام کە زۆرتر جەنابت هەوڵت دابێ. چونکە لە بیرم نەچۆتەوە ئەو ڕۆژەی کە فەرمووت: «خەویان دیوە (١٥)ی ڕەمەزان ئەڕۆم». گەردنت ئازاد ناکەین لەم هەموو سزا و تاڵییە. نەء... درۆیە تۆ ناڕۆی لە (قادرکەرەم)!... گوڵەکان دەستنێژی تۆن، نابێ وشک بن... قوتابییەکان کرداری تۆن، نابێ کوڵ و سست ببنەوە... خۆشی و شادی چەمی باسەڕە بەوێنەی تۆوە بوو... وێنەت هەر ئەمێنێ لە چاوی باسەڕەدا، وەک لە چاوی من و هاوڕێکانی ترا!... مێشکم ژەنگن بووە بەدەست خوێندەوارییەوە. ناتوانم خۆم و هاوڕێکان و (قادرکەرەم) و «باخچەی گشت لایی» و «خوێندنگا» و «باسەڕە» بلاوێنمەوە.... بابمێنێ بۆ ڕۆژێکی تر...

کاکە گیان دڵمان لەگەڵ دڵتدایە. تکام وایە دڵت هەر لامان بێ. چونکی هێزی سەرکەوتنمانە... خودا حافیز ئەی لاوی هونەرمەند.

مارف عەبدولکەریم

(پەشۆکاوی هەڵەشە. کەرکووک. شاگردی سانەوی)

١٩٤٢/١١/٢٠

***

نامەی شێخ عەبدولکەریم باوکی کاک مارف

لە سەرۆکانی هۆزی شێخانی

میرم. عەرزی ئیشتیاقم تەقدیم ئەکەم. وە بۆ نەقلی جەنابتان زۆر موتەئەسیرم. ئەمیش لە سوئی تالعی ئێمەوەیە ئەمما ئینشائەڵڵا جەنابتان مووەفەقن. وە لە خزمەت موتەسەڕیف بووم، عەرزم کرد؛ ئێمەت مەحزوون کرد بەنەقلی مودیرەکەمان فەرمووی: خزمەکانی لە سلێمانی ئیلتیماسیان بۆ کردووە. مەعە هازا ئەل خەیر و فیما وەقەع. وە هێشتا نەچووین بۆ بەغدا. وە نایشزانم کەی ئەچم...

ئینشائەڵڵا جەنابتان ئیستیقبالتان باشە. ئیتر عەرزی ئیحتیرام.

لە کەرکوکەوە شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم

***

نامەی شێخ حوسێن کوڕی سەید محەممەدی جەباری

له سەرۆکانی هۆزی جەباری

هێزی دڵم، هیوای ژینم، جەنابی شاکر بەگ

له پێشدا هەر دوو دەستت، بەکۆڵ، ئەگوشم. گەورەم له خەبەری وەحشەت ئەسەری تەحویلی بوونت دنیا و ژینم لێ تاڵە. خوا عالمە لەو ڕۆژەوە وا ئەزانم مردوویەکی زۆر گەورەم مردووە. بەڵام لەگەڵ ئیشی زەمانەدا هیچ ناکرێ. سەد خۆزگە یەکترمان نەدیایە. لەبەر تەئەسورات نازانم هیچ بڵێم. شەو و ڕۆژ جەنابتم فکر ئەکەوێ کوڵی دڵم دانامرێ. ئیتر هیوای بەرزیت لە خودای گەورە ئەکەم. وە چاوی شێرکۆ ماچ ئەکەم ......... نازانم دڵی خۆم بەچی خۆش بکەم. ئاخ لە دەست فیراق و دووری دۆست. خوات لەگەڵ. شێخ سمایل عەرزی ئیحترامی هەیە. بەیانی تەئەسورات ئەکات...

بچووکی موخلیس

حوسێن جەباری

کەرکووک: ١٩٤٢/١١/٢١

***

نامەی جەلال ئاغای زەنگەنە: لە سەرۆکەکانی هۆزی زەنگەنە

بۆ جەنابی میری موحتەرەم. لە تەرەف مەجیدەوە نەقلبوونی جەنابتم بیست بۆ خورماڵ. زۆر عاجز بووم. مەعەل ئەسەف یەک دوو ساڵی تر پێکەوە ڕامان نەبوارد ئینشائەڵلا عاقیبەتی خێرە. وەڵلاهول عەزیم لە هەر کوێ بی بۆ هەموو ئەمرێکت حازرم. ئینشائەڵلا هەموو وەقتێ سیحەحت و موەففەقییەتی جەنابت فەوقول عادەیە. زۆر حەزم کرد بێمە خدمەتت. خوا ئەولادم لێ بستێنێ چاوم بەرایی نادا لەم وەقتەدا کە جەنابت نەقل ئەبێ بێم بۆ لات. قوسوورم عەفوو فەرموو. وە مەفەرموو جەلال بێ وەفایە. چونکو لەمەو پاش چاک و خراپ مەعلووم ئەبێ. باقی سەلامەتی جەنابت لە خودا تەڵەب ئەکەم.

عەبدولکەریم ئاغا زادە/ (جەلال)

لە دێی گەڕاوێ

١٩٤٢/١١/٢٠.

***

لە (تاووق)یشەوە هەروەها جێنوشین (قایمقام) و کارگێڕی دارایی (مودیری ماڵ)، نامەی پێ ناخۆشبوونیان لە جیابوونەوەم نووسیبوو. لەبەر بچووکی ڕۆژنامەکە نەمانتوانی بیاننووسین.

بەرامبەر بەم هەستە بەرز و پیرۆزانە کە ئەو برا گەورانە نواندوویانە بەرامبەر برا بچووکی خۆیان، لە کانگای دڵمەوە نەوازش و سوپاسی بێ ئەندازەم پێشکەش دەکەم. هەر بگەمە (خورماڵ) هەریەکە نامەی خۆشەویستی و برایەتی خۆمیان بۆ دەنێرم خودا لە خۆشەویستی و براگەورەیی هەموویان کەم نەکات ئاواتەخوازیشم لە خودا جارێکی تر بەسەربەرزی و گەورەییەوە بیانبینمەوە.

شاکر فەتاح

١٩٤٢/١١/٢٣



## بۆ برای گیانی بەگیانی قادرکەرەم

خوێندنگاکانی لادێکەمان

* بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری:

خوێندنگای شەوی قەڵامکایل: (مامۆستا مەلا ئەحمەد) و (کاک عەبدولعەزیز)

خوێندنگای شەوی قادرکەرەم: (مامۆستا مەلا عەبدولکەریم) و (کاک بابا ڕەسوول)

خوێندنگای شەوی قەرەچێوار: (کاک حوسێنی شێخ محێدین)

خوێندنگای شەوی قەشقە: (مامۆستا مەلا محەممەد)

هەروەها بۆ ژیاندن و پێخوێندن لەم خوێندنگایانەدا، ئەو برا شیرینانەی لە سەرەوە ناومان بردوون پەیمانیان داوە. لە کانگای دڵمەوە سوپاسیان دەکەم و، لە خودایش دەپاڕێمەوە پشتیوانیان بێ. هەروەها تکا لە خەڵکە باشەکەیش دەکەم یارمەتییان بدەن. لەمانە (خوێندنگای شەوی قادرکەرەم) و (قەڵامکایل) هەر لە هاوینەوە کراونەتەوە. بەسایەی خوداوە شاگردەکانیان فێری گەلێک شت بوون. بۆ هەردووکیان سرە و ڕیحلە و تەختەی ڕەش و چرا و دەفتەر و نووسراو و پێنووس و قاقەزی پێویست لەگەڵ خانووی تایبەتیدا ئامادە کراوە. لە قەڵامکایلدا (شێخ محەممەدی شێخ عەبدولکەریم) لەسەر ئەرکی خۆی لەم ڕۆژانەدا ژوورێکی بۆ خوێندنگاکە دروست کردووە. لە (قادرکەرەم)یشدا (شێخ عەبدولعەزیزی شێخ ئیسماعیل) ژوورێکی ماڵی خۆی بۆ خوێندگاکە تەرخان کردووە. لە (قەشقە)یشدا ژوورێک بۆ خوێندنگاکەیان دروست کراوە. سرە و ڕیحلە و شتومەکی پێویستی تریش بەپارەی قەشقەییەکان و هونەرمەندییان وا لە تەواوبووندایە. ڕەنگە تا پانزە ڕۆژێکی تر لەوێیش دەست بکرێ بەخوێندن. لە گوندی (قەرەچێوار)یشدا ژوورێکی مزگەوتەکەیان دانراوە بکرێ بەخوێندنگا. بەڵام لەوێشدا پانزە ڕۆژێکی تر، لەسەر پەیمانی (شێخ حەسەن)، هەموو کەلوپەلێکی تەواو دەکرێ و دەست دەکرێ بەخوێندن. لە بەهاریشدا ژوورێکی تایبەتی بۆ (خوێندنگای قەرەچێوار) دروست دەکرێ. لە گوندی (وەستا خدر)یش بەهاتنەوەی (شێخ حوسێن)، ژوور و هەموو کەلوپەلێک بۆ خوێندنگاکە تا دوو مانگێکی تر ئامادە و جێبەجێ دەکرێ و دەست دەکرێ بەخوێندن.

* تکایە خەڵکی لادێکەمان دڵنیابن لەوە کە ئەم برایانە پەیمانەکانی خۆیان دەبەنە سەر لەبەر ئەوە لە ڕۆیشتنی من پشتیان سارد نەبێتەوە. چونکە وەک خۆم لێرەبم وەها دەبێ. ساخودا لەگەڵ هەموو لایەکمان بێت.

## ڕۆژنامەی باسەڕە

هەرچەندە ڕۆژنامەکەمان، (باسەڕە)، بەم ژمارەیە تەواو دەبێ، بەڵام (کاک مارف) و (کاک حوسێن)، کوڕانی شێخ عەبدولکەریم، بەڵێنیان داوە کە لە پشووی هاویندا کە هاتنەوە قادرکەرەم، دیسانەوە بیژیێننەوە. خودا بەرخورداریان بکات.

## باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم

بۆ پاراستن و ژیاندنی ئەم باخچەیەیش هەرچەندە نووسیاری لادێکەمان (سالّح ئەفەندی) پەیمانی داوە، بەڵام هەروەها (کاک عەبدولعەزیز ئیسماعیل) و (کاک مارف عەبدولکەریم) و (کاک حوسێن عەبدولکەریم)یش بەڵێنیان داوە کە بۆ مان و ژیانی ئەم باخچەیە هەموو کۆششێک بکەن.

* منیش سوپاسی بێ ئەندازەم پێشکەشی ئەو برا بەڕێزانە دەکەم. لە خودام دەوێ ببێتە پشتیوان و یاریدەدەریان و بەئامانجی پاک و پیرۆزی خۆیان بگەیێنێ.

شاکر فەتاح

کارگێڕی لادێی قادرکەرەم

١٩٤٢/١١/٢٣



## خورماڵ بۆ دووەم جار

لە ساڵی ١٩٤٢دا بۆ دووەم جار کە هاتمەوە خورماڵ زۆرم پێ خۆش بوو. گرانی تەواو داکەوتبوو. فەرمانڕەوایی شەکر و چای بەدەسندە دابەش دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا چونکە هێشتا نەچووبووە شێوەیەکی ڕێکوپێکەوە هەموو کەس شەکر و چای بەرنەدەکەوت. ئەوی بەریشی بکەوتایە بەشی خۆی و خێزانی نەدەکرد. هەندێک لە فەرمانبەرانی خراپ لەلایەکەوە، هەندێک لە شەکر و چافرۆشانی خراپیش لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ هەندێک لە سەرۆک و کوێخا و شێخەکانیش، هەموو پێکەوە دەستیان کردبوو بەڕووتاندنەوەی دانیشتووانی لادێییەکە[١]. دەبوو لەسەرێکەوە بەرەنگاری ئەو دزی و زۆردارییانە بکەم، لەسەرێکی تریشەوە دەبوو تێرای هەموو دانیشتووانی لادێییەکە شەکر و چا پەیدا بکەم. جا ئەم شپڕزەیی و سەرگەردانییە، لەناو هەموو خاکی کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو عێراقدا بڵاوبووبووەوە. ڕەوشت و خووی بڵند و گیانی پاک، لەلای کەم کەس مابووەوە! پارە بووبوو بەسەرداری گشت کەس! لەگەڵ چەند شێخ و کوێخایەکدا بەرەنگاریم کرد. خۆش بەختانە زاڵ بووم بەسەریاندا و تۆڵەی گەلم لێ کردنەوە. یەکێک لە شێخەکانی جنێوی دەدا بەلادێییەکانی گوندەکەی خۆی، دەیگوت: «تۆ لە من شەکر و چا بۆچ دەبڕیت و، دەیدەیت بەو ڕەش و ڕووتانە کە لە تەمەنی خۆیاندا چایییان نەخواردۆتەوە؟!». منیش پێم گوت: «شێخ! بۆیەکا بەشیان دەدەم ئەوانیش وەک تۆ بەئێرانییەکانی بفرۆشنەوە تا ماڵ و منداڵی خۆیانی پێ بەخێو بکەن!»[٢] بۆ گوندەکەی ئەو شێخە، فەرمانڕەوایی (٣٠٠) سێ سەد کیلۆ شەکری بڕیبووەوە. لەو سێ سەد کیلۆ شەکرە (١٠٠) سەد کیلۆی دانابوو بۆ شێخ و دەسوپێوەندی. دوو سەد کیلۆیشی بۆ سێ سەد ماڵەکەی گوندەکە دانابوو! لەگەڵ ئەمەیشدا شێخ دەیویست وەک پێشوو (٦٥) شەست و پێنج کیلۆی تری بدرێتێ!؟... ئەی (دادپەروەری) وا نەبێ بۆچی باشە!؟

سەرۆکێک لە نزیک سنوورەوە داوی نایەوە بۆ شێخێکی ناسراو و بەناوبانگ ڕووتیان کردەوە بەخۆی و دەسوپێوەندییەوە لەناو خاکی (ئێران)دا. هەتا توانیم ئەو شێخە ڕزگار بکەم و، کەلوپەلەکانی بۆ

(١) ئەو کاتەی مامۆستا باسی لێوە دەکات گەرمەی شەڕی جیهانی دووەم بوو، باری ئابووری لە دنیادا شلۆق و لەشیرازە دەرچوو بوو، هەرچەندە عێراق تەرەفێک نەبوو لەو شەڕەدا بەڕاستەوخۆیی، بەڵام مەینەتی شەڕ ئەویشی گرتبۆوە، جا بۆیە لە دابینکردنی خواردەمەنییە سەرەکییەکاندا دەوڵەت (نظام البطاقات)ی بەکاردەهێنا و تەموین بەپێی سەری هەر خێزانێ شەکر و چای دابەش کرد، ئەمە تا جۆرە یەکسانی و دادپەروەرییەک بەرپا بکرێ، بەڵام لە بار و زرووفی ئاوهادا پیادەکردن و هێنانەدی ئەو دوو مەبەستە زۆر مەحاڵ و گرانە، چاوچنۆکی و پارەپەرستی و دزی و دڵڕەقی و بێ ویژدانی جێگای هەموو سیفات و ڕەوشتە بەبەها و جوانەکان دەگرێتەوە، جا مامۆستا وەک سەرۆکی یەکەیەکی ئیداری پاک و دادپەروەر دیارە تووشی گەلێ دەردەسەری و موعانات بووە.

(٢) مامۆستا ڕێک و ڕاست کاکڵەی حەقیقەتی بەو شێخە وتووە، ئەو جۆرە بەدەسەڵاتانە بەهۆی کاربەدەست و مووچەخۆری دەستپیس و بێ ویژدانەوە زۆربەی بەشە خۆراکی خەڵکە داماوەکەیان دەبرد و لەولاوە بەپەنهانی و لە ڕێی قاچاغەوە دەیانفرۆشتەوە.

بسێنمەوە زۆر فەرمانبەر و سەرۆک و چاوبرسی دڵی شکا! شێخەکە ناچار بوو، دیاری و بەرتیل بەزۆر کەس بدات! بەخۆڕایی گەڕ و گێچەڵێکی زۆریش کەوتە ناوەوە، ئەمەندەی نەمابوو ببێتە ئاژاوەیەکی گرنگ!

لەو دەمەدا کە لە خورماڵ جوێ بووبوومەوە، خورماڵ خوێندنگای بۆ کرابووەوە. هەندێک خانووی تریشی تێدا پەیدا بووبوو. لەو دەمەدا سنووری ئێران تێکچووبوو. لە بریتی فەرمانڕەوایی دەبوو کاروباری سنوورمان لەگەڵ بەگزادەکانی کوردی ئێراندا ببڕاندایەوە. لەم ڕووەوە گیروگرفتێکی ئەوتۆم نەهاتە بەر. بەڵکو زۆر شادمان بووم بەوەی کە (کوردی ئێران) و (کوردی عێراق) بەئازادییەوە هاتوچۆی یەکتریان دەکرد و، دەرامەتی کوردستانی هەردوولایش لە پێشکەوتندابوو. ئەم تۆزە ئازادییە کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەستگیری (کوردی عێراق) و (کوردی ئێران) بووبوو، هیوایەکی دەدا بەهەموو کوردێکی دڵسۆز. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٦دا «کۆماری کوردستانی ئێران» یاخود «کۆمەڵە» لەژێر سەرۆکایەتی «پێشەوا قازی محەمەد»دا بەیارمەتی کوردەکانی عێراق و تورکیاوە دامەزرا، کە توانی لە تاکە ساڵێکدا ڕێگای سەد ساڵی پێشکەوتن ببڕێ![١].

شەش مانگێک لە خورماڵدا مامەوە. ویستیان بمکەن بە(یاریدەدەری سەرۆکی دەسگای تەختکردن (تسویة)ی سلێمانی). پێم نەکرا بیکەم. بێ پرسی خۆم. لە پڕ کردیانم بە(فەرمانبەری دەسندەی هەڵەبجە)! لە پێشەوە ئەم فەرمانەم پێ خۆش بوو. چونکە ئەوەی دەگەیاند کە فەرمانڕەوایی بڕوام پێ دەکات و، ماوەیشم دەدات بەدڵی خۆم لە ڕێگای دەسگای دەسندە (تموین)ەوە بەکەڵکی گشت لایەک بێم. بەڵام داخەکەم هەروەکو خوالێخۆشبوو (سەعید قەزاز)، کە ئەو دەمە (یاریدەدەری کارگێڕی گشتیی کاروباری ناوخۆ)[٢] بوو لە بەغدا، پێی لێ نا: «لەبەر سەگ و گورگ و چەقەل، نەمتوانی بەتەواوی بەکاری ناوچەکە بێم!». لە پاش ئەرک و ئازارێکی نۆ مانگی، لە پاش تووشبوونی خەم و خەفەت و زیان و دوو نەخۆشی گرنگ بەهۆی کارەساتی دەسندەی هەڵەبجەوە، لە پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆ و داوای (دەرچوون) کردن لە فەرمانبەری، ڕزگارم بوو. دوایی لە ساڵی ١٩٤٤دا کرام بەجێنوشین (قائیمقام)ی (ڕانیە).

(١) بەداخەوە پیلانە دەرەکییەکان و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان کارێکی وایان کرد کە ئەو کۆمارە کەمتر لە ساڵێک دەوام بکات: ١٩٤٦/١/٢٢ - ١٩٤٦/١٢/١٥، هەرچەندە ڕابەران و پیاوانی ئیداری ئەو کۆمارە بەهەر چوارلادا خەریکی کار و بنیاتنان بوون، بەڵام ئەو ماوە کورتە و قەبارەی پیلانەکانی دوژمن بەربەستێکی گەورە بوون کە (ڕێگای سەد ساڵ پێشکەوتن بڕین) بەجۆرێک لە زیادەڕۆیی دابنرێ و دیارە ئەمەش لە دڵسۆزی و پەرۆشی مامۆستاوەیە.

(٢) واتە: (معاون مدير عام شؤون الداخلية) لە وەزارەتی ناوخۆ.



# ڕانیە

لە هاوینی ١٩٤٤دا گەیشتمە (ڕانیە). ئەو دەمە فەرمانڕەوایی عێراق دەیویست ئەو کەسانە بخاتە سەر فەرمانی گرنگ کە بتوانی ناوەندی فەرمانڕەوایی و نەتەوە خۆش بکەن و، بەچاکی بیهێڵنەوە. لەبەر ئەوە گەلێک کەسی باشیان خستە سەر کاروباری کوردستانی عێراق.[١] گەلێک فەرمانبەری خراپیان دەرکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە (ڕانیە)دا فەرمان بینین گەلێک سەخت بوو، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە (شۆڕشی کورد) بۆ جاری دوایی هەڵگیرسایەوە و،[٢] خەریک بوو گەورەتر بقەومێ لە هی جاران... من ئەم جێنوشینییەم زۆر پێ خۆش بوو. چونکە دەرگایەکی کامەرانی و ئازادی و نیشتمانپەروەری لێ کردمەوە.

ئەوکاتەی گەیشتمە (ڕانیە) هاوین بوو. سەرەک هۆزەکانم هەموو دی. گەڕام ناوچەکەم بەتەواوی پشکنی. ناوچەکە بریتی بوو لە سێ لادێ: (چناران) و (ناو دەشت) و (ڕانیە). بەهەموویان (٣٠,٠٠٠) سی هەزار کەسێکیان تێدابوو، کە هۆزە بەناوبانگەکانیان ئەمانە بوون: (پیران)، (ئاکۆ)، (خۆشناو)، (مەندەمەرە)، (مەنگوڕ). (ڕانیە) خۆی، کە بنکەی ناوچەکە بوو. ئەو کاتە گوندێکی بچووکی سەد ماڵی بوو، زۆر پاشکەوتوو بوو. بەهەموو ناوچەکە پێنج خوێندنگا و پزیشکێک و سێ نەخۆشخانەی هەبوو. هێزی باڵبازیش زۆر کەم بوو. (نەخۆشی و هەژاری و نەخوێندەواری)یش فەرمانڕەوا بوون بەسەر ناوچەکەدا. ئاغاکان هەموو شتێک بوون بۆ خۆیان. یاخود بەواتایەکی ڕاستتر کرابوون بەهەموو شتێک!... هەروەک فەرمانڕەواییان نەدیبێ وا بوو! سەیر ئەوەیە دادگەری

(١) یەکێ لە خاسییەتەکانی حوکمی ئەو سەردەمەی عێراق ئەوەبوو بەپێی دەرفەت دوای هەر تەکانێکی پشێوی و ئاڵۆزییەکی سیاسی ناوخۆ لە هۆکارەکانی دەکۆڵیەوە و تا بۆی دەکرا هەوڵی لابردنی ئەو کەم و کوڕیانەی دەدا کە ڕێگاخۆشکەری ئەو تەنگژەیە بوون. بۆ نموونە دوای هەرا و بەزمەکەی مایسی ١٩٤١ لە بەغدا و دامرکاندنەوەی وەزعەکە حکومەت کۆمەڵێ لەو پیاوانەی لەکار لابرد کە میللەت خۆشیان لێ نەدەهات، هەروا کۆمەڵێکی ئیشکەر و دڵسۆز و دەسپاکی دەهێنایە پێشەوە، هەر بۆ نموونە دوای بڕانەوەی شەڕی جیهانی دووەم و نەمانی ئەم هۆکارانەی کە حکومەت بەبیانوویانەوە گەلێ ئیجرائاتی ستەمکارانەی پیادەکرد، ئەوەبوو لە وەزارەتەکەی ٢٣ شوباتی ١٩٤٦ سێ کەسایەتی نیشتمانی عێراقییان تێ خست: سەعد ساڵح، عەبدولوەهاب مەحموود و عەبدولهادی زاهیر، هەروا حوکمی عورفی لابرا و ڕێگا بەچەند پارتێکی سیاسی درا کە بەئاشکرا کار بکەن. جا ئەوەی مامۆستاش دەیلێ هەر لەو بابەتەیە.

(٢) بارزانیی نەمر لە ١٩٤٣/٧/١٢ دوای دەربەدەرییەکی زۆر بەهۆی حزبی هیوا و چەند کەسایەتییەکی دڵسۆزی سلێمانییەوە توانی دەربازبێ و لە ١٩٤٣/٧/٢٨ گەیشتەوە ناوچەی بارزان و لەوێ بارزانییان و جەنگاوەرانێکی زۆری لە دەور کۆدەبنەوە، هەتا ١١/ ١٠/١٩٤٥ شۆڕشی بارزانی دووەم بەردەوام بوو، لەو نێوانەدا گەلێ داستانی فیداکاری و پاڵەوانانە ڕووی دا: «شانەدەر، خیروزوک، گۆڕەتوو، مەزنە، مەیدان، موریک) لەم نێوانەشدا لەگەڵ حکومەتدا وتوویژ دەکرا (دیارە بەپێی داماویی هێزەکانی حکومەت)، جا باڵی سیاسی شۆڕشی ئەمجارە لیژنەی ئازادی بوو، شۆڕشەکە فراوانتر و ڕێکوپێک بوو لە جاران، هەروا مەودای چالاکیشی فراوانتر بوو... مامۆستا مەبەستی لەمەیە.

(قەڵادزێ) جاروبارێک دەهاتە (ڕانیە) و فەرمانی تێدا دەبینی. کە داوای یارمەتیم لە موتەسەڕیفی هەولێر کرد[1] گوتی: «شۆڕشیش ڕوو بدات، ناتوانم دە باڵبازت بدەمێ. پێویستە لەگەڵیاندا گوزەران بکەیت!؟». هۆزەکان تەواو هەژار بووبوون. گرانی بەیەجگاری دایڕزاندبوون. ئاغاکانیان لەگەڵ بازرگانەکاندا، ڕێککەوتبوون، فەرمانبەرەکانیان بەبەرتیل و دیاری بێدەنگ کردبوو. بەهەردوولا وەک دڕندە بەربوونە گیانی نەتەوە. بەشە شەکر و چایی و کووتاڵەکانیان دەخواردن و بەگران دەیانفرۆشتەوە بەخۆیان و، بەم و بەو[2]!. نرخی کەللەی شەکر گەیشتبووە سێ دینار! نرخی کیلۆیەک چایی گەیشتبووە شەش دینار. نرخی کووتاڵیش هەر بەو چەشنە بەرز بووبووەوە! ناپاکییەکی زۆرداریبەکی یەجگار دڕندانە لە دانیشتووانی بەسەزمانی ناوچەی ڕانیە کرابوو. تەنیا چەند کەسێک لە ئاغا و بازرگان و فەرمانبەران ئەو (٣٠,٠٠٠) کەسەیان دەڕووتاندەوە! خوا و ڕاستان (سەعید قەزاز) کرا بەپارێزگاری هەولێر. پیاوێکی یەجگار باش و دەروون پاک و نیشتمانپەروەرم هاتە پێش چاو. زۆر حەزی بەچاکەی گشتی دەکرد. لەبەر ئەوە هەر هەلێکی دەست بکەوتایە درێخی لە پێشخستنی دانیشتووانی خاکی هەولێر نەدەکرد. چوومە لای هەموو شتێکم تێگەیاند. هەموو شتێکیشم لە بابەت ئازار و ئاواتی ناوچەکەمەوە بۆ نووسی. ئەوەندەی لە دەستی هات یارمەتی دام. ناوچەی ڕانیە کە شەش مانگ بوو هیچی لە شەکر و چایی و کووتاڵ وەرنەگرتبوو، بەهۆی فڕوفێڵی پوول پەرستانی (کۆمپانیای ژووروو - شركة الشمال)[3] و فەرمانبەران و ئاغا و بازرگانە خراپەکانەوە... بەشی خۆی درایێ. تۆڵەی کۆنیشی بۆ کرایەوە. بێجگە لەوە زۆر کەلوپەل و دانەوێڵەیشی بەخۆڕایی بۆ نێررا و بەسەریدا دابەش کرا. هەرچەندە دوژمنانی نەتەوە -کە بریتی بوون لەو سێ دەستەیەی لە سەرەوە ناوم بردن- کەوتنە فڕوفێڵ و چاو و ڕاو و بەرەنگاریکردنی من، بەڵام بەسایەی خودا و ڕۆشنبیریی (سەعید قەزاز)[4]ەوە بەسەریاندا زاڵ بووم. توانیشم دەست و پەنجەی زۆریان ببڕم و نەتەوە لە ڕانیەدا لە دەستیان ڕزگار بکەم.

شەکر و چایی و کووتاڵ زۆر بوو، ماوەم دا ئاغاکانیش هی خۆیان لە بازاڕدا بەئاشکرا بفرۆشن.

(١) ئەو کاتە دەڤەری پشدەر سەر بەلیوای هەولێر بووە.

(٢) ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەم کێشە ئابووری و ئیدارییەی مامۆستا لەو کاتە و لە ڕانیەدا بەرەو ڕووی بۆتەوە، هەر هەمان کێشەکەی ناحیەی خورماڵە کە لەوەبەر باسی لێوە کردبوو.

(٣) ئەو کۆمپانیایە بوو کە ئەرکی هێنان و گەیاندنی بابەتە خۆراکییەکانی تەموینی لە ئەستۆ گرتبوو، کاربەدەستانی لەگەڵ فەرمانبەرە دز و بەرتیلخۆرەکانی میری و بازرگانەکاندا هەموو دەم خەریکی دزینی بەشەخۆراکی خەڵکی بوون، سا بەهەر بڕوبیانوویەک بوایە.

(٤) سەعید مەجید قەزاز: (١٩٠٤ - ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩) لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانییە، گەلێ پیاوی ناسراویان تیا هەڵکەوتووە؛ لە سلێمانی لەدایک بووە و هەر لەوێش خوێندوویە و دوایی لە بەغدا، لە ١٩٣٢ کرایەوە (مدير التحريرات)ی هەولێر، دوایی کراوە بەمدیری ناحیەی تکریت، قایمقامی هەڵەبجە، زاخۆ، لە ١٩٤٤ موتەسەڕیفی هەولێر و دوایی (مفتش إداري) لە وەزارەتی ناوخۆ. لە ١٩٥٠ موتەسەڕیفی موسڵ ئینجا کوت، کەرکووک، لە ١٩٥٣ بووە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، پاش چەند هەفتەیەک بووە=



هەروەها ماوەیشم دا فەرمانبەرانی گومرگیش چاوپۆشی لە بازرگانەکان بکەن بۆ هێنانی شتومەک لە دەرەوەی ناوچەکەوە بۆ ناو ناوچەکە. بەم پێڕەوییە نرخی شتومەک زۆر هاتە خوارەوە. گەلیش ئەوی پارەی هەبوو. بەئاسانی دەیتوانی شەکر و چایی و کووتاڵ بۆ خۆی بکڕێ. بەڵام داخەکەم، پارەدار، لە جووتیارەکاندا زۆر کەم بوو... بەدەستیاو پارەیان وەردەگرت لە بازرگانەکان.

هەر بەم جۆرە زۆرداریی ئاغاکانم لەسەر گوندەکانی (هەقەکان) و (میرزا ڕۆستەم) و گەلێ جێگای تر لابرد. ئاغاکانی (پشدەر) و (ڕانیە) و (کۆیە)، هەموو چاویان بڕیبووە دێیەکانی ڕانیە، دەیانویست داگیریان بکەن لە فەرمانڕەوایی و، لە دانیشتووانی گوندەکان! جاری وا هەبوو دەبوو بەئاژاوە لەناویاندا، لەشکریان لە یەکتری دەکرد. بۆ دزی و کوشتن دەیانناردە سەر یەکتری، دەیانناردە سەر مسکێنەکان!. جاری وا هەبوو، خۆیان دەبردە پێشەوە لای فەرمانڕەوایی، یاخود لای ئینگلیزەکان، بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر یەکتردا، بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر مندا، بەناوی (جێنوشینێکی ڕانیە)وە، کە بەرەنگاریم دەکردن! بەڵام (دادی خودایی)، کە هەموو دەم باوەڕم پێ هەبوو، (دەستووری خودایی) کە هەموو دەم هەوڵم دەدا لەسەری بڕۆم، نەیانهێشت ورە بەربدەم و، لە گیروگرفتەکانی ئەو ئاغایانە بترسم! نەتەوەیش خۆی ئەمەی دەزانی و، بەدزییەوە، بەئاشکرا یارمەتیی دەدام. خۆشبەختانە لەمەیشدا زاڵ بووم بەسەر ئاغا زۆردارەکاندا. نەتەوەیشم بەشادییەوە چاوپێکەوت، لە دەستکەوتنەوەی مافی خۆیدا!

=(مدير موانيء العام)؛ بەڵام دوای ماوەیە بەهۆی دەستخستنە ناو ئیش و کارییەوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی لە کار کێشایەوە، دوایی بووە وەزیری ناوخۆ... سەعید قەزاز وەک کارمەندێکی شارەزا و دەستپاکی ناسراو؛ هەرگیز پێچ و پەنا و ناڕاستی قەبوڵ نەدەکرد ئەگەر لە بەرزتر لە خۆشیەوە بسەپێنرایە. دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گیرا و درایە دادگاکەی مەهداوی، هەڵوێستی مەردانە و چاونەترسی ئەو پیاوە جێگای سەرسوڕمان بوو، زۆر ئازایانە بەرپەرچی ئەو تۆمەتە لاواز و هەڵبەستراونەیەی دەدایەوە و گاڵتەی بەو گەڕەلاوژەیە دەهات، بەر لەوەی بیکەن بەسێدارەدا وتی: «من دەکرێم بەدارا و چەندان کەس کە وان لەبەر پێمدا شایانی ژیان نین». مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا دەڵێ: «... كانت كفائته وعتفه ونزاهته مضرب المثل بين رجال العهد الملكي، كان بامكانه أن يجد طريقه الى خارج الميلاد بسهولة إلاّ ان -قاسماً- الذي يعرفه جيداً طمأنه وأكد له أنه لن يصاب بسوء لوسلم نفسه.
بهذه المناسبة يقول همفري تريفيليان -السفير البريطاني في العراق-في كتابه- الشرق الأوسط في ثورة: ذكر لي حاكم شمالي العراق في السليمانية. يقصد متصرف السليمانية- ان عبدالكريم قاسم استدعاه وطلب منه ان يبلغ زوجة سعيد قزاز بأن حياته في مأمن ولاداعي للقلق، إلاّ أنه نفذ فيه حكم الموت بعدها بأيام... لقد قدمه قاسم ترضية مخجلة في حين لم يكن للمضحي به ما يؤاخذ عليه إلاّ كونه وزير داخلية في حكومة نوري السعيد» (جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم. ج٢، دار نبز للطباعة والنشر، سويد ١٩٨٩ ص ٤٥٢) و (رجال و وقائع في الميزان، مقابلة صحفية مع الأستاذ جرجيس فتح الله أجراه صحيفة خەبات، دار آراس للطباعة، أربيل ص ١٨٤). سەعید قەزاز برازا و زاوای (تۆفیق قەزاز)ە کە کەسایەتی و ناوداری سلێمانییە، تەنیا خوشکێکی هەبوو (ئافتاو خان) دایکی تێکۆشەر کەمالی شێخ غەریب کە ئێستا لە لەندەنە. (هەندێ زانیاری هی مامۆستا کەریم زەندە).

ئەو ماوەیەی لە ڕانیە بووم، بازاڕی تووتن لە برەودابوو. فەرمانڕەوایی بەنرخێکی زۆر گەورە تووتنی لێ دەکڕین... تووتنێکی بێ شومار لە گوندەکانی ڕانیەدا چێنرابوو... تەنانەت لەو گوندانەیشدا کە هەرگیز تووتنیان نەچاندبوو، تووتن دەچێنرا... تەنانەت ئەو کەسانەیش کە هەرگیز ناسیاوییان بەتووتنەوە نەبوو، تووتنیان دەچاند و، دەکڕی و دەفرۆشتەوە!. لە کۆڕی تووتن چاندن و کڕین و فرۆشتنیشدا، ئاغاکان و فەرمانبەران و بازرگانانی خراپ، یەکیان گرتەوە بۆ ڕووتاندنەوەی لادێییەکان و تووتن چێنە هەژارەکان ! ناچار بووم فەرمانبەرە خراپەکان لە ناوچەکە دەربکەم. ئەوەندەیش لە دەستم بێت، چاو بگێڕم بەلیژنەی کڕینی تووتندا. خۆش بەختانە، هەژارەکان حەسانەوە کاروباریان لە پێش ئاغاکاندا ڕاهی دەکرا. نەهێڵرا ناچار بکرێن بەبەرتیلدان!. کەتن و کارەساتێکیش -وەک لە کۆیە و قەڵادزێدا ڕووی دا- لە ڕانیەدا ڕووی نەدا... ناتوانم بڵێم هەموو شتێک بێ بەرتیل و پاداش تەواو بووە. بەڵام دەتوانم بڵێم ئەندازەیەکی یەجگار گەورە، بەرتیل و زۆرداری لە تووتن کڕین و فرۆشتندا، لە ناوچەی ڕانیەدا کەم بووەوە... ئەمە بەس بوو بۆ دڵخۆشی هەمووان، کە بۆڵەبۆڵ لە جووتیار و خاوەن تووتنە هەژارەکانەوە نەبیسترا!.

لە ئاغاکانی ڕانیەدا هی باشیش هەبوو. هەیش بوو هەروەک خراپەی دەکرد، جاروبار چاکەیشی دەکرد. بەڵام ئەوانەی خراپ بوون، کەتنی ناشیرینیان زۆر بەسەردا هات. یان بەر پشم و قینی فەرمانڕەوایی ئینگلیز دەکەوتن، یان ئاغاکانی سوێنخواری خۆیان لێیان هەڵدەگەڕانەوە، یان دەستە دزەکانیان کچیان دەفڕاندن!. بەڵام تاک تاکی وایشیان تێدا هەبوو، بەدزییەوە پیتاکی گەورە گەورەی دەنارد بۆ شۆڕشگێڕەکانی کوردی عێراق و، کوردی ئێران[1]، دەستگیرۆیی هەژارانیشی دەکرد!.

ئەوەی خەفەتی دەدامێ ئەوەبوو: فەرمانڕەوایی ماوەی نەدەدام جەزرەبە بگەیێنم بەو ئاغایانەی پشێوی و ئاژاوەیان دەنایەوە، یاخود سەرکێشییان دەکرد لە فەرمانڕەوایی و دادگاە، لەسەر شتی ناڕەوا و بێ کەلک! زۆر جاری وا هەبوو شەرمەزاری خۆم و دانیشتووانی ناوچەکە دەبووم، لەبەر ئەو کزییەی فەرمانڕەوایی دەینواند بەرامبەر بەو زۆردارانە! دیارە ئاغاکانیش کە زۆربەیان ناشی و نەخوێندەواربوون، شێرگیرتر دەبوون لەسەر خراپەکانیان! شەوێکیان ماڵی منیان دایە بەر تفەنگ و بۆمبا! کە لێم کۆڵییەوە هەندێک فەرمانبەر و باڵباز لەگەڵیاندا بوون!. هەرچەندە کارەساتەکە دەنگی دایەوە، بەڵام من نەمخستە نامەکارییەوە. بەساردییەکەوە وەرم گرت! فەرمانڕەواییم پێوە خەریک نەکرد! بەڵام فەرمانبەرە ناپاکەکانم دەرپەڕاند: ئاغاکانیشم بەجێ هێشت بۆ خوا، کە چەند ساڵێکی پێ نەچوو، زۆریانم بەڕیسوایی و سەرگەردانی و ماڵوێرانییەوە دییەوە!

(١) لە کوردستانی عێراق ئەو ڕۆژە شۆڕشی بارزانی دووەم بەرپا بوو، ئەمجارە تەنیا بارزانییان و هۆزە هاوپەیمانەکانی دی نەبوون، بەڵکو بەرەیەکی بەرفراوانی ئەفسەرە کوردەکان و ڕۆشنبیران و دانیشتووانی شارەکان و هۆز و عەشیرەتەکانی دەرەوەی بازنەی بارزان هاوبەش بوون و شان بەشانیان لە خەباتدا بوون... لەوانە زۆر لە سەرەک عەشایرەکانی پشدەر.
لە کوردستانی ئێرانیش سەرەتای جموجۆڵی بەرپابوونی ڕاپەڕینی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو بەسەرکردەیی شەهید قازی محەمەد کە لە ١٩٤٦دا جەمهوریەتی مەهابادی لێ کەوتەوە.



## هەقەکان

(هەقەکان) دوو سێ گوندێکیان هەبوو لە ناوچەی ڕانیەدا. ئاغاکانی پشدەر چاویان بڕیبووە داگیرکردنی ئەو گوندانە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژدا بۆم دەرکەوت، کە ئەو بەند و باوەی بۆ هەقەکانیان هەڵبەستووە، سەرچاوەکەی لە ئاغاکانی پشدەرەوە بووە! هۆی ئەمەیش نەک تەنیا زەویوزار دەستکەوتن بووە، بەڵکو تۆڵە سەندنەوەیش بووە لە شێخە هەقەکان کە توانیبوویان بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی گوندەکانی ئاغاکانی پشدەر بکەن بەدەستە و دایەرەی خۆیان! سێ جار چوومە ناو هەقەکان. تێکەڵیان بووم. لەگەڵ شێخەکانیشیاندا گفتوگۆم کرد. بۆم دەرکەوت: شێخەکان بێجگە لە هەقەکان، ناهێڵن کەسی تر بچێتە ناو کۆبوونەوەکانیانەوە. هەروەها ئەو شتانەیش کە دەیڵێن بەهەقەکان، لەو کۆبوونەوانەدا، هەقەکان بۆ کەسی بێگانەی ناگێڕنەوە، بام کورد و موسوڵمانیش بێ! (شێخ ڕەزا)ی گەورەکەیان دەیگوت: «ئێمە ئەوسا نوێژ و ڕۆژوو و حەج دەکەین کە کردەوەی خۆمان ڕاست کردبێتەوە. ئەگینا ئێمە ئیسلامین!». هەقەیش لە بنچینەدا لقێکە لە (سۆفیگەریی – تصوف). لە شێوەی ئێستایدا شتێکە، لە شێوەیەکی بچووکدا، وەک «یاسای هاوبەشی – النظام الأشتراكي» وایە. هەر کەسێ هەژار بێ دەستی دەگرن. ناهێڵن کەس لە برسا بمرێ. هەموویانم دی. پاک و خاوێن، بەڵکو ڕازاوە بوون. هەوڵیان دەدا: هەموو لە جلوبەرگدا یەکڕەنگ بن. گەلێک ڕێکوپێک و دڵتەڕم هاتنە پێش چاو. هەریەکە دارێکیان بەدەستەوە بوو، لە باتی چەک هەڵیان دەگرت. (شێخ ڕەزا)[1] هەڵگرتنی چەکی لێ قەدەغە کردبوون، لە ترسی خوێنڕشتن. نزیکی دوو ساڵ لە ڕانیەدا بووم، نەمبیست جارێک شەڕ و شۆڕێک، کوشتن و بڕینێک، دزییەک، ژنهەڵگرتنێک لەناو هەقەکاندا ڕوو بدات! ئەوەندە هەیە دەمدین: بەرەبەرە وازیان لە چاندن و بەرهەمهێنانی زەویوزار دەهێنا. بەرەبەرە کز دەبوون، هەژار دەبوون. شێخەکانیان هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەدەدۆزییەوە کە لە بریتی ئەوە دەرامەت و گوزەرانی پێوە بکەن! هەروەها پرسیم: ڕاستە، کە لە کۆبوونەوەکانیاندا ژن و پیاو، پێکەوە دادەنیشن. ژن و پیاو پێکەوە کۆ دەبنەوە بۆ گوێگرتن لە پەند و ئامۆژگاری شێخەکانیان و، فەرمان و فەرمانەکانیان. هەروەها ڕاستیشە کە لەو کۆبوونەوانەدا ژن و پیاو و خۆیان بەجلوبەرگی جوان دەڕازێننەوە. کە سەرنجم دا ئەم شێخەیش وەک هەموو شێخێکی تری (کوردستان) دیاری لە گوندییەکان وەردەگرێ، بۆ ئەوەی دیوەخانەکەی کە هی هەموو هەقەکانە بەڕێوە ببات[2]! نەمدی: شێخ خەمی خوێندەوارییان بخوات. یان خەمی پیشەسازی و

(١) شێخ ڕەزا: مامە ڕەزا (١٩٠٥ شەدەڵە – ١٩٦١/٢/٢٥ سلێمانی) لە دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە (١٨٩٣ – ١٩٤٢) ئەم بووە شێخی زۆربەی مورید و ناسیاوانی بزووتنەوەکەیان، بەشێکیش لە دەوری (حەمە سوور) لە دێی کلاوقوت گردبوونەوە؛ وەک کەمێکی تر باسی دەکەین.
(٢) ئەم کارە بەبەراوردی ئەمڕۆ شتێکی ڕەوابووە، بەڵام بەمەرجێ بەزۆرداری و خەڵک ناچارکردن نەبێ، مورید و دەروێش بەئارەزووی خۆی دیارییەکی وا کە لە توانایدا بێ بیبات بۆ شێخ، ئەمە شتێکە هەروەک چۆن هیچ گروپ و حزبێکی ئەمڕۆ ناتوانێ بەبێ سەرچاوەیەکی دەرامەت بەردەوامی بەچالاکی و کارەکانی بدات، سا ئەو سەرچاوەیە لە هەر جێیەکەوە بێ.

کرد و کۆششیان بخوات. نەمدی هەقەیەک ڕازی خۆیان بەکەس بڵێت. لەگەڵ ئەمەیشدا (ئایینی هەقە)[1] بەهەموو لایەکی (کوردستانی عێراق)دا، بەتایبەتی بەناو بەشی (سۆران)دا بڵاو ببووەوە!

ئینگلیزەکان و فەرمانڕەوایی عێراق، لە هەقەکان کەوتبوونە مەترسییەوە. وایان تێگەیاندبوون کە هەقەکان لەسەر ئایینی بەشداریی (کۆمۆنیست)ن. لەبەر ئەوە دوو سێ سەرۆکیان لێ دوور خستنەوە بۆ خوار (بەغدا). بەڵام هەقەکان هەموویان، بەخاو و خێزانەوە دوایان کەوتن تا نزیک (کەرکووک). گەلێکیان لێ مرد. گەلێک زیانیان لێ کەوت لە شتومەک و مەڕ و ماڵات فرۆشتنیاندا. نەگەڕانەوە تا فەرمانڕەوایی ناچار بوو، سەرۆکەکانی گێڕانەوە بۆ شارەکانی (کوردستان).

من ئەمەم بەهەل زانی. لە پاش چەندوچوونێکی زۆر، توانیم خوێندنگایەکیان بۆ بسێنم و لە دیوەخانی شێخەکەیاندا بیکەمەوە بۆ منداڵەکانیان. بەڵام تا هەقەکانم هێنایە سەر ڕێ کە بخوێنن و، تا شێخەکانیانم بۆ دەمکوت کرا، کە واز لە تێکدانی خوێندنگاکە بهێنن، زۆر ماندووبووم! ناچار بووم ڕێ نەدەم بەشێخەکانیان بێنەوە جێی خۆیان، لە ترسی ئاژاوەنانەوە و تێکدانی ئەو خوێندنگایە و، تەمەڵکردن و هەژارکردنی ئەو هەقە بەسەزمانانە. هەروەها ناچار بووم هەندێک توندوتیژیش لەگەڵ هەقەکان خۆیاندا بکەم. بەڵام زەویوزارەکان و ئاژەڵەکان و کەلوپەلەکانم وردە وردە، بۆ سەندنەوە لەوانەی بەهەرزان و تاڵان لێیان کڕیبوون!. هەروەها کوێخاکانیشیان کە بەفڕوفێڵی ئاغاکانی پشدەر و فەرمانبەرانی خراپ دامەزرابوون، لە کوێخایەتیم خستن. وام کرد: گوندییەکان لە هەڵبژاردنێکی سەربەستدا، لە هەقەکانی دڵسۆزی خۆیان بکەن بەکوێخا.[2]

(١) ناتوانرێ بزووتنەوەی هەقە بە(ئایین) ناوبرێ، ئەگەر وشەکە بەرامبەر (دین)ی عەرەبی بێت، بەڵام دەتوانرێ بەشێوەیەک لە شێوەکانی (بیروڕا) دانرێ وەیا (مەزهەب) بەمانایەکی تەسکی وشەکە. خۆ وشەی (بزووتنەوە) بەلامەوە زۆر گونجاوترە لێرەدا. هەروا زیادەڕۆییە ئەگەر بڵێین: بەهەموو کوردستاندا بڵاوبوونەوە. چونکە مەوداکەیان تەنیا لە بەشێکی کەمی ڕانیە و کۆیە و ناوچەی سورداشدا بووە.
لە زمانی عەرەبیدا زاراوەکە: (الحق: إصطلاحاً: هو الحكم المطابق للواقع – أي الخارج ونفس الأمر. ويطلق والمذاهب – مذهب حق. ويوصف الله تعالى بالحق وكذا القرآن الكريم، ويقابله الباطل...) بڕوانە: (د. عبدالملك عبدالرحمن السعدي – شرح النسفية في العقيدة الأسلامية. ط١ دار الأنبار، بغداد ١٩٨٨، ص ١٧).

(٢) حەز دەکەم لێرەدا کورتەیەکی چڕوپڕ دەربارەی ئەو بزووتنەوەیە بخەمە بەرچاوی خوێنەری هێژا، بەتایبەت کە مامۆستا زۆر بەڕاگوزاری پێیدا تێپەڕیوە: «بزووتنەوەی هەقە وەک وەچەیەکی ڕێبازی سۆفیەتی دەگەڕێتەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵام دامەزرێنەری جووڵانەوەکە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەیە ١٨٩٣-١٩٤٢ و هەر ئەویش لەو سەردەمەدا ئیرشادی کردووە، مەرکەزەکەشی گوندی شەدەڵە بووە کەوا لە ڕۆژهەڵاتی سورداش؛ لە کۆتایی دۆڵی مێرگە پان لە نێوان شاخی پیرەمەگروون و دابانداییە. شێخ عەبدولکەریم هەر بەڕێبازە ئایینییە ساکارەکەوە نەوەستاوە بەڵکو بایەخێکی تەواویشی بەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی مورید و شوێنکەوتووانیشی داوە، بۆیە شێخانی هەقە لە پێشدا وەک هەر کۆمەڵە شێخێکی تری نەقشبەندی،=



خوێندنگاکە سەری گرت. بەهۆی پیتاک و دیارییەوە منداڵەکان تیژ کرانە سەر خوێندن لە گوندی (کەڵکەسماق)دا. خۆشبەختانە، ئەمە بووە بەنوقڵانە، بۆ دەستکەوتنی دوو خوێندنگای تریش کە لە ناوچەی ڕانیەدا کردمنەوە.

=شێخیەتی و ئیرشادیان دەکرد، تا سەردەمی شێخ عەبدولکەرم، ئیتر وردە وردە (شطحات) وتن دەستی پێکرد و هەندێکیان هاتنە سەر ئەوەی کە: کاتی سەرهەڵدانی -محمد المهدی- هاتووە، لەمەوە بۆ گوێنەدان بەنوێژ و ڕۆژوو، دەستهەڵگرتن لە ئیش و کار و چوونە ناو هەندێ بابەتی فەلسەفی قووڵەوە... خەڵکانێک شوێن ئەمانە کەوتن و ملیان بۆ دەلەقاندن، بۆیە لە دەڤەرەکەدا بە-شێت- ناویان دەبردن! شێخ خۆی ئەمەی بەلاوە قورس بوو، هەتا جارێک دارکاری -حەمەسوور-ی سۆفی دەکات لەسەر ئەوەی دیوەتی: شەرع نەماوە!!... ئیتر ئاوا ناوبانگیان زڕا و بێ ئایینیان کەوتە سەرزاری خەڵکی، بەتایبەتی دوای کۆچی دوایی شێخ و سەردەمی مامە ڕەزا و حەمەسوور کە میریش لێیان بەگومان بوو. بەم جۆرە دەبینین لەناو هەقەدا شتی وای تیادا دەرکەوت کە بەئایینەکە تازە بوو؛ وەک هەڵوێست بەرامبەر ئافرەت و هاوسانی ئابووری و شتی وا... جا لە ١٩٣٤دا حکوومەت شێخی گرت، لەگەڵ ژمارەیەک لە مورید و ناسراوانی، بردینە کەرکووک و حەویجە.
تێکڕا هەقەکانی جلوبەرگیان دڕی و گونێ دەپۆشن و دەچنە کەرکووک بۆ بەردانی شخێ و هاوەڵانی، بۆ ئەوەی بارەکە ئاڵۆزتر نەبێ، حکوومەت شێخ بەردەدات و دەیاننێرێتەوە. دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم هەقەکان دەبنە سێ بەش: بەشێ هەر واز دێنێ، بەشێ دوای سۆفی حەمەسوور دەکەوێ کە دەچێتە گوندی کڵاوقوت لە ناوچەی شوان، زۆربەشیان دەچنە دەوری مامە ڕەزای برای شێخ. حەمەسوور شێخ نییە، ماوەیە لە ماڵی شیخ دارکێش بووە، مسکێنە و وردە وردە بروزی کردووە، ئەسڵ خەڵکی لای ئالان و سیوەیلە، نەخوێندەوار بووە، شیعری لەبەر بووە، دوایی لە کڵاوقوت موڵکی کڕیوە و بۆتە خاوەن موڵک.
هەندێ لە تاقمەکەی لە گوندی قۆمەرغان، قەرانگوێی لای سورداش بوون، ئەمانە سندوقێکی هاوبەشیان دانا، چا خواردنەوەیان تەرک کرد، بەرگی سادەیان دەپۆشی، ڕیشیان دەهێشتەوە... هەتا باو بوو کە حەمەسوور ئیدیعای پێغەمبەرێتی دەکات!! ئافرەتی کەسی لا حەرام نییە! سۆشیالیزم بڵاو دەکاتەوە... سەرەنجام لە ١٩٥٧دا حکوومەت گرتی و درایە دادگا، دوایی لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەرەڵڵاکرا و گەڕایەوە کڵاوقوت.
بەڵام مامە ڕەزا لە ١٩٠٥- کە برای شیخ عەبدولکەریمە- لە شەدەڵە لەدایک بووە، خوێندەوار و شەرعزان بووە، پەیوەندی لەگەڵ سەرداران و گەورە پیاوانی کورددا بووە، کە لە عەمارە دوورخراوەتەوە، میر حاج ئەحمەد، کە یەکێک بووە لە ئەفسەرانی کورد و هەوادارانی بارزانی، دەناسێ و دەبنە برادەر، لەگەڵ کۆماری مەهاباد پەیوەندی بووە و هەندێ لە پیاوانی خۆی دەنێرێ بۆ کۆمەکیان. ئەم دەیویست بزووتنەوەکە لە قاوغە تەسکەکەی دەربێنێ ڕێکی بخاتەوە و شێوەی خەباتێکی کۆمەڵایەتی پێ بدرێ... بەرەو ژیانی هاوبەشی و سەربەستی ئافرەت و دیموکراسێتی لە کۆمەڵدا، جا بەرنامەکەی بریتی بوو لە: برایەتی، هەقپەرستی، گیانی هاوبەشی، ئابوونە، تەگبیر و ڕا، سەربەستی ئافرەت، ڕەوشت و کاروباری ڕێکخستن... لەو ڕۆژگارەی ئەم هەقەیە پەرەی سەند، ١٩٤٣ - ١٩٤٤ لەولاشەوە شۆڕشی بارزانی دووەم بەرپا ببوو، جا حکومەت بەرامبەریان کەوتە مەترسییەوە، لە ١٩٤٤ مامە ڕەزای دوورخستەوە بۆ عەمارە، بەڵام لەژێر فشاری=